
# لاوان

ژماره: ۵۸ - ۵۷

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

۱۳۹٤

بەیاننامە ۲ - ۱۲



کار و چالاکی ۱٤ - ٤۹



وتارەکان ٥۱ - ٦۱

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی لاوان بکەن www.lawan.com

خاوەن ئیمتیاز: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سەرنووسەر: وریا
- بەڕێوەبەری نووسین: ئارەزوو عەزیزی
- نووسەرانی ئەم ژمارە: حەسەن شێخانی، سمایل شەرەفی، مستەفا مەعروفی، ئارەش لۆرستانی، عەلی لەیلاخ
- هاوکارەکانی ژمارە: عومەر باڵەکی، ئاسۆ حەسەن زادە، ناسر باباخانی
- دیزانی ناوەوە و بەرگ: سمکۆ ئەمین سەردەشتی
- تایپ: سیامەند شێخەپوور

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان

**خەڵکی ڕزگاریخواز و نیشتمانپەروەری کوردستان!**

**لاوان و ژنانی ئازا و بەهەڵوێست!**

ئەمڕۆ ٦٩ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری میللی دێموکراتیکی کوردستان لەشاری مەهاباد تێدەپەڕێت، کۆمارێك بەتەمەن ساوا، بەڵام هەتاکوو ئێستاش و نەوەکانی داهاتووش لەهەر چوارپارچەی کوردستان بە بەرهەمەکانی باڵا دەکەن.

هاوڕێیان!

ئەگەر ئاوڕێکی هاکەزایی لە وتارەکانی پێشەوامان قازی محەمەد لە ڕۆژنامەی کوردستان بدەینەوە، بەڕوونی دەردەکەوێت، کەمەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوا لەو کۆمارە، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە. نیشتمان لای کۆماری کوردستان تەنانەت سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبڕێت و لەڕووی خاك بۆ هەموو پارچەکان و لەڕووی خەڵکیش بۆ هەموو مرۆڤێکی کوردی سەر گۆی زەوی بووە.

بەڕێزان!

لەگەڵ کۆماری کوردستان ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن و زانستی کوردیش لەدایك دەبێت، ناسیۆنالیزمێك کە هەرگیز لەپێناو بەرژەوەندی کاتیدا خۆی ناخاتە بازنەی ئایدۆلۆژیاییەکی تایبەتی فیکری، جا ئەگەر بلۆکبەندی ١٩٤٦ی نێوان سۆڤییەت و ڕۆژئاواش بێ. ناسیۆنالیزمی کۆمار لەسەر بنەمای جوغرافیا و مێژوو و کەلتووری هاوبەش دامەزراوە و لەوانەش گرنگتر پێشەوا و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپێچەوانەی زۆر جەریانی سیاسیی هەرگیز تێئۆری ڕاست و چەپ بەسەر جەماوەردا تاقی ناکەنەوە، بەڵکو لەو سەردەمەدا تێئۆری دەوڵەتی کوردی لەسەر بنەمای ویستی مێژوویی هەرچوارپارچەی کوردستان دەکەن بەکردار و یەکەم هەنگاو بۆ دەوڵەت نەتەوە دەهاوێژن، هەربۆیەش ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکراتی کوردستان سەربەرزە بەوەی کە کانگای ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن و تاقیکردنەوەی دەوڵەت نەتەوە لەسەر بنەمای خاك و خەڵکی کوردستان بووە.

ژنان و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئەم سەردەمە ئەوەی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لە تەمەنی کورت دەبێتەوە، ئەخلاقی سیاسییە. کەم نین ئەو هێزانەی لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی و حیزبیدا خۆیان لەگەڵ واقعێکی نەخوازراوی گەلەکەیان دەگونجێنن، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد، ڕەستەیەکی نەگۆڕی خستە ناو قامووسی ئەدەبیات و کرداری سیاسیی، ڕەستەیەك کە سەدان ساڵە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشوێنیدا وێڵە، ئەویش ئەوەیە کە «خوێنی سەرکردە لە هی خەڵکەکەی کە سەرۆکایەتی دەکات سوورتر نییە.» کۆماری کوردستان لەدایکبوونەکەی چەندە گرانبەها بوو، بە نەمانیشی سەد هێندە بەنرختر بوو، چونکە جارێکیتر ئەخلاقی لەگەڵ سیاسەت ئاشتکردەوە و پێشەوامان بەپێچەوانەی ئەوەی لەئازەربایجان ڕوویدا، خۆی فیدای خەڵکەکەی کرد. هەربۆیەش ئێستاش دوای ٦٩ساڵ تاکە شانازی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت هەبوونی کاریزمایەکی ئەخلاقییە، کەنەبوونی یەکجار زۆر واتا دارە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

٦٩ساڵ لەمەوبەر کۆماری کوردستان لەگەڵ هەموو بەها نەتەوەییەکانی، کۆمارێکی دێموکرات بوو. باس لەو هەموو دەستکەوتە فیکری و کلتووری و کۆمەڵایەتی و هونەریانەی کۆمار ناکەین، هەر ئەوەندە دەڵێین کە هەموو کوردستان و بگرە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بەشێك لە ئورووپای شەرقی ئەوکاتیش لەسەر دوو چەمکی «ژن» و «لاوان» قەرزداری کۆماری کوردستانە. ژنان لەکۆماری کوردستاندا مافی خوێندن و بەڕێوەبەریان هەبوو، بەدڵنیاییەوە ئەگەر گەلەکۆمێی دوژمنان ڕێگەیدابا و کۆمار بەردەوامبا، ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا نەتەنیا هەر مافی دەنگدانیان دەبوو، بگرە مافی خۆپاڵاوتن بۆ هەموو پۆستەکانیشیان دەبوو، چونکە لەو ١١مانگەی کۆماردا کارێکی زۆر بۆ خوێندنی ژنان کرا، هەندێك نەریتی کۆنی وەکوو ژن بەژنێ قەدەغەکرا، هاوکاتیش ژنان پەروەردەی سەربازیشیان دەبینی و بۆ بەکردارکردن و بەدواداچوون بۆ ئەوانەش یەکیەتی ژنان دامەزرا، لەو سەردەمەدا ئەوە دەستکەوتێکی جیهانی بۆ یەکسانی جێندەری بوو، چونکە ئەوکات بریتانیا هەر ٢٠ساڵ دەبوو مافی دەنگدانی بەژنان دابوو و هەندێك وڵاتی پێشکەوتووی ئێستا، ئەوکات نەك هەر ڕێکخراو و سەندیکای تایبەت بە ژنانیان نەبوو، بگرە ژنان خۆیان هیچ مافێکی ئەوتۆی ڕۆژانەشیان نەبوو.

لەلایەکی دیکەشەوە دامەزراندنی یەکیەتی لاوان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا زۆر واتادار بوو، واتای بەردەوام لەجووڵەدابوونی کۆمەڵگا و پەروەردەی نەوەی نوێ بۆ داهاتووی گەل و نیشتمان و ئامادەکردنی کادری لاو بۆ ئەوەی لەداهاتوودا خاوەندارێتی کرداری لەکۆمار و دەستکەوتە نەتەوەیی و دێموکراتییەکانی بکەن. ئەو کاریگەرییەی کۆماری کوردستان لەسەر لاوانی کوردستانی دانا، وایکرد کە هەر ئەو لاوانە دوای چەندین ساڵ هەر لەسەر ئەوبنەمایە حیزبی دێموکراتی کوردستان ببوژێننەوە و، بەڵێنیش بدەن کە هەر نەوەکەی جارانی کۆمار و پێشەوان.

هاوڕێیان!

بە وەبیرهێنانەوەی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر کۆتایی بەو پەیامە دەهێنین، ژنان و لاوانی ڕۆژهەڵات دەبێ بەردەوام لەسەر سێ بنەما پەیمانی خۆیان لەگەڵ کۆماری کوردستان نوێ بکەنەوە.

یەکەم: نابێ هەرگیز خەونی پێشەوامان و کۆمار بۆ دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیربکەین، بۆ ئەو ئامانجەش خۆڕێکخستنەوەی لاوان و ژنانی پارێزەر لەناوخۆی وڵات پێویستییەکی مێژوویی و ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

دووەم: ئەو کۆمارە بە یەك حیزبی دێموکرات دامەزرا و واتا ڕاستەقینەکەشی هەر بەو یەکدەنگی و یەك دێموکراتییە مانای دەبێ، دەبێ لاوان و ژنان دوای تێپەڕبوونی ٦٩ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا پێداگر بن لەسەر یەکگرتنەوەی ناوماڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی ئەو سەردەم.

سێیەم: ئەخلاقی سیاسیی بنەمای کۆماری کوردستان و سەرۆکەکەی بوو، هەر بۆیەش نابێ هیچکات و لە هیچ چرکەساتێکدا لەبیری بکەین کە ئێمە درێژەپێدەری کێ و پەروەردەکراوی چ مەکتەبێکین.

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد

بەرز و پیرۆز بی ٢ی ڕێبەندان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢ی ڕێبەندانی ٢٧١٤




# پەیامی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ٨ی مارس

**خەڵکی ڕزگاریخواز و نیشتمانپەروەری کوردستان!**
**ژنانی ئازا و بەهەڵوێست!**

لەکاتێکدا یادی ٨ی مارس دەکەینەوە، کەجیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ژنانی کورد بەقۆناغێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕن،قۆناغێک کەجارێکیتر ئەوەی سەلماندەوە کە ژنانی کورد هاوکات لەگەڵ شەڕ کردن بۆ مافە کۆمەڵایەتیی و یەکسانی ڕەگەزی، لەبەر شوناسی نەتەوەییان دەستدرێژیان دەکرێتەسەر و دەدزرێن و دەکوژرێن.

لەلایەک بەدەیان ژن و کچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندان، و ساڵانەش هەندێک لەوان لەسێدارە دەدرێن. کۆماری ئیسلامی ئێران داعش ئاسا هەموو ئازادییەکی لەژنانی ئێران و کوردستان بەتایبەت قەدەغە کردووە، و یاساکانی ئێرانیش هیچ حیسابێك بۆ ژنان ناکات، و لەگەڵ ئەوانەش کچان و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات بەڕادەی پیاوان و بگرە زۆرتریش زوڵمی سیاسیی و کلتووری و هونەریان لێدەکرێ.

لەباشووری کوردستانیش ئەمساڵ ژینۆساید و کارەساتێکی مرۆی بەسەر ژنان و کچانی کوردانی ئیزەدی هات، کارەساتێک کە ڕەنگە لەمێژوودا وێنەی نەبینرابێ، لەشەنگال هێزەکانی تاریکی بەناوی ئایینەوە سەدان ژنی ئیزەدیان ڕفاند، و بەسەری موجاهیدانی تاریکیدا دابەش کران، هەندێکیان کوژران و هەندێکیشیان فرۆشران. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بەدەیان هەزار ژنی کورد بەهۆی هەبوونی داعش و شەڕی ناوخۆی سوریا ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون،وبەخراپترین بارودۆخدا تێدەپەڕن. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەش ئەمجارەش ژنانی کورد هاوتەریب لەگەڵ شەڕ بۆ گەیشتن بەیەکسانی لەگەڵ پیاوان، لەمەیدانی بەرگری لە خاك و ناسنامەی کوردایەتیش ڕووسوور بوون، ژنانی کۆبانی جیهانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کرد، و قۆناغێکی دیکەیان بە قۆناغەکانی خەباتی رزگاری ژنانی جیهان زیاد کرد، کچانی چەك لە ملی کۆبانی ناسنامەی ڕاستەقینەی ژنانی کورد بوون، کە وەکوو کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشان لەگەڵ پیاوان شەڕی پاراستنی شوناس و ڕزگاری نەتەوەیی دەکەن، و دوای ئەوەش داوای نیوەی دەستکەوتەکان دەکەن.

چارەنووسی ژنانی کورد ئاوایە کەدەبێ بەردەوام شەڕی یەکسانی ڕەگەزی خۆیان بخەنە دوای شەڕی پاراستنی خاك و نیشتمان، بەڵام ئەو ژنانەی هاوشانی پیاوان چەك لە مل دەکەن و نەتەوەکەیان دەپارێزن، و ئەو کچانەی بەهۆی کوردبوونیان دەدزرێن و دەفرۆشرێن، و خۆیان نادۆڕێنن و واز لەکوردایەتی و ناسنامەیان ناهێنن، ئەوانە لەقۆناغی سەقامگیریدا هەرگیز بەکەمتر لەمافی خۆیان ڕازی نابن، و کۆمەڵگا و ڕەگەزی بەرامبەریشیان زاتی ئەوە ناکەن، پێشنیاری مافی کەمتر بەو شێرە ژنانە بکەن.

هەر بۆیەش ٨ی مارس لەو ژن و کچە پێشمەرگانە پیرۆز بێ، کە گۆڕەپانی سیاسیی و چەکداری بۆ پیاوان چۆڵ ناکەن، بۆ ئەوەی لەئەرکەکاندا هاوبەش بن و بەمافی کەمیش ڕازی نەبن.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
٨ی مارسی ٢٠١٥




# پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ساڵی نوێی ٢٧١٥

**خەڵکی بەشەرەف و نیشتمان پارێزی کوردستان**
**لاوانی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

ئەمساڵ لەکاتێکدا بەرەو نەورۆز دەچین کە نەتەوەکەمان لەهەموو لایەکەوە لەلایەن زوحاکەکانی سەردەم گەمارۆ دراوەتەوە و هێزە داعش سیفەتەکانی ناوچە بۆسییەیان بۆ نەتەوەکەمان ناوەتەوە، بەڵام دڵنیا بن کورد وەکوو چۆن لەقۆناغەکانی پێشوودا سەربەرز هاتۆتە دەر، ئەمجارەش سەردەکەوێ.

لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

نەورۆز، سیمبوولی نوێبوونەوەی سرووشت و هاتنەوەی ساڵێکی نوێیە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش لەگەڵ ساڵی نوێ، دەبێ چاوەڕێی ڕووداوی نوێ و هاوکێشەی نوێ بکەین، هەربۆیە ئێوەی لاوانی نەبەز دەبێ لەسەر هێڵ بن. لەلایەك کەمتر لەسێ مانگی بۆ کۆتایی هێنان بەدانووستاندنەکانی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك ماوە کە لەئەگەری هەر دەرەنجامێکی نێگەتیڤ ئێوەی لاوانی ڕۆژهەڵات لەناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات، دەبێ دژکردەوەی خۆتان هەبێ. ئەگەر دانووستاندنەکان لەبەرژەوەندی ئێران کۆتاییان پێهات، لاوانی ڕۆژهەڵات دەبێ ناوەندە جیهانییەکانی بڕیاردان تێبگەیەنن کە پرسی مافی مرۆڤ و ئەو زوڵمەی لەنەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت کورد دەکرێ، زۆر لە چەکە ئەتۆمییەکەی کۆماری سێدارە پیسترە. هاوکات ئەگەریش دەرەنجامی دانووستاندنەکان بەئاراستەی قووڵتربوونی ناکۆکییەکان بوو، دەبێ ئەمجارەیان بەبێ دوودڵی و محافزەکاری، لەگەڵ ئەو وڵات و بیرۆکانەدا یەكبگرین کە دژایەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئێران دەکەن.

لاوانی سەربەرزی کوردستان!

هاوکێشە و گۆڕانکارییەکانی ناوچە بەشێوەیەکە کە دەبێ بۆ هەموو ئەگەرێك خۆمان ئامادە بکەین، هەبوونی هێزێکی توندڕەوی پڕچەك و دژە سەفەوی و دژە شیعەی وەکوو داعش لەسەر سنوورەکانی ئێران ئاماژەیەکی ڕوونی پلانی ناوچەییە لەبەرامبەر ئێراندا، لاوانی ڕۆژهەڵات دەبێ لەساڵی نوێدا لە یەك کاتدا شەڕی داعشی سوونە و داعشی شیعەی ئێرانی بکەن. لاوانی ڕۆژهەڵات باش دەزانن کە ماهییەتی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئێمە ماهییەتێکی سێکولارە و ڕێز لەهەموو ئایین و مەزهەبێك دەگرێت، بەڵام سیاسەتیان لەسەر داناڕێژێت، هەربۆیە نابێ لەگەڵ هاتنی شەپۆلی شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوونە کە لەساڵی نوێدا ڕەنگە کارەساتی گەورە بخوڵقێنێت، بەشێك لەو مرۆڤ کوژییە کارەساتبارە بین. دڵنیایین کە نەتەوەی کورد هەروا بووە و هەر واش دەبێ.

هاوڕێیان!

هەمووتان بەرپرسن لەوەی لەگەڵ نوێ بوونەوەی ساڵی نوێ هەموو کایەکانی ژیانتان نوێ بکەنەوە، دەبێ لەناوخۆی ڕۆژهەڵات وەکوو پارێزەری ڕۆژهەڵات دژی ئەو کەسانە بوەستنەوە کە ماددەی هۆشبەر بە شێوازی سیستماتیك بڵاو دەکەنەوە و لاوانیش لەمەترسییەکانی ئەو ماددانە ئاگادار بکەنەوە. دەبێ لە هەموو دەرفەتێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی و هونەری و هەموو بۆنەیەك بۆ گەیاندنی دەنگتان کەڵك وەربگرن. ئێوەی لاو هەوێنی گۆڕانکارییەکانن، و دەبێ لەئاست بەرپرسیارییەتەکانتان دەربکەون.
دڵنیا بن ساڵێکی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکاری نوێ بەڕێوەیە و وەکوو هەمیشە دەبێ ئامادە و لەسەرپێ بن بۆ ئەوەی ئەمساڵ ساڵی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و دڵنیاین کە بە پشتیوانی لاوان و دڵقایمی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات لەهاوکێشەکانی ناوچەدا پشکی ڕەوای خۆمان وەردەگرین.

**نەورۆز و ساڵی نوێی کوردیتان پیرۆز بێ**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**هەیئەتی ئیجرایی**
**٢٧١٥/٠١/٠١**
**٢٠١٥/٠٣/٢١**

# بەیاننامە بەبۆنەی دیاری کردنی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەڵکی بەشەرەف و نیشتمان پەروەری کوردستان!
لاوانی خۆڕاگری ڕۆژهەڵات
ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای دەستپێکردنی قۆناغی تازەی تێکۆشانی خۆی لە گەلاوێژی ۱۳۷۸ی هەتاویدا کە سەرەتای وەرزێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافەکانی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەردەوام بۆ ساغ کردنەوەی ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتی لاوان کە لە مێژووی ئەو ڕێکخراوەدا بە ناڕوونی ماوەتەوە و باسی لێوە کراوە، لە هەوڵدا بووە.

لە بڕیارنامەی کۆنگرەی یەکەم لە بەفرانباری ۱۳۷۹ی هەتاویدا ئەو ئەرکە خرایە سەر شانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی هەڵبژێراوی ئەم کۆنگرەیە کە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان ساغ بکاتەوە و مێژووی ئەو ڕێکخراوە بە جۆرێك بنووسێتەوە کە نەسلەکانی دواتر باش ئاگاداری کار و کردەوەکانی یەکیەتییەکەیان بن. کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی ئەو کات هەیئەتێکی بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە دیاری کرد و ڕایسپارد کە لەم پێوەندی‌یەدا کار بکا و زانیاریی بە لگەمەند بدۆزێتەوە.

سەرەنجام لە مانگی گەلاوێژی ۱۳۸٤ی هەتاویدا بۆ یەکەم جار توانرا لە کاتی کۆنگرەی سێهەمدا کورتە فیلمێکی دێکومێنتاری لەسەر مێژووی یەکیەتیی لاوان نیشان بدرێ و بە دوای ئەوەش‌دا ئەم هەوڵانە هەر بەردەوام بوون. بەخۆشحاڵییەوە پاش ساڵانێکی زۆر و چاوەڕوانیی ئۆگران و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان بۆ دۆزینەوەی ڕۆژ و ساڵی دامەزرانی ئەو یەکیەتی‌یە، هەوڵ و ماندووبوونی ئەوکەسانەی ساڵانێك بوو خەریکی گەڕان بە دوای سەرچاوە مێژوویی‌یەکانەوە بوون، بە ئاکام گەیشت و ئەم هەیئەتە بە ڕاوێژ لە گەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و ئاشنا لە گەڵ مێژووی کورد و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پێی سەرچاوە مێژوویی‌یەکان، ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشی لاوان کردەوە.
کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕاوێژ لە گەڵ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو ئاکامە گەیشت کە ڕێکخراوی لاوان لە مانگی خاکەلێوەی ۱۳۲۲ی هەتاوی بەهەوڵ و کاریگەریی کۆمەڵێك لاوی تێکۆشەر و ئازادیخوازی وەك غەنی بلووریان، میرزا خوسرەوی، عەلی مەولەوی، ئەحمەد ساڵحیان، عەزیز فەرهادی و هێندێك لاوی بە بیرو باوەڕی دیکەی شاری مەهاباد بە ناوی (سازمانی جەوانانی کورد) دەستی بە کار و تێکۆشان کردوە. لەبەر ئەوەش کە نەمان توانی ڕۆژی دامەزرانەکە بەوردی بدۆزینەوە بڕیارماندا ڕۆژی ۲۲ی خاکەلێوە بکەینە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتییەکەمان.
تێکۆشانی سازمانی جەوانانی کورد پەیوەست بوو بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و دواتر بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لاوان وەك پشتیوانێکی هەمیشەیی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەوری حیزب کۆ بوونەوە و لاوی کورد لە گەڵ دوو چەمکی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی‌دا ئاشنا بوون.
بەپێی بەڵگەنامەکان ناوی سازمانی جەوانان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا گۆڕاوە بە « اتحادیيەی جەوانانی دێموکراتی کوردستان» و بەرە بەرە لە سەرتاسەری کوردستاندا شکڵی گرتوە و بە شێوەیەکی ڕەسمی لە دام و دەزگا ئیداری‌یەکاندا لاوان نەقشیان گێڕاوە و عەلی خوسرەوی ئەو کات وەك لاوێکی بەتوانا بۆتە بەرپرسی بەشی تەبلیغاتی کۆمار و مەسئوولییەتی ڕادیۆی پێ سپێردراوە و گۆڤار و ڕۆژنامەی هاواری نیشتیمان بوونە ئۆرگان و زمانحاڵی ئەم یەکیەتی‌یە. بەم جۆرە یەکیەتیی لاوان بۆتە نوێنگەی ئیرادەی لاوانی کورد و وەك یەکەم قوتابخانە بۆ پەروەردەی لاوان لە بواری سینفی و نەتەوەیی‌دا ئەندامان و لایەنگرانی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە.


ڕێبوارانی ڕێگای ئەم سازمانە بە دوای چەندین قۆناغ لە تێکۆشاندا و لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا درێژە بە خەباتی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن و ئێستاش پاش تێپەڕینی ٧٢ساڵ بە سەر دامەزرانی سازمانی جەوانانی کورددا، ڕێبواران و میراتگرانی ئەم بیر و باوەڕە بۆ نەهادینە کردن و گەشە سەندنی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی لە کۆمەڵگادا درێژە بە خەبات دەدەن.

خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!
ڕێکخراوە و کۆمەڵەکانی تایبەت بە لاوان!
ئێمە وەکوو کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی ئەم یەکیەتییە دەکەین و بە پێزانینەوە دەڕوانینە خەباتی ئەو کەسانە کە بۆ ئەم یەکیەتییە هەوڵیان داوە و ڕۆژێك لە ڕۆژان لە نێو ئەم یەکیەتییەدا ئەرکیان بەڕێوە بردووە و پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژە بە خەبات دەدەین.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی لاوان
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو کەسانەی لەم ڕێگەیەدا ئەرکیان بەڕێوە بردووە و لە سەر ئەم یەکیەتییە سەریان ناوەتەوە و چوونە نێو کاروانی نەمرانی کوردستانەوە
سڵاو لەو تێکۆشەرانەش کە تا ئێستا ئاڵاکەیان بە شەکاوەیی ڕاگرتووە و بۆ پاراستنی تێدەکۆشن

بەرزو پیرۆز بێ یادی ٧٢ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٣٩٤/٠١/٢٢
٢٠١٥/٠٤/١١




# پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی جێژنی ٧٢ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لاوانی سەربەرزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
ئامادەبووانی خۆشەویست!

ئەمڕۆ یادی ٧٢ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە، ڕەنگە لەم یەکەم یادەدا پێویست بێ جارێکیتر دووپاتی ئەو پرۆسەیە بکەینەوە کە ئێمەی لە یەکیەتیی لاوان بەو قەناعەتە گەیاند یەکەم چرکەساتەکانی لەدایکبوونی یەکیەتیی لاوان لەخاکەلێوەی١٣٢٢دا بووە. ئەو مێژووە پرسیار و گریمانەی زۆری لەسەر بوو، هەربۆیەش با لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاوەنی ڕاستەقینەی یەکیەتییەکەیان دڵنیا بن کە هەموو لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر دیاری کردنی ئەم ڕۆژە کردوە و ڕاوێژی تەواومان لەگەڵ دەفتەری سیاسیی و تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردووە، هەربۆیەش دووپاتی بەشێک لە بەڵگەکان دەکەینەوە.

لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٢ی هەتاوی بەهەوڵ و کاریگەریی کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەر و ئازادیخوازی وەک غەنی بلووریان، میرزای خوسرەوی، عەلی مەولەوی ، ئەحمەد ساڵحیان، عەزیز فەرهادی و پۆلێک لاوی بە بیرو باوەڕی دیکەی شاری مەهاباد، یەکیەتییەکەمانیان بە ناوی (سازمانی جەوانانی کورد) دامەزراند و دەستیان بە کار و تێکۆشان کردوە، پاشان تێکۆشانی سازمانی جەوانانی کورد پەیوەست بوو بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و دواتر بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لاوان وەک پشتیوانێکی هەمیشەیی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەوری حیزب کۆ بوونەوە و لاوانی کورد لە گەڵ دوو چەمکی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی ئاشنا بوون.

هاوڕێیان!
لەدایکبوونی سازمانی جەوانان یان یەکیەتیی لاوانی ئێستا، زەروورەتێکی مێژوویی و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتێکی نەتەوەیی وکۆمەڵایەتیی بوو، لاوانی ڕۆژهەڵات ئەوکات هەستیان بەدوا گۆڕانکارییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی و شڵەژانی ناوچەکە کردبوو، لە لایەک دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەی موکریان نەمابوو و هاوکاتیش دوو بەرەی ڕاست و چەپی جیهانی سەرقاڵی کەرتکردنی ناوچەکە بوون، لەو کاتە هەستیارەدا ڕێکخراوێک لەدایک دەبێ کەدواتر دەبێتە هێزێکی مرۆیی کاریگەر بۆ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری میللی دێموکراتیکی کوردستان. هەربۆیەش سەیرنییە کە یەکیەتیی لاوان بەشێک بێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەگەرچی ئەوە مانای ئەوە نییە کە ڕێکخراوەکان نابێ لەهەڵسوکەوتدا سەربەخۆ بن، بەڵام سەرچاوەی مرۆیی و فیکری ئەو ڕێکخراوەیە بەشانازییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان و فەلسەفەی سیاسیی پێشەوامان قازی محەممەدە.

لاوان و خەباتگێرانی ڕۆژهەڵات!
ئامادەبووانی بەڕێز!
یەکیەتیی لاوان هێزێکی مرۆیی گەورەی بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوە، بەشێکی بەرچاو لە سەرکردەکانی حیزبی دێموکرات لە یەکیەتیی لاوانەوە پێگەیشتوون، هەربۆیەش بەمافی خۆمانی دەزانین وەکوو لاو، نەك هەر بەشداری ڕاستەوخۆی بڕیارە چارەنووسسازەکان بین، بەڵکو دەبێ پێگەیەکی تایبەت لەپارێزگاریکردنی ڕۆژهەڵاتمان بۆ دیاری بکرێ بۆ ئەوەی هەستە بزوێنەرەکەی لاوانی ڕۆژهەڵات تێکەڵ بە ئانارشیستییەت نەکرێت و دواتر بەرهەمەکەی نەکەوێتە جوگرافیاییەکی دیکەی کوردستان. ئەگەرچی پێمانوایە کە کوردستان لە ئاکامدا یەکپارچەیە و چارەنووسی کوردەکان یەکە، بەڵام ڕۆژهەڵات هەنگاوی بە پەلە و کاریگەری پێویستە و بەدڵنیاییەوە لاوان دەتوانن پارێزەرە ڕاستەقینەکەی ڕۆژهەڵات بن و لەسەر بنەمای فیکریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوامان، پارێزگاری لە خاك و کەرامەت و داهاتووی لاوانی ڕۆژهەڵات بکەن.
هەلوومەرجی ئێستای ناوچەکە و کاریگەریی ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان لەسەر کوردستان، قۆناغێکی نوێی بۆ هێزە خەباتکارەکان هێناوەتە پێش کە پێویستە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، هێز و لایەنەکان بەرپرسیارانە لەگەڵ دۆخەکە مامەڵە بکەن و بەرگریکاری کورد و کوردستان بن. هەر لەم سۆنگەیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دیرایەتی حیزبی دێموکرات و پشتیوانی لاوان، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان و داکۆکی لە نەتەوەکەمان هێزی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات دامەزراوە. لەم قۆناغەدا ئەرکی ئێمە وەك یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جاران قورسترە و یەکیەتیی لاوان بە تێکۆشانی بێ وچان، لە ڕۆژهەڵات بە ڕێکخستن دەکات و بەڵێنی نەسرەوتن تا سەرکەوتنمان لەگەڵ خاك و خەڵکی کوردستان، بێ گوێدانە ئەو هێڵانەی کە داگیرکەران ناویان ناوە سنوور، دەبەینە سەر و سنوورە دەستکردەکان و مامەڵەی داگیرکەران لەسەر خاکی کوردستان و دروست کردنی بەربەست، کاریگەرییان لەسەر چالاکییەکانمان نابێ و لاوانی ڕۆژهەڵات دڵنیا دەکەینەوە لە ئیلام و کرماشان و سنە و مەهاباد و ورمێ یەکتر دەبینینەوە.

لاوانی چوارپارچەی کوردستان!
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگی حیزبی دێموکرات، باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوە هەیە و لەسەر ئەرزی واقعیشدا پێشەوا قازی محەممەد هەنگاوی بۆ هەڵێنا کە بەداخەوە بەرژەوەندی زلهێزەکان، دەوڵەتە کوردییەکەی کوردستانی هەڵوەشاند، بەڵام درەنگ یان زوو دەوڵەت نەتەوە لەسەر بنەمای دوو چەمکی سەرەکی خاك و خەڵك دروست دەبێ و دەبێ دروستیش بێ. هەر بۆیە وەکوو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جگە لەوەی باوەڕی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی کورد و کوردستان بە مەترسی دەزانین و بەرپەرچی دەدەینەوە، بیرۆکەی دژایەتیکردنی دەوڵەت-نەتەوەش کە بەداخەوە لەلایەن هەندێ هێزی خۆماڵی بانگەشەی بۆ دەکرێ، بە مەترسییەکی سەرەکی دەزانین و ئەرکی سەرشانی لاوانی کوردە ڕێگە بە هیچ هێزو لایەنێکی خۆماڵی نەدەن کە سیاسەت بەکوردایەتی بکەن و دواتر ئایدیۆلۆژیای خۆیان جێبەجێ بکەن.

هاوڕێیان!
هەرماوە بڵێین کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دژایەتیکردن یان بۆ خۆ جیاکردنەوەی لە یەکیەتییەکانی دیکەی لاوانی ڕۆژهەڵات، ٢٢ی خاکەلێوەی نەکردوتە ساڵرۆژی دامەزراندنی خۆی، بەڵکو تەنیا بۆ ڕێزگرتن لەماندوو بوونی ئەو کەسانەی کە ئەو ڕێکخراوەیان دامەزراند و هاوکات بۆ ملکەچ بوون بۆ ڕاستییەکانی مێژوو ئەو بڕیارەمان بەپشتیوانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوە، هەر بۆیەش سیاسی دەفتەری سیاسی حیزب دەکەین کە متمانەیان بەئێمە کرد و لە دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژەدا پشتیوانمان بوون. هاوکات سپاسی بەڕێوەبەرانی پێشووی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆستان و دڵسۆزانی ڕێکخراوەکەمان دەکەین کە لە ڕاستیدا ئەوان دەستیان پێکرد و ئێمەش بەشانازییەوە بەئەنجاممان گەیاند.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی

# ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە سەرهەڵدانی لاوانی ڕۆژهەڵات

خەڵکی نیشتمان پارێزی کوردستان!
لاوان و ژنانی ئازا و بە هەڵوێست!
دوای ئەوەی لەهۆتێلێکی شاری مەهاباد کیژێکی کورد بەهۆی پیلانگێڕی و زات پیسی دار و دەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژرا و پارێزگاری لە کەرامەت و داوێن پاکی خۆی کرد، خەڵکی شاری مەهاباد وەکوو هەمیشە ڕاپەڕین و خۆیان لە فەرینازی جوانەمەرگ و کەرامەتی، کردە خاوەن.
دوێنێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەمەهابادی قازیدا ڕاپەڕینێک دەستی پێکرد، کە لە زۆر ڕوووەوە بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە. لە نارەزاییەتییەکانی شاری مەهابادا لاوان دەوری پێشەنگ و پێشڕەویان هەبوو، هەر بۆیەش لە زۆر ڕوووەوە پەیام و ئاماژەی گرنگ بە نوخبەی سیاسیی و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەدات. لاوانی ڕۆژهەڵات وریان و بە تێڕوانینێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە لە ڕووداوەکانی دەورووبەریان دەڕوانن، ئێمە وەکوو یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام وتوومانە کە خاك و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنەمای فیکری و تێکۆشانمانە، ئەمجارەش لاوان دووپاتیان کردەوە کە وەکوو چۆن لە ناو ئەو سیستەمە زاڵمەدا ئەرکی نیشتمانی خۆیان نیسبەت بەخاك لەبیر نەکردووە و ژینگەی خاکەکەیان دەپارێزن، هاوکات ئامادەن لەهەموو حاڵەتێکدا کەرامەتی خەڵکەکەشی بپارێزن، و لە هەمبەر کوشتنی لاوان بەدەستی دارودەستە خۆفرۆش و خائینان بە کوردستان بێدەنگ نابن. دەستی بەهیممەتتان دەکوشین و کڕنۆش بۆ ورە و نەبەزیتان دەبەین.
لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
ئێوە لەو ماوەیەدا چەندین جار دووپاتتان کردەوە کە بۆ هەموو ئەگەرێك بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش ئامادەن، چەندین جار بەگوێتان دادابن کە هەوێنی دەستپێکی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات ئامادەیە، زۆریش کوردستانیبوونتان لەپرسەکانی شەنگال و کۆبانی دووپاتکردەوە. ئێوەی لاوانی ڕۆژهەڵات شێلگیرانە هەنگاوتان ناو و نەوەستان و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتتان لە ناوخۆ پێکهێنا و هەر زوو بەڵێنی ئەوەتان بەخەڵکی ڕۆژهەڵاتتدا کە چیتر قبووڵی هیچ بێڕێزی و بێحورمەتی و پیلانگێڕی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکەن، بەحەقیش دوێنێ لەمەهاباد هەنگاوی شۆڕشگێرانەتان هاویشت.
لەگەڵ هەموو ئەوانەش ئەوە دەستپێکە و شۆڕش لە ڕۆژهەڵات زۆری بە بەرەوە ماوە، ئێوەی لاوان دیسان پێشدەستیتان کرد و بەردەوامیتان کۆماری سێدارەی ئێران دەلەرزێنێت و هەنگاوەکانی مردنی خێراتر دەکات، بەڵام گەیشتن بەدوا وێستگە بەرنامە و ستراتیژی حیزبە سیاسییەکان و کارو کرداری نوخبەی سیاسی و مەدەنی دەوێ، ئەگەر ئەوان بەئەرکی خۆیان هەڵنەستن، ڕاپەڕینەکەتان تووشی گرفت و لەمپەری گەورە دەبێ، هەمووومان دەبێ بەئەرکی مێژوویی خۆمان هەستین و هەر خۆدزینەوە و هەڵەیەك، بەرپرسیارییەتی مێژووییمان دەخاتە ئەستۆ.
لاوانی سەربەرزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
گەیشتن بە ئاواتی دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمەوە دەستپێدەکا، ئێوە هەنگاوەتان هاویشت و چەندینجار پەیامتان بە هەمووماندا، دڵنیا بن لاوانی پارێزەری ڕۆژهەڵات لە ناوخۆ قەڵغانێکی باشن بۆ خەڵکی کوردستان و یەکیەتییەکەتان واتا یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان پشتیوانی کۆ دەکاتەوە و ڕەوایی دۆزی کورد بە ڕێکخراوەکانی لاوانی جیهان دەگەیەنێ و لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتیشدا وەك پێشتر سەلماندوومانە، ئێستا و داهاتووش بەشێك دەبین لە چالاکییە مەدەنی و چەکدارییەکان و تا گەیشتن بە ئامانجیش لە گەڵتان بەردەوام دەبین.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
هەیئەتی ئیجرایی
٢٠١٥/٠٥/٠٨
١٣٩٤/٠٢/١٨

# بەیاننامەی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی بە مانگرتنی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی بانەمەڕ

**خەڵکی نیشتمان پارێزی کوردستان!**
**لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

دوابەدوای مەرگی گوماناوی کیژێك لە هۆتێل تارای شاری مەهاباد و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان لەم شارە و لە شارەکانی دیکەی کوردستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەك سیاسەتی هەمیشەیی خۆی، بۆ سەرکوتی خەڵکی ڕاساوی شاری مەهاباد و شارەکانی دیکە، کوردستانی میلیتاریزە کرد و بەشێکی زۆر لە خۆپیشاندەرانی دەستبەسەر و زیندانی کرد.
ئەگەرچی بە پێی یاسای ئێران خۆپیشاندانی لەم چەشنە (بێ چەك و تەبا لەگەڵ ئایینی ئیسلام) ڕێگە پێدراوە، بەڵام ڕێژیم وەك هەمیشە دژی خۆپیشاندەران وەستایەوە و بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران لە شارەکانی مەهاباد و سەردەشت چەکی بەکارهێنا و ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران ئێستاکە بریندارن، ڕێژیم بەمەش نەوەستاوە و بە دوور لە پڕەنسیپە ئینسانییەکان لە خۆپیشاندانە مەدەنییەکەی شاری سەردەشت کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی مەهاباد ڕێکخرابوو، کیژێکی تەمەن ١٤ساڵەیان لەگەڵ دایکی دەستبەسەر کردوە.

**لاوان و ژنانی بەهەڵوێست!**
ئەمڕۆکە پاش تێپەڕینی یەك حەوتوو بەسەر بەرگری ئێوەی نیشتمانپەروەردا، دۆخی بریندارەکان زۆر خراپە و هیچ ئاوڕێك لە دەستبەسەرکراوەکان نەدراوەتەوە، هەر بەم بۆنەیەوە کۆمەڵێك لە چالاکانی نێوخۆ لە شارەکانی کوردستان داوایەکیان ئاڕاستەی خەڵکی کوردستان کردوە کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی بانەمەڕ بکەن بە مانگرتنی گشتیی و سەرتاسەری لە کوردستان و دوکان و بازاڕ دابخەن و لەو ڕۆژەدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماڵەکانیان بمێننەوە.
ئێمە وەك یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی خۆمان لەو بانگەوازە دەردەبڕین و داوا لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لاوە خوێنگەرمەکان دەکەین بە داخستنی دوکان و بازاڕەکان، پشتیوانی خۆیان لە داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران و هەروەها خۆپیشاندەرە دەستبەسەرکراو و بریندارەکان دەرببڕن و ڕۆژی پێنجشەممە بە مانگرتنی گشتیی ناڕەزایەتی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنەوە.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
هەیئەتی ئیجرایی
١٣٩٤/٠٢/٢٢



# بەیاننامە بە بۆنەی شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی کوردستان


خەڵکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەری کوردستان
لاوانی ئازا و خۆڕاگر

لەکاتێکدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە ڕێڕەوێکی دڵخۆشکەردا تێدەپەڕی و پێدەچوو گۆڕانکارییەکانی ناوچە پرسی کورد بەرەو کەناری ئارامیدا ببات، پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە» لە سنووری کێلەشین هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەداخەوە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات شەهید بووە و برینداریش هەیە.

بەزاندنی ئەو هێڵە سوورە لەلایەن پەکەکەوە لەکاتێکدایە کە دوژمن و چارەنووسی هاوبەش، یەکیەتییەکی نەتەوەیی دروستکردبوو و ئەگەری بەهێز هەبوو کە دوای نەمانی تێرۆریستانی داعش کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەست بەکارەکانی بکاتەوە. هەربۆیەش وەکوو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە توندی ئەو کردەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان ئیدانە دەکەین و بە تێکدانی یەکڕیزی کورد و وەبیرهێنانەوەی تراژیدیای نەگریسی براکوژی دەزانین.
ئێمە وەکوو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو سنوورەکانی کوردستان بە دەستکردی داگیرکەران دەزانین و تەنیا داگیرکەرانیش بەربەستی پەڕینەوەی کوردان لەو دیو سنوور بۆ ئەو دیوی سنوور بوون، هەربۆیە هەر لەسەرەتاوە بەربەستێکی کوردی لەسەر ئەو سنوورە دەستکردانە بۆ برا کوردەکانیان بەکارەسات دەزانین و دوای ئەوەش سنوورەکانی کوردستان هی هەموو کوردستانییەکانن و هەرپارچەیەش وەکوو ستراتیژی، مافی ڕەوای خۆیەتی لەو سنوورانەدا بەدوای ستراتیژییە سیاسیی و سەربازییەکانی لە دژی داگیرکەراندا بێ. ئەگەر هەر هێز و لایەنێک پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دەورووبەر لەسەر حیسابی کوردانی ئەو پارچەیە بێ، دەبێ وەڵامێکی بەهێزیان بۆ نەوەکانی داهاتوو پێبێ بۆ ئەوەی بەخائین بەنیشتمان نەناسرێن.
لەگەڵ هەمووی ئەوانەش ئەو گرژییە دەبێ بەگفتوگۆ و لەسەر مێزێکی تەواو کوردی چارەسەر بکرێت و پەرەپێدان بەو شەڕە نگریسە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سەرەتایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لاوان و خەڵك و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوەی واقیعبینانەیان بۆ دۆخی ناوچەکە و جیهان هەیە و بەهیچ شێوەیەك پاشەکشە لە خەباتی سیاسیی و چەکداری بەرامبەر حکومەتی داگیرکەری ئێران ناکەن و هەموو لایەکیش دەبێ خۆی لەگەڵ ئەو ڕاستییە ڕا بهێنێ.

یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
هەیئەتی ئیجرایی
١٣٩٤/٠٣/٠٣
٢٠١٥/٠٥/٢٤

# کار و چالاکی




# یەکیەتیی لاوان کۆرسێکی زانستی ڕاگەیاندنی بەڕێوە برد

سەر لە بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠١٤/١٢/٣١ یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا کۆرسێکی یەکڕۆژەی ڕاگەیاندنی بۆ ئەندامانی ڕێکخراو و ئەندامانی ئۆرگانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان .بەڕێوەبرد

لەو کۆرسە زانستییەدا مامۆستای ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا ئەرسەلان ڕەحمان باسی لە توخمەکانی هەواڵ و سەرچاوەکانی دۆزینەوەی هەواڵ بۆ بەشدار بووان کرد و هاوکات باسی لە تایبەتمەندی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنی دژی سیستمە تۆتالیتێرەکان کرد کەچۆن هاوکات لەگەڵ پاراستنی ئەرکی ئەخلاقی ڕاگەیاندن کەڵکی سیاسیی خۆشیان لە ڕاگەیاندن و شێوازی دارشتنی هەواڵ و ڕاپۆرت وەربگرن. هەر لەو کۆرسەدا مامۆستا ئەرسەلان ڕەحمان بەوردی باسی لە ئەرك و بەرپرسیارییەتی ڕاگەیاندنی کوردی کرد و بەڕای ئەو پێش هەموو ئێتیکێتێکی میدیایی پێویستە ستراتیژییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی لەپشت هەموو میدیاییەکی کوردیدا هەبێت بۆ ئەوەی ڕای گشتی نەتەوەیی دروست بکات و میدیای پارچەکانی .کوردستان خۆویست یان خۆنەویست لەدژی یەکتر بەکار نەیەن

لە پانێلی دیکەی کۆرسەکەشدا بەشداربووان بە پرسیار و تێبینی خۆیان گفتوگۆیەکی کراوەیان لەسەر ڕاگەیاندن و چۆنییەتی .کاری میدیای ئۆپۆزسیۆنی دژی ناوەندی تۆتالیتێر کرد





# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی بەشێك لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان بۆ باس لەسەر کۆمەڵێك بابەتی سیاسی و تەشکیلاتی

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ١٣٩٣/١٠/٣٠ کۆبوونەوەیەکی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی سەبارەت بە چالاك بوون و لەسەر هەست بوونی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، هیوای خواست کە بە پشتیوانی هەموو لایەك یەکیەتیی لاوان زیاتر لە جاران چالاك بێ و زیاتر کار بکەن بۆ وەدیهانی ئامانجە سێنفی و ویستە سیاسییەکانی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بەردەوامی وتەکانیدا پێشەوا عەلیپوور ئاماژەی بە کار و چالاکییەکانی یەکیەتیی لاوان کرد لە دوای کۆنگرەی ٧ تا ئێستا و هەروەها پرۆژەکانی داهاتووی یەکیەتیی لاوانی بۆ ئەندامان خستە ڕوو.

بەشێکی وتەکانی سکرتێری لاوان تەرخان کرابوو بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، لەم بەشەدا بەڕێزیان ڕایگەیاند: «هەنووکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت و دروست بوونی گرووپێکی تێرۆریستی وەك داعش کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد لە شەڕدایە و بلۆکبەندییە ناوچەییەکان، دۆخێکیان هێناوەتە ئاراوە کە هەم دەرفەت خوڵقێنە و هەم مەترسی قەیرانی گەورەی لێدەکەوێتەوە و ئەگەر کورد وەك ئەکتەرێکی باش دەرنەکەوێت ئەوە دۆخە کە بەزەرەری کورد دەشکێتەوە و بۆ ئەمەش سەرەتا پێویستە ناوماڵی کورد ڕێکبخرێتەوە و هاودەنگی و یەکگرتوویی لە ناو لایەنە سیاسییەکان دروست بێ.»

پێشەوا عەلیپوور هەروەها گوتی : « بەداخەوە بلۆك بەندییە ناوچەییەکان کوردیان بەسەردا دابەش بووە و ئەمەش بۆ ئێستای کورد مەترسیدارە و ئەم بلۆکبەندییە ناوچەییە کە حیزبەکانی بەسەردا دابەش بووە بەداخەوە دۆخێکی ئافراندووە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستۆتە پەراوێزەوە، هەر بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستە هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتووانە بەرەو پێلی ڕووداوەکانی بچن»

بەشێکی دیکەی قسەکانی سکرتێری لاوان تەرخان کرابوو بە پرسی لێکنزیك بوونەوە و هاوکاری نێوان هەر دوو لای حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی لاوانی هەر دوو بەشی دێموکرات، پێشەوا عەلیپوور لە مبارەوە گوتی:» لەتبوونی حیزبی دێموکرات شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات تووشی لاوازی کرد و پێویستە هەردوولای دێموکرات بە دارشتنەوەی میکانیزمێکی گونجاو و بەپەلە کار بکەن بۆ وەسەر یەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و لەم نێوانەدا لاوان دەبێ دەوری پێشڕەویان هەبێ و بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوانیان دیدار و دیالۆگ و کاری هاوبەش بەڕێوە ببەن و یەکیەتیی ڕیزەکانی دێموکرات بکەنە بەشێك لە پرۆژەی ڕۆژهەڵات مێحوەری بۆ داهاتووی کوردستان»

لە کۆتاییدا بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕا و سەرنجی خۆیان سەبارەت بەم پرسگەلە خستە ڕوو .





# بەڕێوەچوونی سمیناری کۆمەڵناسیی کۆماری کوردستان و کاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سمینارێکی لە ژێر ناوی کۆمەڵناسیی کۆماری کوردستان و کاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ ئارەش لۆڕستانی بەڕێوە برد.

ئەو سمینارە ڕۆژی شەممە، ١٣ی بەفرانبار بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێك لە سالۆنەکانی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزب گیرا و ئارەش لوڕستانی لە سەرەتای کردنەوەی باسەکەیدا مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەو باسەی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی نێوان زانست و کردەوە و چۆنیەتیی کەڵكوەرگرتنی باش لە زەرفیەتەکانی نەتەوە گەڕاندەوە.

لۆڕستانی بە جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی خوێندنەوە بۆ کۆماری کوردستان بۆ ڕێگە گرتن لە بەلاڕێداچوون و بەلاڕێدابردنی گوتی نابێ بێڵین کۆماری کوردستانیش وەك مارکسیسم لە سەرچاوە و پێناسەی سەرەکیی خۆی دوور کەوێتەوە و بەلاڕێدا ببرێ.

ناوبراو باسەکەی لە سێ بەشی ڕەوتی ڕووداوەکان لە پێش کۆمار، سەردەمی کۆمار و دوای کۆماردا درێژەدا و لەسەر بەستێنی مێژوویی ئەو کاتی ڕووداوەکان بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان و ململانێی نێوان سوننەت و مۆدێڕنیتە، بزووتنەوەی مەشرووتە، کەشفی حیجاب، لێدانی ڕێگائاسن و کاریگەریی لەسەر بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان بە تیرو تەسەلی دوا.

ئارەش لۆڕستانی لە باسەکەیدا بە خوێندنەوەیەك بۆ ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆمار بە ئاماژە بە وتووێژەکانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆك کۆماری کوردستان لەگەڵ میدیاکان گوتی قازی محەممەد جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئێمە ٤ ساڵە خوموختارین، ئەوەش بەو مانایەیە کە کۆماری کوردستان ڕەگی لە بەستێنەکانی کۆمەڵەی «ژێکاف»دا داکوتاوە.

کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕوانگەی کۆڕگێرەوە نەك هەر ناوەندێکی بەرتەسکی فیکری، بەڵکوو بەستێنێکی هەراو بۆ پەروەردەی کۆماری کوردستان و سەرەتای ڕەوتی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە شکڵی کۆماری کوردستاندا بوو.

کۆڕگێر لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر ئەو بابەتانەی کاریگەریی قووڵیان لەسەر کۆمار هەبوو، پاشان لە درێژەدا ڕەوتی ڕووداوەکان بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و چۆنیەتیی بەردەوامیی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێکدایەوە.

شایانی باسە لە کۆتایی سمینارەکەدا کۆمەڵێك لە بەشداران ڕا و سەرنجی خۆیان لەسەر باسەکەی ئارەش لۆڕستانی هێنایە بەرباس کە دواتر لەلایەن ناوبراوەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی بەشداران درایەوە.





## ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناوخۆی وڵات یادی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت

شەوی یەك لەسەر دووی ڕێبەندانی ١٣٩٣ ئەندامانی ڕێکخستنەکانی نەهێنی یەکیەتیی لاوان لە شاری بانە بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ ڕێبازی پێشەوای نەمر قازی محەممەد چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی نەهێنی یەکیەتیی لاوان لە شاری بانە، لە سەیرانگای دوکانان و پیرمراد بە نووسینی درووشمەکانی « لاوان ڕێبواری ڕێگای پێشەوان، پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان سالڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان» یادی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری تەشکیلاتی نەهینی لاوان بەم بۆنەیەوە ڕێز لە وەفاداری لاوانی ڕۆژهەڵات بە ڕێبازی پێشەوا قازی دەگرێ و هیوای بەردەوامییان بۆ دەخوازێ.







# دیداری هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ٢٧١٤، شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد. هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی فواد خاکیبەیگی سکرتێری ئەم ڕێکخراوە، بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا سەبارەت بە کۆمەڵێك بابەت، سەردانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتی ڕێکخراو پێشوازییان لێکرا.

سەرەتای دانیشتنەکە پێشەوا عەلیپوور وێڕای بەخێر هاتنی گەرمی شاندی میوان، خۆشحاڵی دەربڕی بەم هاودیتنە و هیوای خواست کە ئەم دیدارە قۆناغێکی نوێی پێوەندیی لە نێو لاوانی هەردوولای دێموکرات دروست بکا و ڕێ خۆشکەر بێ بۆ کاری هاوبەشی زیاتر لەنێوانیان.

پاشان بەڕێز فواد خاکیبەیگی بە نوێنەرایەتی شاندی میوان وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەوتەمی لاوان، کۆمەڵێك باس و خواسی سەبارەت بە داهاتووی ئەم دوو ڕێکخراوەیە و هەوڵدان بۆ کاری هاوبەش لە داهاتوودا، خستە ڕوو.

هەر دوولای لاوانی دێموکرات وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر هاوکاریی و هاودەنگی لەنێوانیاندا، لەسەر کۆمەڵێك بابەت و پرسی تایبەت بە ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات کۆك بوون.

ئەندامانی کۆمیتەی بەڕیوەبەری گشتیی هەردوو لایەن لەم دانیشتنەدا، کاری هاوبەشیان بە سەرەتایەك بۆ هەنگاوی گەورەتر و لێك تێگەیشتن لە نێوان لاوانی دێموکرات باس کرد. هەروەها بەمەبەستی هاودەنگی زیاتر لەنێوان ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشانی زیاتر لە ڕۆژهەڵات، هەردوو لایەن کۆك بوون سەبارەت بە هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی لێژنەی هاوئاهەنگی و فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات لەپێناو هوشیاری هەرچی زیاتری لاوان بە نسبەت هەموو ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرۆکی لاوانی ڕۆژهەڵاتی گرتۆتەوە .

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا شاندی میوان و شاندی خانەخوێ وەك زەروورەتێکی مێژوویی و حاشا هەڵنەگر بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش، جەختیان لە هاودەنگی و هاوکاری نێوان ڕێکخراوەکانی لاوانی هەر دوولای دێموکرات و هەروەها هاوپێوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات کرد.

شایانی باسە شاندی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتبوو لە بەڕێزان: پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتی، کارزان شەباهەنگ و ئارەزوو عەزیزی ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی، محەممەد میرخزری و هاوڕێ عەباسی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری.





# دیداری هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوی ئازادی لاوان

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٥/٢/١٠ شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری سلێمانی سەردانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانیان کرد

شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی، سەردانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانیان کرد و لەلایەن شاندێکی ڕێکخراوی ئازادی لاوان بە سەرپەرەستی هێمن حەمید سکرتێری ئەم ڕێکخراوە پێشوازییان لێکرا.

سەرەتای دانیشتنەکە هێمن حەمید سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوان وێڕای بەخێرهاتنی گەرمی شاندی یەکیەتیی لاوان، پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی حەوتەمی لە شاندی لاوان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ بەڕیوەبەری نوێ خواست.

پاشان پێشەوا عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نوێنەرایەتی دەستەی بەڕێوەبەری نوێی یەکیەتیی لاوان سپاسی شاندی خانەخوێی کرد.

هێمن حەمید سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوان سەبارەت بە کۆنفرانسی داهاتووی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست کە بە هاوکاری ڕێکخراوی ئۆلۆف پالمە لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێ باسێکی پێشکەش کرد. هێمن حەمید لە بەردەوامی وتەکانیدا ئاماژەی بە تەوەری باسەکانی کۆنفرانس کرد کە بریتین لە ئالۆگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئیسلامی سیاسی. لەم بارەوە بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدان بە بەشداری لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم کۆنفرانسە، هیوای خواست کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات باسەکانی کۆنفرانس دەوڵەمەندتر بکەن.

پاشان پێشەوا عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی لاوان ئاماژەی بەچەند بابەت کرد و وتی : «ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست هەمیشە سەکۆیەك بووە بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمجارەشیان بە گرتنی ئەم کۆنفرانسە لاوانی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و ڕێکخراوی ئۆلۆف پالمە لەپێناو ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و گەیشتن بە تەبایی گەلان لە ناوچەکە، دەتوانن یارمەتیدەر بن بەدۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دڵنیام کە بە یەکدەنگی و هاوئاهەنگی هەموو لایەك دەتوانین بەگرتنەبەری میکانیزمی گونجاو لەبەرامبەر توندئاژۆیی ئیسلامیدا بوەستینەوە، هەروەها ئێمە وەك یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە خۆمان بە نسبەت لاوانی ڕۆژهەڵات ئەرکدار دەبینین، هێندەش خەمی لاوانی کورد لە پارچەکانی تر و لاوانی نەتەوەکانی تر دەخۆین و بەم هیوایە ئەم کۆنفرانسە سەرتایەك بێ بۆ کاری هاوبەش لە پێناو هوشیاری هەرچی زیاتر لەنێو لاوانی کوردستان.»

دوای کاتژمێرێك ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا لە کەشێکی دۆستانەدا، دانیشتنەکە کۆتایی هات

شایانی باسە شاندی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات پێکهاتبوو لە بەڕێزان: پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی، ئومید مودەبێری بەرپرسی پێوەندییەکانی یەکیەتیی لاوان لە سلێمانی و هاوڕێ ئیبنعەبباسی جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەری





# بەشداری شاندێکی یەکیەتیی لاوان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی «ڕێگای ئاشتی و دیموکراسی - میانەڕەوی دژ بە توندڕەوی»

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٥/٢/١٣ شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سلیمانی بەشداری کرد لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی « ڕێگای ئاشتی و دیموکراسی - میانەڕەوی دژ بە توندڕەوی »

لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراوی لاوانی ئینتێر ناسیۆناڵ سۆسیالیست و ڕێکخراوی ئۆلۆف پالمە شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی ڕێکخراو بەشدار بوون لە کۆنفراسی نێودەوڵەتی « ڕێگای ئاشتی و دیموکراسی - میانەڕەوی دژ بە توندڕەوی »

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان پەیامی ڕێکخراوی ئۆلۆف پالمە لەلایەن ئیزابێل لاندییێن خوێندرایەوە، پەیامی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست برگەی دووهەمی کۆنفرانس بوو کە لەلایەن خاتوو ئەڤین ئەنجیر پێشکەش کرا.

پانێلی یەکەمی کۆنفرانس لە ژێر ناوی «ئەو قەیرانە تازانەی ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەبنەوە» لەلایەن مەلا بەختیار کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتمانی پێشکەش کرا.

پانێلی دووهەمی کۆنفرانس کاتژمێر ٢:٣٠ پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد و کاریگەری سیاسی و ئایدۆلۆژی و گەشەکانی هەرێمی و ناوچەیی لەسەر قەیرانەکان تەوەری سەرەکی پانێلەکە بوو کە لەلایەن بەڕێزان مفید جەزائیری وەزیری پێشووی ڕاگەیاندنی حکومەتی ئێراق و فەرید ئەسەد بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی یەکیەتی نیشتمانی پێشکەش کرا.

پانێلی سێهەمی کۆنفرانس تەرخان کرابوو بە ڕۆڵی کورد و دەرئەنجامەکانی پرسەکانی کورد کە لە هەرچوار بەشی کوردستان و نوێنەرانی لاوان بەشدارییان تێدا کرد.

بەنوێنەرایەتی لە لاوانی باشوور بەڕێز هێمن عەمید سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوان باسێکی لە ئالۆگۆڕەکانی ناوچە و دۆخی هەرێمی کوردستان و بەرنگاری داعش کرد.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەتا فواد خاکی بەیگی سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران باسەکەی خۆی بە دۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد و هەروەها جەختی لە یەکییەتیی ڕیزەکانی کورد کرد لەم قۆناغەدا. پاشان پێشەوا عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیدامەی باسی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژەی بە کۆمەڵێك بابەت کرد و گوتی : «بەداخەوە لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم، بەئیسلامی کردنی سیاسەت وەکوو میوانێکی ڕەزاقوورس سنوورەکانی کوردستانی تەنی و پێش هەمووشیان بەئەنجام گەیشتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩ بوو، کەچی دوایی بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن ئاخووندەکان دزراو حکومەتێکی ئەمنی و سەربازی شیعی ئەسنا عەشەری لەئێران دامەزرا. ئەگەرچی پێشتر دەوڵەتی ئیسلامی لەناوچە و جیهانیش کەم نەبوون، بەڵام ئەوە یەکەم سیستەمی حوکمڕانی مەزهەبی بوو، کە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی هەموو کارێکی نائینسانی دەکرد، لە تەسفییەکردنی خەڵکی ناوخۆییەوە بگرە هەتا هەناردەکردنی ئینقلابی چەکداری شیعە بۆ دەرەوەی سنوورەکان، بۆ ئەوەی دونیا لەو دیو سنوور سەرقاڵ بکات و مەجال نەدات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاوڕ لە سەرکوتەکانی ناوخۆی ئێران نەدەنەوە».

سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژەی باسەکەیدا وتی :» چەکدارکردنی میلیشیا مەزهەبییەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕەنگە یەکەم هۆکاری لەدایکبوونی گرووپی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) بێ، چونکە هەبوونی میلیشیان چەکداری توندڕەو بە بیرۆکەی دامەزراندنی هێلی شیعی و ئیمپراتۆرییەتی شیعە لەناوچەدا وڵاتانی کەنداو بگرە تورکیاشی بێزار کرد، لەگەڵ ئەوەش شەقامی سوننەی عێراقی بەهۆی کاریگەرییەکانی ئێران لە سەر سیاسەتەکانی نوری مالیکی کەوتنە بەر بێحورمەتی و بێڕێزییەکی زۆرەوە، هەموو ئەوانە وایکرد میلیشیایەکی خوێنڕێژ و نامرۆڤانەی داعش وەکوو دژکردەوەیەك بەرامبەر ئیسلامی سیاسیی ئێرانی دروست بێ کە ئێستا هەموومان لەسەر گۆی زەوی لەگەڵی ڕووبەڕووین.

لەو دۆخەدا ئەوەی لەسەرشانمانە ئەوەیە کە یەکەم بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی لە ناوچەدا پێڕەو بکەین و لە ڕووی سیاسیشەوە ئابووری و سیاسەت وەکوو دوو وانەیەکی لەیەك دانەبڕاو لەیەك نزیکتر بکەینەوە، بۆ ئەوەی کەس خەمی نانی نەبێ بۆ تێرکردنی ئێستا و داوڕۆژی و پەنا بۆ هیچ ئایدۆلۆژیایەك نەبا.»

لە ئیدامەی کاری پانێلی سێهەم نوێنەرەکانی پارچەکانی ڕۆژئاوا و باکوور بابەتیان پێشکەش کرد و بەم شێوەیە ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس کۆتایی پێهات.




برعاية السيد ملا بختيار
"الطريق نحو السلام والديمقراطية :الاعتدال مقابل التطرف"
arranging international conference
RAMADA
SULAYMANIYAH




Under the Patronage of Mr. Mala Bakhtiar Head of PUK's Executive Politburo
arranging international conference









# دیداری شاندێکی بەشی پەیوەندییەکانی لاوان لەگەڵ نوێنەری لاوانی فەتحی فەلەستین

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٥/٢/١٣شاندێکی بەشی پەیوەندییەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمیانەی کۆنفڕانسی ڕێگای ئاشتی و دێموکڕاسی لەشاری سلێمانی چاویان بە بەڕێز رائید محەممەد ئەلدەبعی نوێنەری لاوانی فەتحی فەلەستین کەوت.

لەو دیدارەدا شاندی یەکیەتیی لاوان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان لە نوێکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ لاوانی فەلەستین، هیوایان خواست لەداهاتوودا یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و «حەرەکەی لاوانی فەتح» لە ڕێکخراوی جیهانی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست یەکدەنگ بن لە داکۆکی دوو نەتەوەی کورد و فەلەستینی.

نوێنەری لاوانی فەلەستین لە ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستیش وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لەم دیدارە هاوسۆزی خۆی بۆ لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردەوە.

شایانی باسە شاندی یەکیەتیی لاوان پێکهاتبوو لە بەڕێزان ئومید مودەبیری و محەممەد عەلیزادە لە بەشی پەیوەندییەکان.



# دیداری شاندێکی بەشی پەیوەندییەکانی لاوان لەگەڵ نوێنەری سەنتەری نێودەوڵەتی ئۆلۆف پالمە

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٥/٢/١٣شاندێکی بەشی پەیوەندییەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمیانەی کۆنفرانسی ڕێگای ئاشتی و دێموکڕاسی لەشاری سلێمانی چاویان بە خاتوو ئیزابێل لۆندیێن نوێنەری سەنتەری نێودەوڵەتی ئۆلۆف پالمە کەوت.

لەو دیدارەدا شاندی یەکیەتیی لاوان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان لەم دیدارە ئاماژەیان بە کۆمەڵێك پرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانەدا و داوایان لە ڕێکخراوی ئۆلۆف پالمە کرد کە هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە بۆ بردنە سەری ئاستی هۆشیاری لە ناوچەکەدا لەپێناو ئاشتی و ئارامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

لە کۆتاییدا خاتوو ئیزابێل لۆندیێن سپاسی شاندی یەکیەتیی لاوانی کرد کە بە نسبەت ڕووداوەکانی ناوچە لەسەر هەستن و داوای کرد لە پرۆژەکانی داهاتووی ڕێکخراوەکەیان یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوری بەرچاو بگێڕێ.

شایانی باسە شاندی یەکیەتیی لاوان پێکهاتبوو لە بەڕێزان ئومید مودەبیری و محەممەد عەلیزادە.



# دیداری سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٢/١٤ لە شاری سلێمانی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری لاوانی ئینتێر ناسیۆناڵ سوسیالیست دیدارێکیان ئەنجام دا
لەم دیدارەدا پێشەوا عەلیپوور باسی لە دۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کاریگەری ئیسلامی سیاسی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە کرد و گوتی کە:» لاوانی بنەماڵەی گەورەی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست دەبێ لە ڕیزی پێشەوەی بەربەرەکانی هێزە توندڕەووەکان بن و ناکرێت لەم ئاڵۆزیانەدا دەوری مەنفی کۆماری ئیسلامی لەبیر بکەین «.
خاتوو ئەوین ئینجیر سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست وێڕای بەرز نرخاندنی دەوری لاوانی کورد لە پارێزگاری کوردستان و بەربەرەکانی لەگەڵ گرووپە توندڕەووەکان ئاماژەی بە دۆخی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وتی:» دەبێ لاوانی دێموکرات بە هاوکاری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست پشتیوانی سەرەکی لاوانی چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن»
لە درێژەی ئەم دیدارەدا هەردوو لا جەختیان کردەوە کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەوری نێگەتیڤی هەیە لە ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەناردە کردنی ئینقلابی شیعە بۆ وڵاتانی دەرووبەر و سەپاندنی هێژموونی شیعە لەو هۆکارانە بوون کە داعش بەم شێوە نامرۆڤانەیە دژکردەوە نیشان بدات.
لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن کۆک بوون لەسەر دارشتنەوەی بەرنامە و پرۆژە بۆ داهاتووی لاوان و بانگەشە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەر و هەروەها کارکردن بۆ گەڕانەوەی ئایین بۆناو ژیانی شەخسی مرۆڤەکان و وەستانەوە لەبەرامبەر دیکتاتۆرەکان.



# شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نوێنەری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ لە جیهانی عەرەبی کۆبوونەوە

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٢/١٤ لە میانەی کۆنفرانسی ڕێگای ئاشتی لە شاری سلیمانی، شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەرپەرەستی پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتی ڕێکخراو لەگەڵ رائید دێیبی نوێنەری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە جیهانی عەرەبی و نوێنەری حەرەکەی لاوانی فەتحی فەلەستین کۆبوونەوە.
لەم دانیشتنەدا هاوپێوەندی و دۆستایەتی نەتەوەی کورد و فەلەستین لە ڕابردوو و ئەمڕۆ باس کرا و ڕۆڵی
د. قاسملوو وەك ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بەڕێز یاسر عەرەفات ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە ڕابردووی ناوچەکەدا بەرز نرخێندرا.
نوێنەری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە جیهانی عەرەبی جەختی کردەوە کە لە تەبایی و ئارامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کورد و فەلەستینی دەتوانن دەوری باش بگێڕن.
پێشەوا عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ئاماژە بەو دۆخەی کە هێزە توندئاژۆ ئایینییەکان لە ناوچە خوڵقاندوویانە، باسی لە دوو قۆناغی بە دەسەڵات گەیشتنی کورد لە ناوچەکەدا کرد و گوتی «نەتەوەی کورد پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان سەلماندی کە دەتوانێ دەوری پۆزێتیڤ لە ئاشتی ناوچەکەدا بگێڕێ و ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچە لە ڕووی دێموکراسی و مافی مرۆڤ، و ئێستاش لە هەرێمی کوردستان هەمان ئەزموون دووبارە بۆتەوە و کورد دیسان سەلماندوویەتی کە دەتوانێ لە گەردەلوولی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوورگەیەکی ئارام و ئەمن و تەژی لە دێموکراسی بەڕێوە ببات.»
شایانی باسە شاندی یەکیەتیی لاوان پێکهاتبوو لە بەڕێزان: پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی و ئومید مودەبیری و محەممەد عەلیزادە لە بەشی پەیوەندییەکانی یەکیەتیی لاوان.



## کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی ٦مین کۆنفراسی ساڵانەی کۆمیتەی نۆرویژی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەی نۆرویژی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢١ی فێوریەی ٢٠١٥ بە بەشداری نوێنەران و ئەندامانی کۆمیتە ناوچەکانی ترۆندهایم، ئۆسلۆ،ئۆسفۆلد و کریستیانسانسەند و هەروەها نوێنەرانی کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێك میوان لە شاری لەیرسوند دەستی بە کارەکانی کرد.
لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا لە لایەن نیاز هەمزەزادەوە بەخێرهاتنی بەشداربووانی کۆنفرانس کرا و پاشان بە سرووودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بە تایبەتی تازەترین شەهیدی یەکێتی لاوان، شەهید هەژار قاسمی دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لاوان پرشنگ خونووری پەیامی کۆمیتە بۆ کۆنفرانس خوێندرایەوە ، لەو پەیامەدا باسێکی کورت سەبارەت بە مێژووی یەکیەتیی لاوان و کار و چالاکییەکانی لاوانی نۆرویژ لە ماوەی ٢ساڵی ڕابردوودا و ئەرك و چالاکییەکان کرا و کۆنفرانسی بە فەرمی کردەوە. پاشان پەیامی کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز ئەبووبەکر قەدیکورد و پەیامی کۆمیتەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز مەحبووبە ڕەحیمییەوە پێشکەش کران

پاش وەرگرتنی دەنگ بۆ مەشرووعیەتی کۆنفرانس، کۆنفرانس دەستی پێکرد و لە یەکەم برگەدا ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ لە لایەن پەریسا خونوورییەوە خوێندرایەوە. پاشان دلێر خورشیدی ڕاپۆرتێکی ئابووری پێشکەش کرد.
دوابەدوای پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکان دەرگای ڕەخنەو پێشنیار بە ڕووی بەشداربووانی کۆنفرانس کرایەوە کە لەم بەشەدا ئەندامان بە شێوەیەکی چالاك بەشدار بوون و بە گرینگترین بەشی کۆنفرانس دەهاتە ئەژمارو یەکێك لە باسە هەرە گرینگەکانی ئەم بەشە چالاکتر کردنی کومیتەی لاوانی نۆرێژ بوو .هاوئاهەنگی زیاتری نێوان لاوانی نۆرویژ و کوردستان، پێوەندی توندووتۆڵ لە نێوان کومیتەکانی دیکەی وڵاتانی ئوورووپا، پێوەندی گرتنی زیاتر بە ڕێکخراوەکانی نۆرویژی و ئوروپاییەوە تەوەرەیەکی تری باسەکان بوون.
لە درێژەی کارەکانی کۆنفرانس دا پاش پێشکەشکردنی چەندین ناو بۆ کۆنفرانس سەرجەم ئەندامانی کۆنفرانس کۆك بوون لەسەر ناوی کۆنفرانس و بۆ ڕێزگرتن لە تێکۆشان و ڕوحی پاکی شەهید هەژار قاسمی، کۆنفرانس بە ناوی شەهید هەژار قاسمی، تازەترین شەهیدی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.هەر لە درێژەدا ڕێزگیرا لە کار و زەحمەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پێشووی لاوان.
دووایین بەشی کۆنفرانس هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری تازە بۆ ٢ساڵی داهاتوو بوو کە لەم بەشەدا کۆمەڵێکی زۆر لە لاوانی هەڵسووڕوو چالاك خۆیان بۆ بەڕێوەبەری ناونووس کرد کە لە هەڵبژاردنێکی ئازادو لە کەشێکی دێموکراتیکدا ئەم بەڕێزانە بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری وڵاتی نۆرویژ هەڵبژێردران.

١.سروە سەید محەممەدی
٢. ئاشنا مامەش
٣.دلێر خورشیدی
٤. شۆڕش ڕانسووری
٥. حیسام قادرپوور
٦.شاخەوان عەبدیپوور
٧.جەعفەر ڕەسوولی

ئەم بەڕێزانەش وەکوو جێگری دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردران
١. نیاز هەمزەزادە
٢. سیروان بەرزگەر
٣. حەسەن بێورانی

لە کۆتاییدا و لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی بەڕێوەبەریدا بەڕێز شاخەوان عەبدیپوور وەکوو بەرپرسی گشتی یەکێتی لاوان لە نۆرویژ دیاری کرا.
پاش چەندی کاتژمێر کاری بەردەوام، شەشەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی نۆرویژی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنفرانسی « شەهید هەژار قاسمی» کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.




Lawan


QUEEN

## تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنفڕانسی کۆمیتەی پارێزگای ڕووگەلاندی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٧ی مارسی ٢٠١٥ کاتژمێر ٥ی ئێوارێ بە بەشداری نزیك بە تەواوی ئەندامانی یەکیەتی لاوان لە پارێزگای ڕووگەلاند لە شاری ستاوانگێر کۆنفڕانسەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن بەڕێز زانیار کەریمی بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی پارێزگای ستاوانگێر کورتەیەك سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی یەك ساڵی ڕابردووی کۆمیتەکەیان کرد و بە ڕەسمی کۆنفڕانسەکەی کردەوە. پاشان لە لایەن بەڕێز دلێر خورشیدی جێگری بەرپرسی گشتی لاوان و بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی لاوان لە نۆروێژ کورتەیەکی سەبارەت بە شەشەمین کۆنفڕانسی لاوان لە نۆروێژ کرد و ئامانج و پلانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری تازە بۆ داهاتوو، بۆ بەشداربووان شی کردەوە، هەر لە درێژەی باسەکەیدا بەڕێز خورشیدی پرژایە سەر بەشی ماڵی و ئەو بەشە بودجەیەی کە بۆ هەرکام لە کۆمیتە ناوچەکان دیاری کراوە شی کردەوە.

پاشان بەڕێز جەعفەر ڕەسووڵی بەرپرسی بەشی ئاموزشی لاوانی نۆروێژ باسێکی کورتی سەبارەت بە پلان و بەرنامەی بەشی ئاموزشی کۆمیتەکە و ئەرك و ڕۆڵی لاوان بە گشتی بۆ هەرچی زیاتر چالاکتر کردنی ڕێکخراوەکە بۆ بەشداران کرد. شایانی باسە لە درێژەی کۆنفڕانسەکەدا درگای ڕەخنە و پێشنیار بە ڕووی بەشدار بووان کراوە، کە لەم بەشەدا ئەندامانی لاوان بە گشتی بەشدارییەکی چالاکانەیان کرد و کۆمەڵێك پێشنیار و ئیدەی باشیان بۆ چالاکتر کردنی کۆمیتەی لاوان و بەتایبەت هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان لاوانی نۆروێژ و لاوانی کوردستان کرا.

ئەوەی کە جیگای دڵخۆشی بوو، تێکڕای بەشدارانی کۆنفڕانس بە گشتی کۆك بوون لە سەر ئەوەی کە هەموو هەوڵێك بخرێتە گەڕ بۆ یارمەتیدانی لاوانی کوردستان بۆ دەربازبوونیان لەم قەیرانە ماڵیەی کە بەرۆکی گرتوون .

دووایین بەشی کۆنفڕانسەکە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری تازە کە لەم بەشەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوەکان خۆیان بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەرکی نوێ کاندید کرد لە کۆتاییدا و لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا ئەم بەڕێزانە وەکوو دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتە ناوچەی پارێزگای ستاوانگێر هەڵبژێردران.

١.سکاڵا ئەحمەدی
٢.تارا مەحموودی
٣.زانیار کەریمی
٤.هەژار مەحموودی
٥.ئارام مەحموودی

جێگرەکان:
١. دیانا سلێمانپوور
٢. هێرۆ حسەینی
٣. دالیا سلێمانپوور

پاشان لە کۆبوونەوەیەکی کورتی دەستە بەڕێوەبریدا و بە کۆی دەنگ بە ڕێز زانیار کەریمی وەکوو بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی پارێزگای ڕووگەلاند دەست نیشان کرا.





## ڕێزگرتنی و پێکهێنانی شەوئاهەنگی کۆمیتە ناوچەی پارێزگای ڕووگەلاند یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان.

ڕۆژی ٧ی مارسی ٢٠١٥ کاتژمێر ٨ی ئێواری لە لایەن کۆمیتەی ڕووگەلاندی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەوئاهەنگێکی بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە شاری ستاوانگێر پێکهێنا. لەم ڕێورەسمەدا کە کۆمەڵێك بەرچاو لە ژنانی هەر چواپارچەی کوردستان و بەتایبەت ئەو ژنانەی کە ساڵانێکی زۆر شان بە شانی هاوسەرە پێشمەرگەکانیان بەشێکی زۆر لە تەمەنیان بۆ گەیشتن بە ئازادی سەربەستی گەلەکەیان تەرخانکرد بوو بەشداربوون.

شایانی باسە لەم شەوئاهەنگەدا بەڕێز دلێر خورشیدی بە نوێنەرایەتی لە لایەن یەکێتی لاوانەوە وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد و هەروەها چەپکە گوڵی ڕێزلێنان کە لەلایەن یەکێتی لاوانەوە ئامادە کرابوو، لە لایەن دوو کیژۆڵەی یەکێتی لاوان کانی قازانی و کانی هەرکی، پێشکەش بە هەموو ئەو ژنە تێکۆشەرانە کرا و ڕێزیان لێگیرا. شایانی باسە لە درێژەی شەوئاهەنگەکەدا بە خواردن و شیرینی پەزیرایی لە سەرجەم بەشداربووان کرا.

لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی وڵاتەوە بەڕێزان دلێر خورشیدی و جەعفەر ڕەسووڵی بەشداربوون.



## سەردانی هەیئەتی دەستەی بەڕێوەبەری گشتی لاوانی نۆرویژ و کومیتەی لاوانی ڕووگلاند بۆ سەر گلکۆی لاوی کۆچکردوو کاروان قازانی

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی مارسی ٢٠١٥ هەیئەتێکی دەستەی بەڕێوەبەری لاوان پێکهاتوو لە بەڕێز دلێر خورشیدی بەرپرسی تەشکیلاتی لاوان و جەعفەر ڕەسووڵی بەرپرسی ئامووزش و هەروەها ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کومیتەی ڕووگلاند و بەشێك لە ئەندامانی کومیتە لاوان لە شاری ستاوانگێر سەردانی گلکۆی لاوی جوانەمەرگ کاروان قازانییان کرد و تاجەگوڵینەیان لە سەر گۆڕەکەی دانا. لە سەرەتادا بەڕێز جەعفەر ڕەسووڵی بەرپرسی ئامووزشی لاوانی نۆرویژ ئاورێکی لە کەسایەتی و ئاوات و ئارەزووەکانی کاروان دایەوە و کوتی ،کاروان ئەگەر ئەجەل و شەپۆلە بێ بەزەییەکانی دەریا دەرفەتیان پێبدایە بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە دووارۆژێکی ڕووناك چاوەڕوانی دەکرد و دەبووە یەکێك لەو لاوە سەرکەوتووانەی کە جێگا پەنجەی لە ناو هەمووان دیار و بەرچاو دەبوو، لەبەر ئەوەی کاروان بۆخۆی لە ناو باوەشی دێموکرات لە دایك ببوو و بە باشی بێبەشی و مەینەتیەکانی گەلەکەی هەست پێدەکرد، کاروان هەر لە منداڵییەوە وەکوو هەموو هاوتەمەن و هاوڕێکانی بە بێ ئیمکانات و برسیەتی و زەحمەت لە ناو حیزبی دێموکرات گەورە ببوو، کاروان کوڕێکی ڕۆح سووك و خوێن شیرین و لەبەردڵان و خۆشەویستی هەموو هاوڕێ و هەواڵانی بوو، لە کۆتاییدا بەڕێز جەعفەر ڕەسووڵی ئامادەی بەوە کرد کە لێرەوە پەیمان لەگەڵ ڕۆحی لاوی جوانەمەرگ کاروان نوێ دەکەینەوە کە تا ئەوجێگایەی لە توانامانداببێ بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی کاروان تێدەکۆشین و یاد و ناوی بۆ هەتاهەتایە لە دڵماندا دەمێنێتەوە.

شایانی باسە کاروانی جوانەمەرگ کوڕی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاك قادر قازانی و خوشکە مەحسووم تالیبولعیلم بوو. کە ساڵی ٢٠١٠ لە تەمەنی لاوێتیدا بە ڕووداوێکی دڵتەزێن ماڵاوایی لێکردین، دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی ڕووگلاندی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## دیداری هاوبەشی کۆمیتەی پشدەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان - لقی پشدەر

ڕۆژی پێنج شەمە ٢٠١٥/٣/١٢ شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان -لقی پشدەریان کرد.

شاندێکی کۆمیتەی پشدەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوڕێیەتی شەپۆل زارعی، سەفین ئەبوبەکری و سلێمان ساڵحی، لە لایەن هەمزە سەلیم بەرپرسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لقی پشدەر پێشوازییان لێکرا.

لەم سەردانەدا باس لە پتەو کردنی پەیوەندییەکانی دوو لایەن و بەشداری و هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە پرسە نەتەوەییەکان کرا.

جێی ئاماژەیە لەم هاودیتنەدا باس لە کێشەی لاوان و گیرۆدە بوونیان بە مادە هۆشبەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە خەڵکی کۆبانێ و شەنگال بەرز نەرخێندرا.

## دیداری هاوبەشی کۆمیتەی پشدەری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان-لقی پشدەر

ڕۆژی یەك شەممە٢٠١٥/٣/١٥ شاندێکی کۆمیتەی پشدەری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی ڕێکخراوەی «گەشەپێدانی قوتابیان-لقی پشدەر»یان کرد. شاندی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهاوڕێیەتی شەپۆل زارعی، سەفین ئەبوبەکری، دەشتی مەولوودی و لەلایەن «پشتیوان خدر» بەرپرسی ناوچەی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان-لقیی پشدەر و «حسین خدر ئیبراهیم» لێپرسراوی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان-لقی پشدر پێشوازیان لێ کرا.

لەم سەردانەدا باس لە پتەو کردنی پێوەندییەکانی دوو لایەن چ لەئاستی حیزبی و چ لەئاستی ڕێکخراوەیی و هەروەها بەشداری و هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە پرسە نەتەوەییەکان کرا. هەروەها جێی ئاماژەیە لەم دیدارەدا  باس لەو کیشە و گرفتانەی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست دەکرێ و بڵاو کردنەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ناو لاوانی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا، لە کۆتاییدا هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی لە بەرامبەر هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال و کۆبانێ و پێكهاتنی ڕێکخراوە مەدەنی و ژینگەپارێزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن لاوانی بەهەست و دڵسۆزی نیشتمان بەرز نرخێندران.








# جەولەی پێشمەرگەکانی یەکیەتیی لاوان بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی ٢٧١٥






Lawan
East kurdistan







# بەرێوەچوونی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز وساڵی نوێی ٢٧١٥ی کوردی لە وڵاتی نۆرویژ

ناوەندی هەواڵ_نۆرویژ: ئێوارێی هەینی ٢٠ی مارسی ٢٠١٥ زاینی بەرامبەر بە ٣٠ی رەشەممەی ٢٧١٤ کوردی، لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ، بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی ٢٧١٥ ی کوردییەوە، رێورەسمێکی بەشکۆ بۆ کوردانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە پێك هات.

سەرەتا لە لایەن بەرێوەبەرانی جێژنەکە بەرێزان ئارەزوو عومەرزادە و حەسەن بێورانی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە بەشداربووان کرا و بە سروودی دووژمن شکێنی ئەی رەقیب و خولەکێك بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان کە لە لایەن کۆرسی یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش کرا، رێورەسمەکە دەستی پێکرد.
پاشان پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بەم بۆنەوە، لە لایەن بەرێز نەمام زەرینفام، جێگری بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە نۆرویژ پێشکەش کرا، بەرێزیان وتی:
هەر گەلێك هێندێك رۆژی تایبەتی هەیە و بۆ کوردیش نەورۆز رۆژێکی تایبەتە، نەورۆز هێمای خۆراگری و سەردانەنواندن و خەباتی کوردە، یادکردنەوەی ئەم رۆژە ،یادکردنەوەی تێکۆشان و رێز گرتنە لە خەباتی نەتەوەی کورد کە خوێنی زۆری لە پێناودا داوە و بەردەوام خوێنی لەبەر دەچۆرێ، بەڵام تەسلیم نابێ و هەتا گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی بەردەوام دەرواتە پێش و کۆڵ نادا، کە سەریش بکەوێ خەبات بۆ سەقامگیری سیستمێکی دادپەروەرانە و دیموکراتیك بۆ کوردستان دەکات.
ناوبراو لە کۆتاییدا وتی، ئێمە ئاواتەخوازین کە کوردی رۆژهەڵات، ساڵی ٢٧١٥ کوردی بکاتە ساڵی خەباتێکی بەربڵاو بەدژی تاریكپەرستانی رێژیمی سێدارە و ئەم جاریش کورد بە مەشخەڵی نەورۆز و بە هەستی کاوەی ئاهەنگەرانی کورد، واتا پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە، ئاور لە سەر پشتی دووژمنی داغ لە دڵی کورد واتا رێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە. ئەرکی هەموو ئێمە و هەموو چالاکانی مەدەنی و سیاسی کوردی دەرەوەی نیشتمانە کە دەنگی مەزڵوومیەتی کورد بە گوێی جیهان بگەیەنن.
ئینجا پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ لە لایەن بەرپرسی کۆمیتە، بەرێز شاخەوان عەبدیپوور بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێوە پێشکەش کرا. بەرێزیان لە پەیامەکەیاندا ئاماژەیان بەوەدا کە گرنگی نەورۆز بۆ ئێمەی کورد وەك بۆنەیەکی مێژوویی و کولتووری نەتەوەکەمان هەمیشە زۆر بە شێوەیەکی تایبەتی و پڕ بایەخ چاوی لێ کراوە و هەر بۆیە بەو بۆنەوە کۆمەڵانی خەڵك یادی دەکەنەوە، لەم رۆژەدا بە شێوەی جۆرا و جۆر جەژنی بۆ دەگێڕێ و خەڵك شادی و هەڵپەرکێ دەکەن. لە هەمانکاتدا هەر لە کۆنەوە نەورۆز بە رۆژی بەرخۆدان و راوەستان بە دژی زۆرداری دیاری کراوە. هەر بۆیە لە چوارپارچەی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە رۆڵەکانی کورد لە حاڵی خۆ ئامادە کردندان بۆ پێشوازی ئەو رۆژە، داگیرکەرانی کوردستانیش بە هەستکردن بەو راستییە بەردەوام لە پرۆسەی دەسپێکی نەورۆز هەتا کۆتایی، هێزە سەرکوتکەر و دام و دەزگا ئەمنی و سیخورییەکانیان بە تایبەتی لە ناوچە کوردییەکاندا مۆڵ دەدەن.
بەرێزان ئێمە جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ لە کاتێکدا دەگرین کە نەتەوەکەمان لە هەر چوار بەشی کوردستان بە کاتێکی هەستیاردا تێدەپەرێ، کاتێك کە هاوکێشە و گۆڕانکارییەکانی ناوچە بەشێوەیەکە کە دەبێ بۆ هەموو ئەگەرێك خۆمان ئامادە بکەین، هەبوونی هێزێکی تووندڕەوی پڕچەك و دژە مرۆیی وەکوو داعش لەسەر سنوورەکانی کوردستان و ناوچەکە بە گشتی ئاماژەیەکی روونی پلانی ناوچەییە لەبەرامبەر ئازادیخوازاندا ، لاوانی رۆژهەڵات باش دەزانن کە ماهییەتی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی ئێمە ماهییەتێکی سێکولارە و رێز لەهەموو ئایین و مەزهەبێك دەگرێ، بەڵام سیاسەتیان لەسەر داناڕێژێ، هەربۆیە نابێ لەگەڵ هاتنی شەپۆلی شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە کە لەساڵی نوێدا رەنگە کارەساتی گەورە بخوڵقێنێ، بەشێك لەو مرۆڤ کوژییە کارەساتبارە بین.
ئێمە بە گشتی رۆڵەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لە ناوخۆی رۆژهەڵات وەکوو پارێزەری رۆژهەڵات دژی ئەو کەسانە بوەستینەوە کە ماددەی هۆشبەر بە شێوازی سیستماتیك بڵاو دەکەنەوە لاوانیش لەمەترسییەکانی ئەو ماددانە ئاگادار بکەینەوە، دەبێ لەهەموو دەرفەتێکی کلتووری، کۆمەڵایەتی، هونەری و هەموو بۆنەیەك بۆ گەیاندنی دەنگتان کەڵك وەربگرن. ئێوەی لاو هەوێنی گۆڕانکارییەکانن، و دەبێ لەئاستی بەرپرسیارەتییەکانتان دەربکەون. دڵنیابن ساڵێکی پڕ لە رووداو و گۆڕانکاری نوێ بەرێوەیە و وەکوو هەمیشە دەبێ ئامادە و لەسەرپێ بن بۆ ئەوەی ئەمساڵ ساڵی هەڵهاتنی رۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ و دڵنیاین کە بە پشتیوانی لاوان و دڵقایمی پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشەکانی ناوچەدا پشکی رەوای خۆمان وەردەگرین. بەرێزان هەر وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد ، نەورۆز رەمزێکە بۆ مانەوە، خۆ راگرتن و خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەکەمان.

ئێمە وەك یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیوا خوازین نەورۆزی ئەمساڵ هەڵگری پەیامی ڕێزگرتن لە شەهیدان و لە پێشمەرگە ئازاکانی مەیدانەکانی شەڕ لە دژی کۆنەپەرەستی بێ. هەر بەم بۆنەوە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان و بە تایبەتی تازەترین شەهیدی یەکیەتی لاوان شەهید هەژار قاسمی و سڵاو دەنێرین بۆ هەموو بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و بە گشتی هەمو ئازادیخوازانی کوردستان.

پاشان بەڕێز «ئولە یاکووب فلاتن» سەرۆکی شارەوانی شێسمۆ کە بەشداری جێژنەکە بوو بە بۆنەی نەورۆزەوە پەیامێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد و بە گەرمی پیرۆزبایی لە هەموو کورد، بە تایبەتی کوردانی نۆرویژ کرد و هەروەها کوتی ئێمە دەزانین کە ئێوە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی هەوڵ دەدەن، ئێمەش هیواداریـن و بە هەوڵی هەمووماـن ئەو ئاواتە بێنینە جێ، و جێگای دڵخۆشیە کە کوردەکان تێکەڵی کۆمەڵگا و کلتووری نۆرویژی بوون و بە تایبەت یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان گرینگییەکی زۆری داوە بە چینی ژنان و منداڵان بۆ تێکەڵبوون لە گەڵ کۆمەڵگا نۆرویژی و ئاشنابوون و چوونە ناو سیستمی ئەم وڵاتەوە، بەڕێزیان زۆر بە تایبەتی سپاسی چالاکبوونی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی کرد.

پاشان گرووپی کۆڕسی سروودی یەکیەتیی لاوان سروودی « نەورۆز»یان بە هاوکاری مامۆستا جەلال عەلی پێشکەش کرد کە لە لایەن بەشداربوانەوە پێشوازێکی گەرمی لێکرا.

بەڕێز هاشم ڕۆستەمی پارچە پەخشانێکی جوانی بە ناوی «خەم و شادی» پێشکەش کرد و چەندین کۆپلە شێعری بەهاری و نەورۆزی و هەروەها پەیامێك بە بۆنەی ساڵی نوێوە لە لایەن شاعیر بەهەستی گەلەکەمان بەڕێز کامران شافعی پێشکەش بە بەشداربوان کرا.

لە برگەیەکی تری جێژنەکەدا گرووپی هەڵپەرکێی ڕۆژهەڵات، سەر بە یەکیەتیی لاوان چەندین تابلۆی جۆرا و جۆری هەڵپەرکێیان پێشکەش کرد کە سەرنجی سەرجەم بەشداربووانیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا.

پاشان بەڕێز عەبدوولا شەققاز پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، گۆرانییەکی نەورۆزی کردە دیاری بۆ بەشدار بووان.

گرووپی موزیکی کرماشان کە لە چەند لاوی دەنگ خۆش و پەنجە ڕەنگین پێك هاتوون، بەشیکی ڕێورەسمەکەیان ڕازاندەوە و دوابەشی بەرنامەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی، لە لایەن هونەرمەندانی دەنگ خۆشی کورد شۆڕش بۆکانی و پەیوەند جاف و شایی و خۆشی بەشداربوان بوو.




# چالاکییەکانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوخۆ، بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتییەکەیان

لاوانی شۆڕشگێڕی بانە لە چیای ئاربابا بەبۆنەی ساڵڕۆژی ٧٢ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە

لاوانی شۆڕشگێڕی شاری ڕەبەت و گوندی سیسێر بە بۆنەی ساڵڕۆژی ٧٢ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکی تەبلیغییان کرد.

بە بۆنەی ساڵڕۆژی ٧٢ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتی لاوان، لاوانی خوێن گەرمی شاری ڕەبەت و گوندی سیسەریش بە هەڵدانی ئاڵای لاوان و نووسینی دەرووشمی ( لاوان درێژەدەری ڕێگای شەهیدان)، ( لاوان ڕێبواری ڕێگای شەهید سمایل شەریفزادەن )، ( بژی پێشمەرگە حدك )، (پیرۆز بێ ٢٢ی خاکەلێوە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی لاوان) ، (بژی دێموکرات و پارێزەرانی ڕۆژهەڵات ) و هەروەها لاوان بە ڕەنگین کردنی چیاکانی سیسێر پێشوازیان لە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتی لاوان کرد.

لە درێژەی کار و چالاکیەکانی لاوانی پارێزەری ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ٧٢ ساڵە دامەزرانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زمزیران و کوێستانەکانی نەستان و سیسێر، پاراستان، کەڵەکاوێ و کۆخان بە هەڵدانی ئاڵای یەکیەتی لاوان و نووسینی درووشم لە ناوچە گەشتیارییەکان یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزەیان بەرز ڕاگرت






# بەشداری شاندێکی لاوانی دێموکرات لە وڵاتی سوئیس لە ڕێورەسمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان


شاندێکی کۆمیتەی سوئیسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان کرد لە ڕێورەسمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان.

ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٥ لە شاری بیل لە وڵاتی سوئیس، شاندێکی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان کرد لە ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان.


لەو ڕێورەسمەدا ئاریا جەبارپوور وتاری کۆمیتەی سوئیسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێشکەشی بەشداران کرد و لاوان لە پەیامەکەیاندا جارێکی تر بەڵێنیان لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان نوێ کردەوە و بەڵێنیاندا تا دوایین هەناسەیان ڕێبواری ڕێبازی شەهیدان بن و سەنگەری خەباتیان ئاوەدان ڕابگرن.


لە برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا لەلایەن ڕەشید ئیسماعیلی ئەندامی چالاکی یەکیەتیی لاوان، تاجە گوڵینەی ئەمەگ و وەفا لەسەر گۆڕی شەهیدێکی دوور وڵات دانرا.














آمدید
Lawan

# دیداری نێوان کۆمیتەی سویسی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات و پارتی دێموکراتی پێشقەڕۆی کوردی سووریە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٠٤/١٨ شاندێکی کۆمیتەی سوئیسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی پێشقەڕۆی کوردی سوورییە چاویان بەیەك کەوت.

شاندێکی کۆمیتەی سوئیسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرپەرەستی ئاریا جەبارپوور لە شاری ژنێڤ، لەگەڵ شاندێکی حیزبی دێموکراتی پێشقەڕۆی کوردی سوورییە بە سەرپەرەستی بەڕێز ئەحمەد سلێمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە دیدارێکیان ئەنجام دا.

لەو دیدارەدا بەڕێز ئەحمەد سلێمان وێڕای پیرۆزبایی خۆی و حیزبەکەی لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی یادی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان لە چوارپارچەی کوردستان، هیوای خواست یەکیەتیی لاوانی دێموکرات پشتیوانی تێکۆشانی لاوان لە ڕۆژئاوای کوردستان بن.

لەم دیدارەدا ئاریا جەبارپوور وێڕای سپاسی شاندی پارتی دێموکراتی پێشقەڕۆ، پشتیوانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە تێکۆشانی لاوان لە ڕۆژئاوا بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای مەدەنی، دووپات کردەوە.



# بەڕێوەچوونی سمینارێك بە بۆنەی ٧٢هەمینساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ

بەشی ئاموزشیی یەکیەتیی لاوان لە نۆرویژ سمینارێکی بۆ خاتوو سەیران بایەزید حوسەینی بۆ باس لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێك هێنا.
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ی خاکەلێوە بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی ڕێکخراوەکەیان سمینارێکی بۆ باس لە سەر کێشەی ئابووری، مادە هۆشبەرەکا و تەڵاق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەیران بایەزید حوسەینی، چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، ئەندامانی حیزبی دێموکرات، یەکیەتیی ژنان و کۆمەڵەی کلتوری و کۆمەڵێك میوان بەڕێوە چوو، سەیران بایەزید حوسەینی لە تەوەری یەکەمی باسەکەیدا کە تایبەت بوو بە کێشەی ئابووری بە دوور و درێژی باسی باری خراپی ئابووریی وڵات، بە مەبەست کردنی یارانەکان،
یاسای مالیات دان و زیادکردنی تێچووەکان، بەردەوامبوونی ئابلۆقە نێونەتەوەییەکان لە بواری ئابووریدا بەسەر وڵاتدا کرد و لەسەر سیاسەتی هەڵە بەرامبەر بە چارەنووس و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، سیاسەتی وەبەرهێنان لە باری جوغرافیایی لە ناوچەگەلێکی دیاریکراو، لەکار نەخستنی هێز و توانایی مرۆیی لە وڵاتدا بە شێوەیەکی درووست و لە جێدا لێدان و بەرەو پێش نەچوونی ڕەوتی پەرەسەندن لە وڵاتدا قسەی کرد.
سەیران بایەزید حوسەینی لە تەوەری دووهەمدا باسەکەیدا تیشکی خستە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێعتیاد و کێشەی مادده هۆشبەرەکان باسی لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی مادده هۆشبەرەکان، دابەشکردنی کێشانی مادده هۆشبەرەکان و خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان کرد و زیانە لاوەکییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر بنەماڵەدا شی کردەوە.
پێشگرتن، چاودێری و دەرمان و چارەسەری، کاریگەرییەکانی ماددەی هۆشبەر لە سەر بیر و زەینی مرۆڤ و ئەنگیزە و ورەی تاکەکان، کاریگەرییەکانی مادده هۆشبەرەکان لە بوارەکانی جینسی و جەستەییدا، پەرە گرتنی نەخۆشیگەلی وەك ئایدز و هیپاتیت زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەك نەبوونی ئەمنییەت و ئاسایشێکی دەروونی و خۆشبژێوی گشتی، زیانە ئابوورییەکان لە سەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی بژێوی ژیان، هەست بە ناڕاحەتی و خۆ بە تاوانبار زانینی ئەندامان و سەرپەرستەکان لە هەمبەر کەسانی تووشبوو لەگەڵ هەست بە شەرمەزاری کردن و بەخۆدا شکانەوە لە کەسانی تووشبوودا چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی خاتوو سەیران بایەزید حوسەینی بوو. سەیران بایەزید حوسەینی لە تەوەری سێهەمی سمینارەکەدا کە تایبەت بوو بە کێشەی تەڵاق، باسی لایەنەکانی تەڵاق و لێك جیابوونەوەکانی کرد و تیشکی خستە سەر هەل و مەرجی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پێکەوە ژیان، نەبوونی پەروەردەیەکی درووست و گونجاو و چوونەسەرێی مامناوەندیی تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ئێران و کوردستاندا.
ناوبراو تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان، بێکاری، نەخوێندەواری و نەبوونی هەلی کاری گونجاو و داهاتوویەکی ڕوون و خراپی باری دەروونی و نەبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگای بە هۆکارە گرینگەکانی دیکەی پەرەسەندنی تەڵاق و لە کەمیدانی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش ناوبرد. شایانی باسە لە بەشی کۆتایی سمینارەکەدا بەشداربووان بە شێوەی بە هێنانە بەرباسی سەرنج و ڕای خۆیان بەشدارییان لە باسەکەدا کرد.

# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان -کۆمیتە ناوچەی ترۆندهایم

ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی ئاپڕێلی ٢٠١٥ی زایینی، چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ترۆندهایم بەڕێوە چوو.
کۆنفرانسەکە بە سرووودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێ کرد. دواتر هاوڕێ جەعفەر ڕەسووڵی، ئەندامی کۆمیتەی گشتیی لاوان لە وڵاتی نۆرویژ بە نوێنەرایەتیی دەستەی بەڕێوەبەری لاوان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو باسی لە ئەوە کرد کە لەم ماوانەی دواییدا لێژنەیەك بۆ دیاریکردنی ڕۆژی دامەزرانی لاوان پێکهاتوە و ئەم لێژنەیە دوای بەدواداچوونی ورد و لێکدانەوەی باس و بابەتەکان بەم ئاکامە گەیشتوون کە ڕۆژی ١٢ی ئاپڕێلی ١٩٤٣ی زایینی وەك ڕۆژی دامەزرانی لاوان دیاری بکەن. دوای خوێندنەوەی دەقی ڕاپۆرتی لێژنەی دیاریکردنی ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان، هاوڕێ جەعفەر ڕەسووڵی ئاماژەی بەوە کرد کە کۆمیتە ناوچەی ترۆندهایم ئەم شانازییەی پێ بەخشراوە وەك یەکەم کۆمیتە، کۆنفرانسی چوارەمی خۆی لەم ڕۆژە مێژووییەدا ببەستێ.
دوای کۆتایی هاتنی ئەم برگەیە و دەنگ وەرگرتنی ئەرێنی بۆ مەشرووعیەتی کۆنفرانس بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی لاوان لە ناوچەی ترۆندهایم لە لایەن ئاسۆ گولابی و شاهین ئوستادئەحمەدی بەرپرسانی خولی ڕابردووی کۆمیتەی لاوان لەم ناوچەیە، کۆنفرانسەکە بە ڕەسمی دەستی پێ کرد. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پێشوو، کورتەیەك لە کار و چالاکیەکان و هەروەها کێشەکانیان لە ماوەی ڕابردوودا پێشکەش کرا.
لە درێژەدا هاوڕێ دلێر خورشیدی یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی لاوان لە وڵاتی نۆرویژ چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و لە وتەکانیدا وێڕای سپاس لە ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانسەکە هاتە سەر باسی ئامانجەکانی حدك و یەکیەتیی لاوان کە وەك ڕێکخراوێکی سینفییە کە لە سەردەمی (ژ.ك)دا دامەزراوە و گوتی کە یەکیەتیی لاوان وەك قوتابخانەی حیزب وایە و ئەرکی پەروەردەکردنی لاوانی لە ئەستۆیە. دواتر ئەندامانی لاوان ڕەخنە و بۆچوونی خۆیان لە سەر کار و چالاکییەکانی لاوان لە کۆمیتەی ترۆندهایم خستە بەرباس و لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری ناوچەی ترۆندهایم وڵام درانەوە.
بەشی کۆتایی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێی یەکیەتیی لاوان لە ناوچەی ترۆندهایم کە دوای دەنگ وەرگرتن ئەم کەسانە وەك کۆمیتەی نوێ هەڵبژێردران:
ئەندامانی ئەسڵی: هۆزان ئاگووشی، شەبنەم یەزدانپەناهی، عەلی چەمەنگوڵی، شاهین یەزدانپەناهی و شاهین ئوستادئەحمەدی
جێگرەکان : ئاسۆ گولابی و ڕۆژان ئاگووشی

لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی بەڕێوەبەریدا هاوڕێ عەلی چەمەن گوڵی وەکوو بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی ترۆندلاگ دیاری کرا.

دوابەدوای کۆنفرانسەکە، بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکێتی لاوانەوە، ئێوارەخوانێك بۆ سەرجەم بنەماڵەکانی یەکێتی لاوان و ئەندامانی حیزب دێموکرات و یەکێتی ژنان ڕێکخرا.

# بەڕێوەچونی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٧٢ساڵەی یادی دامەزرانی ڕێکخراوەکەیان ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٣ی بانەمەڕو بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی و میوان بەڕێوەچوو، یادی دامەزران و دامەزرێنەرانی یەکیەتیی لاوان بەرز ڕاگیرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا کە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی چەند ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پەیامی سکرتارییەتی یەکیەتیی لاوان، لەلایەن پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.

پێشەوا عەلیپوور لە سەرەتای قسەکانیدا بە ئاماژە بە چۆنیەتی دیاری کردن و ساغبوونەوە لە سەر ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٢ وەك ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان و گوتی» ئەو مێژووە پرسیار و گریمانەی زۆری لەسەر بوو، هەر بۆیەش با لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاوەنی ڕاستەقینەی یەکیەتییەکەیان دڵنیا بن کە هەموو لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر دیاری کردنی ئەم ڕۆژە کردوە و ڕاوێژی تەواومان لەگەڵ دەفتەری سیاسی و تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە و دوای لە بەرچاوگرتنی هەموو بەڵگەکان لەسەر ئەو بڕیارە ساغ بووینەتەوە.»

سکرتێری یەکیەتیی لاوان لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا گوتی «یەکیەتیی لاوان هێزێکی مرۆیی گەورەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوە و بەشێکی بەرچاو لە سەرکردەکانی حیزبی دێموکرات لە یەکیەتیی لاوانەوە پێگەیشتوون، هەربۆیەش بە مافی خۆمانی دەزانین وەکوو لاو، نەك هەر بەشداری ڕاستەوخۆی بڕیارە چارەنووسسازەکان بین، بەڵکو دەبێ پێگەیەکی تایبەت لە پارێزگاری کردنی ڕۆژهەڵاتمان بۆ دیاری بکرێ بۆ ئەوەی هەستە بزوێنەرەکەی لاوانی ڕۆژهەڵات تێکەڵ بە ئانارشیستییەت نەکرێ و دواتر بەرهەمەکەی نەکەوێتە جوغرافیاییەکی دیکەی کوردستان.»

پێشەوا عەلیپوور هەروەها گوتی « یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگی حیزبی دێموکرات، باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوە هەیە و لە سەر ئەرزی واقعیشدا پێشەوا قازی محەمەد هەنگاوی بۆ هەڵێنا کە بەداخەوە بەرژەوەندی زلهێزەکان، دەوڵەتە کوردییەکەی کوردستانی هەڵوەشاند، بەڵام درەنگ یان زوو دەوڵەت نەتەوە لەسەر بنەمای دوو چەمکی سەرەکی خاك و خەڵك دروست دەبێ و دەبێ دروستیش بێ.»

دوای پەیامەکەی سکرتێری لاوان سروودی لاوی دێموکرات“ لەلایەن کۆڕسی کۆڕی هونەریی لاوان و حیزبی دێموکڕاتەوە پێشکەش کرا و دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی بەبۆنەی ئەو کۆڕیادە لەلایەن عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە خوێندرایەوە.

عومەر باڵەکی وێڕای پیرۆزبایی ئەو بۆنەیە لە ئەندامای یەکیەتیی لاوان بە جەختکردنەوە لە سەر ڕۆڵی لاوان لە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەییدا گوتی «لە سەردەمی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی کۆمەڵەی ژێ-کافدا ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراویە هەستیان بە توانا و لێهاتوویی لاوان کردووە، هەربۆیە هەوڵیان داوە لاون بێنە ڕیزی خۆیان. بە پێی بەڵگەکان ڕێکخراوێك کە پێشتر لە لایەن لاوانی بەهەست و نیشتمان پەروەر لە شاری مەهاباد بە ناوی سازمانی جەوانانی کورد پێك هاتبوو لە ساڵی ١٣٢٣ پەیوەستیان کرد بە کۆمەڵەی ژێ-کاف و هەتا ساڵی ١٣٢٤ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر پایە و بناخەی کۆمەڵەی ژێ- کاف و لە سەر دەستی بەڕیوەبەرانی ئەو ڕێکخراویە دامەزرا سازمانی جەوانانی کوردیش هاتە ژێر چەتری حیزبی دێموکراتی کوردستان.»

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژە بە قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لە بەستێنی خەبات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتی: «دیاری کردنی ڕۆژێك بۆ ڕۆژی دامەزراندنی لاوان کارێکی هەروا سەهل و ئاسان نەبووە و پێویستی بە کاری بەردەوام و شێلگیرانە بووە کە جێگای دەست خۆشییە، بەڵام دیاری کردنی ڕۆژێك بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی وەك لاوان کۆتایی کار نییە بەڵکوو سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەکی تر لەو مێژووە، ئەو ئەرك و ئامانجانەی کە دامەزرێنەران ڕێکخراوەکەیان لە سەر دامەزراندووە واتە ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر ڕێکخراوەی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەم بتوانن خاوەنداریەتی لەو مێژووە بکەن کە بۆیان بەجێماوە و پەیام و ڕاسپاردەکان بپارێزن و لە هەمان حالدا لەگەڵ واقعی ئەمڕۆی کوردستان بیانگونجێنن و بیانسەلمێنن هەر وەکی لە ڕابردوودا سەلماندووتانە کە شایانی هەلگری ئەو مێژوو پڕ سەروەریەنو ئەرکی دیکە ئەوەیە کە ڕێکخراوی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە لاوان سەرمایەی دواڕۆژی وڵاتن دەبێ لە بوارە جیاجیاکاندا هەوڵی زیاتر بدەن بۆ پێگەیاندنی لاوان و کار و تێکۆشانی ڕیکخراوی لاوان لێرە و لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵات.»















عومەر باڵەکی جەختی کردەوە ڕێکخراوی لاوان دەبێ هەوڵی زیاتر بدەن کە هەستی نیشتمانپەروەری و وڵات خۆشەویستی لە نێو لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیاتر پەرە بستێنی بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا جڵەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرنە دەست.

خوێندنەوەی ناوی ئەو لایەنانەی پەیامی پیرۆزباییان بۆ ئەو یادە ناردوە، پێشکەش کردنی چەند گۆرانی و سروود لەلایەن محەممەد ئەمین کەریمی، ئاوات بۆکانی و کۆمار بەهاری و خەڵاتکردنی سێ ئەندامی لاوی چالاکی یەکیەتیی لاوان لەلایەن بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیە و هەروەها چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی گرووپی لاوان، بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمە بوون. شایانی باسە ڕێوڕەسمی ٧٢ساڵەی یادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شادی و شایی بەشداران کۆتایی پێ هات.



## برووسکەی پیرۆزبایی لایەن و ڕێکخراوەکان، بە بۆنەی ٢٢ی خاکەلێوە

- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ڕێکخراوی گەشەی لاوانی کوردستان
- سەنتەری چالاکی گەنجان
- حیزبی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سووریە
- ئەنجوومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی کوردستان
- یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد
- ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- کۆمیتەی ١ی ڕێکخستنی کۆیە
- ئەوین ئینجیر سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست
- بەڕێوەبەرایەی ڕێکخراوی جیهانی ئۆلۆف پاڵمە
- بەشی پێوەندییەکانی لاوانی فەتحی فلستین
- سۆکۆڵکەندی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر
- رائید بوحەمدان سکرتێری لاوانی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە جیهانی عەرەبی
- مەکتەبی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
- مەکۆی کۆیەی بزووتنەوەی گۆڕان
- یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان



# پێشوازی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە جیهانی عەرەبی

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ٢٠١٥/٠٤/٢٦ سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازی کرد لە سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە جیهانی عەرەبی

شاندێکی لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بەسەرپەرەستی ڕائید بو حەمدان سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە جیهانی عەرەبی، سەردانی بنکەی ناوەندیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی یەکتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازیان لێکرا.

لە سەرەتای دیدارەکە سکرتێری گشتیی لاوانی دێموکرات وێڕای بەخێرهاتن کردنی شاندی میوان، باسی لە دەوری لاوانی دێموکرات لە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنالدا کرد و وتی: ئینتێرناسیۆنال میراتی ڕێبەری گەورەی کورد دکتوور قاسملوویە و لاوانی دێموکرات پابەندن بە بنەمای ئەم ڕێکخراوە و بەردەوام دەبن لە گەیاندنی دەنگی لاوانی ڕۆژهەڵات بە جیهان لە ڕێگای سەکۆی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست.

سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لاوانی ڕۆژهەڵات هەنووکە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی قەیرانی قووڵی کۆمەڵایەتی هاتوون و ئەرکی ئێمە و لاوانی بنەماڵەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستە کە بە گرتنی کۆنفرانس و سیمیناری تایبەت هۆشیاری بدەینە لاوانی ڕۆژهەڵات و سیاسەتی تواندنەوە و شەڕی تایبەت لە دژی لاوانی کورد لەلایەن حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئیدانە بکەین.»

سکرتێری لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە جیهانی عەرەبی لە وەڵامی شاندی لاوانی دێموکراتدا ئاماژەی بە کۆمەڵێك خاڵ کرد و وتی : « من لە ڕێگای هەڤالانم لە باشووری کوردستان مێژووی حیزبی دێموکرات و تێکۆشانی ڕێکخراوی لاوانم بیستووە و دڵنیام ئێوە بە تێکۆشان و چالاکییەکانتان دەتوانن ببنە هەوێنی شۆڕشێکی گەورە لە وڵاتی خۆتان واتا کوردستان و دڵنیاتان دەکەینەوە کە ئێمەی لاوان لە ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست ڕێزی ماندوویی و تێکۆشانتان دەگرین و دڵنیاتان دەکەین کە پشتیوانی ئێوە و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبین.»

پێشەوا عەلیپوور وێڕای گەیاندنی ڕێز و سپاسی لاوانی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر چالاك بوونی لاوانی دێموکرات لە ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا پێشکەش کرد و هەردوو لا وێڕای جەخت کردنەوە لەوەی کە دەسەڵاتی شیعەی ئێران و هەوڵی ناردنی ئەم شێوازە لە دەسەڵات بۆ دەرەوەی سنوورەکان بوو بە هەوێنی درووست بوونی هێزێکی توندڕەوی وەك داعش، جەختیان کردەوە کە پێویستە لاوانی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست و لاوانی دێموکرات بەیەکەوە بە بەستنی کۆنفڕانس و سیمیناری هاوبەش هوشیاری زیاتر بدەنە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شایانی باسە شاندی یەکیەتیی لاوان پێکهاتبوو لە بەڕێزان: پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی و کارزان شەباهەنگ جێگری سکرتێر و محەممەد عەلیزادە و هاوڕێ ئیبنی عەباسی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی.








# سەردانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی ڕێکخراو پێشوازی لێ کرا.

سەرەتای دانیشتنەکە پێشەوا عەلیپوور وێڕای بەخێرهاتنی گەرمی سکرتێری گشتیی حیزب، باسی لە کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکییەکانی ئەم دواییانەی یەکیەتیی لاوان لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای بەرز نرخاندنی تێکۆشانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە ناوخۆی وڵات و هەروەها چالاکییەکانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات، ئاماژەی بەوە کرد:» لاوان سەرمایەی نەتەوەکەمانن و لاوانی دێموکرات دەبێ پێشەنگ بن لە بەرەو پێشبردنی ئاستی پەروەردە و زانست، هەروەها لاوانی ڕۆژهەڵات و ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات دڵنیا دەکەینەوە کە حیزبی دێموکرات پشتیوانی هەمیشەییانە.»

لەدرێژەی باسەکەدا سکرتێری لاوان ئاماژەی بە بەرەوپێشچوونی ئاستی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی یەکیەتیی لاوان کرد و وردەکاری باسەکان و بەشداریی یەکیەتیی لاوانیی لە کۆمەڵێک کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لاواندا لە داهاتوو، بۆ سکرتێری حیزب شی کردەوە کە سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لەم بەرەو پێشچوونانەی یەکیەتیی لاوان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات پێویستە لە کۆڕە نێو نەتەوەییەکان کێشە و گرفتەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات بە وردی بینێتە بەرباس و داکۆکیکاری لاوانی ڕۆژهەڵات بێ لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای دەربڕینی پشتیوانی دووبارەی حیزبی دێموکرات لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامەکانی، هیوای بەرەو پێش چوونی زیاتری کاری ڕێکخراوەیی و سازمانی بۆ لاوانی دێموکرات خواست.

شایانی باسە شاندی یەکیەتیی لاوان پێکهاتبوو لە بەڕێزان: پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتی، کارزان شەباهەنگ جێگری سکرتێر و محەممەد میرخزری و هاوڕێ ئیبن عەباسی و زانا لیلانەیی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی.





# کۆبوونەوە لە بەردەم پارڵمانی نۆروێژ و باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە بڕوکسێل بۆ پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە درێژەی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد و ناڕەزاتییەکانی ئەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوویی نۆروێژ لە بەردەم پارڵمانی ئەو وڵاتە لە ئۆسلۆ کۆبوونەوەو وێڕای ڕیسوا کردنی کوشتنی فەریناز خوسرەوانی، دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی خەڵکی وەزاڵە هاتوویی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی خۆپێشاندەران لە لایەن خاتوو مەحبوبە ڕەحیمی خوێندرایەوە و لەو پەیامەدا وێڕای مەحکومکردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئاماژەدان بە گرتنی سەدان کەس و بریندار کردنی دەیان کەس لە خۆپێشاندەرانی ئەم دواییانە پشتیوانیی خۆپیشاندەرانی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵك ڕاگەیاند و داوای لە پاڕلمان و داموو دەزگا حکومەتی و مەدەنییەکانی نۆروێژ کرد وێرای مەحکوم کردنی ئەو جینایەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، فشاری خۆیان بخەنە سەر ڕێژیم بۆ لێکۆڵینەوە لەو پەروەندەیە و ئازاد کرانی گیراوانی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا "هەیکی هۆڵمۆس"، ئەندامی پاڕلمانی نۆروێژ سەر بە حیزبی سۆسیالیستی چەپ قسەی کرد و وێڕای مەحکوم کردنی ڕووداوی مەرگی فەریناز خوسرەوانی، پشتیوانی خۆی و حیزبەکەی بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی. نابراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کوژرانی فەریناز خوسرەوانیی بەو شێوە گوماناوییە دایە بەر ڕخنەی توند و هاوکات ناڕەزایەتیی توندی حیزبەکەی و خۆی دژ بە کەمتەرخەمی دامودەزگای دادوەریی ئێران دەربڕی و داوای کرد کە حکومەتی ئێران بە زووترین کات جگە لە لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە، گیراوانی خۆپیشاندانەکان ئازاد بکا.
لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا دوکتور مەحموود ئەمیریموقەدەم، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران وتارێکی پێشکەش کردو خوێندنەوەی پەیامی پشتیوانیی حیزبی خەڵکی بەلوچستان و پەیامی خۆپیشاندەران بە زمانی نۆروێژی لە لایەن شوانە ئوستادی دوو بڕگەی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون و لە کۆتایی خۆپێشاندانەکەدا هەیئەتێك سەردانی پاڕلمانیان کرد و داوای خۆپێشاندەرانیان بە نامەیەك لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆمیتەی مافی مرۆڤ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حدك ئامادەی کردبوو، پێشکەشی کۆمیتەی دەرەوەی پاڕلمانی نۆروێژ کرد.
شایانی باسە ئەو خۆپێشاندانە بە دەستپێشخەری و پشتگیری ئەو ڕێکخراوانە بەڕێوە چوو:
یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵەی کولتووری کوردی ناوچەی ڕۆمەریکە، کۆمیتەی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان و کۆمیتەی پشتیوانی لە سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند.

بە گوێرەی هەواڵێکیش کە لە بڕۆکسێلی پایتەختی بلژیکەوە بە دەستمان گەیشتووە، دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٣ ی بانەمەڕ لە سەر بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و بە مەبەستی پشتگیری و پشتیوانی لە سەر هەڵدانی خەڵکی شاری مەهاباد و بۆ هەرچی زیاتر ڕیسوا کردنی سیاسەتی سەرکوت و ئینکاری ڕژیمی ئیسلامی ئێران، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە بەر دەرکی باڵوێزخانەی ڕژیمی ئێران لە برۆکسێل، پایتەختی وڵاتی بلژیك کۆبوونەوە.
خۆپیشاندەران بە دانی درووشم و بەرز کردنەوەی وێنەی فەریناز خوسرەوانی و بریندارانی خۆپیشاندانەکەی شاری مەهاباد، ناڕەزایەتی توندی خۆیان دژ بەو ڕژیمە و دەست پەیوەندەکانی دەربڕی و داوایان لە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی، بەتایبەت پاڕلەمانی ئورووپا و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆست و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد لە ئاست جینایەت و دەغەڵ کارییەکانی حکومەتی ئێران بێدەنگ نەبن و هاوکات داخوازی ئازاد کردنی بە پەلە و بێ قەید و شەرتی وبەندکراوانی مەهاباد و باقی شارەکانی دیکە کوردستان بوون.

# کۆبونەوەی هاونیشتمانیان لە شاری قەڵادزێ بۆ ئیدانە کردنی سەرکوتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ کۆمیتەی پشدەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە باخی گشتیی شاری قەڵادزێ بۆ پشتیوانی لە ڕەسانە جەماوەرییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە برد.

سەرەتای کۆبونەوەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد و پاشان پەیامی یەکیەتیی لاوان لە لایەن شەپۆل زارعی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری خوێندرایەوە، لەو پەیامەدا هاتبوو «ئێوە لاوانی ڕۆژهەڵات لەو ماوەیەدا چەندین جار دووپاتتان کردەوە کە بۆ هەموو ئەگەرێك بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش ئامادەن، چەندین جار بەگوێتان دادان کە هەوێنی دەستپێکی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات ئامادەیە، زۆریش کوردستانی بوونتان لە پرسەکانی شەنگال و کۆبانێ دووپاتکردەوە. ئێوەی لاوانی ڕۆژهەڵات شێلگیرانە هەنگاوتان ناو و نەوەستان و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتتان لە ناوخۆ پێکهێنا و هەر زوو بەڵێنی ئەوەتان بەخەڵکی ڕۆژهەڵات دا کە چیتر قبووڵی هیچ بێڕێزی و بێحورمەتی و پیلانگێڕی کۆماری ئیسلامی ئێران ناکەن، بە حەقیش دوێنێ لەمەهاباد هەنگاوی شۆڕشگێرانەتان هاویشت.» پاشان پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بێستون ئازەری بەپرسی کۆمیتەی حیزب لە قەڵادزێ خوێندرایەوە، لەو پەیامەدا هاتبوو کە «ئێمە سەرەڕای مەحکووم کردنی ئەوانەی کە بوونە هۆکاری گیان لەدەستدانی خاتوو فەریناز خوسرەوانی، زەبر و زەنگی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڵسوکەوتیان لە خۆپیشاندەران ئیدانە دەکەین.

لە برگەیەکی دیکەی ئەم کۆبونەوەیەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن خاتوو شلێر مەحمودیەوە خوێندرایەوە ، لە برگەی کۆتاییدا پەیامی لقی پشدەری کۆمەڵەی خوێندکاران لەلایەن بەرپرسی لق خوێندرایەوە.











# چالاکی ڕێکخستنەکانی نەهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کرماشان


ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنەکانی نەهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد و هەروەها سەقامگیری هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە شاخەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە برد. ئەندامانی ڕێکخستنی نەهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری کرماشان بە نووسینی درووشم لە شەقامەکانی ترمینال، ئازادی، گومرگ و شەقامی بەرق، یادی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد و هەروەها قۆناغیی نوێی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت.


درووشمەکان بریتی بوون لە :
سڵاو لە فەرماندەی تۆڵە ئەستێن شەهید شاپوور فیرووزی
یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد لە دڵماندایە
یەکیەتیی لاوان درێژەدەری ڕێگای شەهیدان
سڵاو لە دێموکرات، ڕابەری شۆڕشی نوێ

هەر بەم بۆنەوە بەشی تەشکیلاتی نەهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستخۆشی و ماندوو نەبوونی لە تێکۆشەرانی ناوخۆ و لاوانی پارێزەری ڕۆژهەڵات دەکات و هیوای بەردەوامیان بۆ دەخوازێ.









# بەڕێوەچوونی کۆبونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ سکرتێری گشتیی یەکێتی لاوان

ئێوارەی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/١ بەشی ئاموزشی یەکیەتیی لاوان سیمینارێکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ پێشەوا عەلیپوور سکرتێری گشتیی یەکیەتی لاوان بەڕێوەبرد. پێشەوا عەلیپوور لە دەسپێکی قسەکانیدا ئاماژەی بە بلۆکبەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دابەش بوونی کورد بەسەر ئەم بلۆکبەندییەدا کرد. سکرتێری یەکیەتیی لاوان هەروەها گوتی:» حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخۆشیەوە لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا سیاسەتی سەربەخۆی هەبووە و هەرگیز نەچۆتەوە ناو بلۆکبەندییە ناوچەیی و جیهانیەکان و بەڵگەش بۆ ئەمە کۆماری کوردستانە کە بەرهەمی حیزبی دێموکراتە و هەرگیز نەچووە ناو بلۆکبەندی سۆڤییەت و ڕۆژ ئاوا و ئێستاش حیزبی دێموکرات سیاسەتی سەربەخۆی هەیە و ناچێتە ناو بلۆکبەندییەکانی ناوچە«

لە بەشێکی تری قسەکانیدا سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان باسی گەڕانەوەی هێزەکانی دێموکراتی کرد بۆ شاخ، لەم بەشەدا سکرتێری گشتیی لاوان وێڕای ئاماژە بەوەی کە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ خاڵی وەرچەرخانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و مافی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتە کە لە شاخەکانی ڕۆژهەڵات جێگیر بێ، هاوکات گوتی: «هیچ هێزێك مافی ئەوەی نییە بەربەست بۆ پێشمەرگەی دێموکرات درووست بکا و ڕێگر بێ لە داکۆکی هێزەکانی دێموکرات لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» و هەروەها گوتی : « ئیدانەی هەرجۆرە پەلامارێکی براکوژیی دەکەین و نابێ چیتر خوێنی ڕۆڵەی کورد بەدەستی کورد بڕژێ و پێویستە هەر هێزێك دەستپێشخەر بوو بۆ شەڕێ براکوژی، لەلایەن هەموو کوردەوە ئیدانە بکرێ و سەبارەت بە ڕووداوەکەی کێلەشینیش دەبێ هێزی پەلامەردەر داوای لێبوردن لە میللەتی کورد بکا.»

لە درێژەی باسەکەیدا پێشەوا عەلیپوور گوتی: « چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ شاخ بۆ دژایەتی کردنی هیچ لایەنێك نییە و تەنیا بۆ پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵە هاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.» پێشەوا عەلیپوور هەروەها گوتی : « سەرکەوتنی هادەپ لە باکووری کوردستان و تێپەڕ کردنی بەربەستی ١٠٪ لە لایەن هادەپ بە قازانجی ئاشتی و دێموکراسییە لە ناوچە و هەروەها کوردەکانی باکووری کوردستان خۆیان لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار دەدەن»

لە کۆتاییدا سکرتێری یەکیەتیی لاوان باسی لە ئەرکەکانی ڕێکخراوەکەیان و ئەندامانی کرد لەم قۆناغەدا و گوتی:» یەکیەتیی لاوان وەك پشتیوانی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەشدا خۆی ئەرکدار دەبینێ کە ئەرکی پێشمەرگانە و ئۆرگانی لە ژێر ڕێنوێنی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتدا بەجێ بگەیەنێ و ڕۆڵە بە ئەمەگەکەی دێموکرات بێ»







## بەڕێوەچوونی سمینارێکی عومەر باڵەکی بەبۆنەیساڵیادی لە داردانی ٥٩ لاوی مەهاباد

یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شیکردنەوەی زیاتری چۆنیەتیی ڕووداوی لە سێدارە درانی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد لە ساڵی ٦٢ هەتاوی سمینارێکی بۆ بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا. ئەم سیمینارە پێشنیوەڕۆی سێشەممە ١٣ی بانەمەڕ لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی کوبوونەوەکانی حیزب بە ڕێوە چوو.
لەو سمینارەدا بەڕێز عومەر باڵەکی لە گۆشەنیگایەکی نوێوە هەوڵی شیکردنەوە و خوێندنەوە بۆ ئەو بابەتە داو پرژایە سەر چەمکی لە سێدارەدان لە ئێران و باسەکەی بەم پرسیارە دەست پێکرد کە ئایا لە داردان لە ئێراندا وەک سزایەک چاوی لێی دەکرێ، یان کەرەستەیەکە بۆ سەرکوتی خەڵک و گەیشتن بە ئامانجەکانی دەسەڵات.
باڵەکی وێڕای ئەوەی جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئێران تا ئێستا وەک کەرەستەی سەرکوت و زەبر و زەنگ چاو لە ئیعدام کراوە گوتی لە ساڵەکانی ١٣٥٧ و ٥٨ واتە ئەو ساڵانەی کە تازە ئەم ڕێژیمە هاتبووە سەر کار یاسای بنەڕەتی لە ئێران بوونی نەبووە و ئەو حوکمانەی کە جێبەجێ دەکران لە ڕێگای حاکمانی شەرعەوە بێ دادگاهی کردن دەدران. عومەر باڵەکی گوتی یاسای " حدود و تعزیرات" لە ساڵی ١٣٦١ و یاسای "سەزای ئیسلامی" لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا پەسەند کرا و لە ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ٧٠ی هەتاوی بۆشایی یاسا لە ئێران هەبووە، بەڵام ئێعدامەکان هەر بەردەوام بوون. بەڕێزیان پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ڕێژیم کە ڕێگای لە داردانەوە ئەم ڕێژیمە دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بە سەر خەڵکدا بسەپێنێ.
لە بەشێکی تری ئەم سمینارەدا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە پرژانە سەر قسەکانی خەڵخاڵی و خومەینی لە ئەو کاتەدا گوتی لە ساڵەکانی ٧٠ی هەتاوی بەم لاوە " مفسد فی الارض" و " محاربە لە گەڵ خودا" هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی قەزایی ئێرانەوە و لە ژێر ئەو ناوەدا ئێعدامەکانیان درێژە پێیدا. کاک عومەر باڵەکی لە بەشێکی دیکەی لە قسەکانیدا کە ئاماژە بە چۆنیەتیی گیران و ئێعدامی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد لە شاری تەورێز گوتی ئەوەی کە بۆچی ئەو ٥٩ کەسە لە مەهاباد ئیعدام نەکران و بۆ تەورێز ڕاگوێزرانەوە وێڕای هۆکارگەلێکی دیکە لە بەر ئەوە بوو کە ڕێژیم دەیەویست شەڕی نێوان ئازەرییەکان و کوردەکان زەق بکاتەوە کە بە تێبێنی و وریایی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو پیلانە پووچەڵ کرایەوە.
باڵەکی گوتی هێزی بێستوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاردانەوە بە ئەو ئێعدامە بە کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کورد ٥٩ عەمەلیاتی لە ناوچەی کرماشان بەڕێوە برد کە نیشانەی هاوخەمی و یەکدەست بوونی کورد بوو.
شایانی باسە لە بەشی کۆتایی ئەو سمینارەدا دەرفەت بە بەشداریی ئامادەبووان درا تا ڕاو سەرنج و تێبینیی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا بێننە بەرباس.

# وتارەكان



# بزووتنەوەیەکی تینووی هاوکاریی و یەکیەتی



ئارەش لۆڕستانی
وەرگێڕان: ئاڵەشین

کاتێك هاووڵاتییەکی کورد بیر لە کێشەی نێوان ئەو پارت و لایەنە کوردستانییانە دەکاتەوە کە ئێستا لە چیاکانی قەندیلن، چ وێنایەکی لا ساز دەبێ؟ ئەرێ قەندیل دوائامانجی چالاکی و خەباتی حیزبی دیموکرات و پێکاکایە، کە دەبێ دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بن؟ یان ئەوەی کە کوێستانەکانی کوردستان، بەتایبەتیش قەندیل دەبێ تەنیا وەك ئامرازێك بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوەیی کورد بەکار بهێنرێ؟ کەواتە ئەگەر مانەوە لە قەندیل ئامرازە نەك ئامانج، ئەدی هێنانە بەرباسی ئەو بابەتەی کە دەبێ ئەو چیایانە تەنیا لە لایەن هێزێکەوە پاوان بکرێ، سڵامەتی بزووتنەوە و خەبات خەوشدار ناکا؟ ئایا کاتێك جگە لە کۆماری کوردستان کە ئەویش تەمەنی کورتخایەن بوو، خەباتگێڕانی کورد تا ئەمڕۆکەش نەیانتوانیوە وڵاتێکی سەربەخۆ دامەزرێنن و بەردەوام دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە زۆری لایەنی جۆراوجۆرەوە مەترسییان لەسەرە، ئەم چەشنە حیزبچێتییە داخراوە نابێتە هۆی قوربانی بوونی "شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد" لە هەموو ئاستەکاندا؟ کەواتە ڕێگەچارە چییە و، چۆن دەکرێ هاوکات "شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد" لە هەر چوار پارچە و هەروەها بەرژەوەندی و پۆزیشنی پارتە کوردستانییەکان وێکڕا ڕێکخرین؟ چۆن دەکرێ لە سەر ئاستە جیاوازەکان، یەکیەتی و متمانەی کوردستانی و حیزبی پێکبێنین؟

باشترین وڵام بۆ ئەو پرسیارانە پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنیی"ـە. "هاوسەنگی ئەرێنی" حاڵەت و هەلومەرجێکە کە پارتەکانی هەر بەشێك لە کوردستان، بەتەرخانکراوی بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی خۆیان خەبات دەکەن و پارت و لایەنەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە گوێرەی توانا و وزەی خۆیان یارمەتیدەریان بن. لەم حاڵەتەدا سەربەخۆیی بڕیاری هەر پارتێك لە سنووری چالاکی خۆیدا دەکەوێتە سەری وپارتە و لایەنەکانی دیکەش بە گوێرەی ویست و داخوازییەکان یارمەتی ئەو پارتە دەکەن. بەمجۆرە حیزبی هەر پارچەیەك، پێوەندیی بەکارهێنانی یارمەتییەکانی پارتەکانی دیکەی پارچەکەی خۆیەتی و پارتەکانی بەشەکانی دیکە ناتوانن و نابێ ڕاستەوخۆ دەسوەردان لە کاروباری پارچەکەی دیکەدا بکەن. بەمجۆرە حەشیمەتی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەسی کوردستان دەبێتە وزە و پوتانسیەلی سەرەکی خەباتی میللی کورد، هەروەها پێوەندییەکی دوولایەنەی ئەرێنی لە نێوان پارتە کوردستانییەکانی چێ دەبێ و دواجار گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان قازانج لەو پرۆسە دەبینێ.

کۆماری کوردستان و کارکردی پێشەوا قازی محەمەد یەکێك لە باشترینی ئەو نموونەی "هاوسەنگی ئەرێنیی"ـەیە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین. هەڵسوکەوتی قازی محەمەد دەگەڵ کوردەکانی باشوور و بەکارهێنانی تواناییەکانیان لە کۆماری کوردستاندا لە لایەك و، فیداکاری و پێڕەوی مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی لە قانوونی سیستمی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەکی دیکە، نموونەیەکی بەرز و سەرکوتوویە کە دەتوانێ ببێ بە سەرچەشن و ئۆلگوی ئەمڕۆ بۆ پێشخستنی خەباتی میللی کورد نەك هەر لە کوێستانەکانی قەندیل، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕەچاو بکرێ.

وێنەیەکی دیکە لە سەر پێویستی پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی" ئەزموونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە، کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی پارت و لایەنە کوردستانییەکان نەگیراوە. کێشە و ناهاوئاهەنگی، تاکڕەوی و زێدەخوازی هەندێك لایەنی سیاسی بەڕوونی نیشانی دا؛ یەکێك لە جیدیترین و سەرەکیترین کێشە و ئارێشەکانی پارتە کوردستانییەکان نەبوونی هاوسەنگی بنیاتنەر و ئەرێنییە کە دەبێ ببێ بە سەرەتای چالاکی، بەشداری و هاوکاری سیاسییەوە، چونکە نەبوونی ئەو فاکتۆرە ورد و هەستیارە هەروا هۆکاری لێکدووربوونەوە و تەنانەت بەربەستی بەر بەستێنسازی بۆ پێشخستنی خەباتی میللی کوردە لە کوردستان و هەموو پارچەکانی.

ئێران، تورکیە، عێراق، سووریە لە سەرووی گرنگترینی ئەو وڵاتانەن کە کاریگەرییان لە سەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و نێوەندەکانی مافی مرۆڤی جیهاندا هەمیشە لەبەر چاو بووە؛ بە چەشنێك بچووکترین قەیران و بارگرژی لەو ناوچەیە، بەتایبەت ئەو وڵاتانە، سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی زلهێزەکانی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و شایەتی دژکردەوەیان بووین و هەمیشەش دەبین. کەواتە کاتێك کوردستان بەسەر ئەو چوار وڵاتەدا دابەش بووە و خەباتی پارتە کوردستانییەکان لەو وڵاتانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و دژوارییە، نەبوونی "هاوسەنگی ئەرێنی" و یەکیەتی و متمانە بۆ بەرگری لە "شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی" لە ئاستی "کلان" و هەروەها خەوشدار کردنی سەربەخۆیی و سنووری چالاکی پارتەکانی هەر پارچەیەك لە لایەن پارتەکانی پارچەکانی دیکە تەنیا دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی هەلومەرج و نیگەرانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی" و ڕوونترکردنەوەی ئەرکەکانی هەر پارتێکی سیاسی دەتوانێ ببێتە هۆی بە ئاکام گەیشتن و تاووتوێی وردی کارکردی پارتە کوردییەکان، کە لەو حاڵەتەدا وەڵامدەربوونی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان بە گەلی

کورد بە شێوەیەکی کوللی و هەروەها ئەو پارچانەی خەباتی بۆ دەکەن زۆر ئاسانتر دەبێ.
لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین، ئەگەر "هاوسەنگی ئەرێنی" لە پێوەندیی سیاسی پارتە کوردستانییەکاندا ببێ بە پێوەر، قەندیل نەك ئامانج نییە؛ بەڵکو وەك ئامرازێکی بەهێز دەبێ بە کارتێکی گوشار بۆ بەرژەوەندی پارتەکانی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان.
ەمبوونی تێچووەکانی بزووتنەوە یەکێکی دیکەیە لەو ئاکامە زێدە بە بایەخانەی کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەرکەوتەی "هاوسەنگی ئەرێنیی"ـە. بەڵام بۆ پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی"ش پرسیارگەلێکی گرنگی زۆر دەوروژێن کە دەبێ پارتە کوردستانییەکان وڵامیان بدەنەوە. ئەرێ هاندەر و پوتانسییەلی پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی" بە مەبەستی بەرگری لە "شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد" لە لایەن پارتە کوردستانییەکانەوە بوونی هەیە؟ بۆچی حکوومەتەکانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە هەوڵیان داوە و تارادەیەکیش توانیویانە دەگەڵ کوردەکانی وڵاتی خۆیان یان کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەو هاوسەنگییە ئەرێنییە پێكبێنن و یان ئەو هاوسەنگییانەی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتەکانیاندا نییە تێكبدەن و یان هەر چۆنێك هاوسەنگییەکی نەرێنی لێ دەرچێنن، بەڵام پارتە کوردستانییەکان نەیانتوانیوە ئەو چەشنە میتۆد و هاوسەنگییانە لە بەرژەوەندی خۆیان و لە نێوان پارت و لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا رێكبخەن؟ پارتە سیاسی، رووناکبیران و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی دەتوانن چ رۆڵێك لە پێکهێنانی ئەو هاوسەنگییە ئەرێنی و یەکیەتی و متمانە گشتگیرەدا بگێڕن؟ و ...
رەوشی هەنووکەیی کوێستانی قەندیل و کێشەی پارتەکان؛ کە بووەتە باسی گەرموگوڕی زۆربەی میدیا و چالاکانی سیاسی و خەڵکی کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە، سەرەڕای ئەو نیگەرانییەی لێی کەوتۆتەوە، رەنگە بتوانێ بواری بەرزکردنەوەی خەباتی میللی گەلی کورد بۆ ئاستێکی باڵاتر و تۆکمەتر خۆش بکا و، لە لایەکی دیکەشەوە لەوانەیە ئەو هەڵومەرجە ببێتە هۆی لە کیسدانی دەرفەتەکان و بە فیڕۆدانی هێزی مرۆیی و، زەمان و چوارچێوەیەکی پراکتیکی بێ کە بۆ پارتە کوردستانییەکان زۆر گرنگە، کە رەنگە خەسار و دەرکەوتە نەرێنییەکانی سەرچاوەگرتوو لەو پشتگوێ خستنە قەرەبووکردنەوەی هەر وا ئاسان نەبێ.

## بەرەو سازدانی گوتارێکی هاوبەش



ناسر باباخانی

گەلی کورد لە رۆژهەڵات هەر لە کۆتایی حەفتاکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی چەشنێ ناچالاکی بووە. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەك مەبەستمان تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکوو ئاماژەمان بە نەبوونی گوتارێکە کە لە کۆتایی پەنجاکان تا ناوەڕاستی حەفتاکان گوتاری زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگادا، گوتارێك کە تەنانەت تەواوی رەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیشی تەنیبوەوە. گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی، گوتارێك کە گرێدراوی "حزوور" بوو! حزوور بە واتای "بوون" بە واتای بوونی پێشمەرگەی کوردستان! واتە "حزوور"ی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای رۆژهەڵاتدا پاڵپشتی ئەم گوتارە بوو و پێشمەرگەش هێمای فیزیکی بوونی نەتەوە بوو. ماوەی نیزیك بە بیست ساڵە کە پێشمەرگەی کوردستان تەقەی لە چەکی نەهاتووە بە زۆر هۆکار (کە باس لە هۆکارەکانی مەجالی تایبەت بە خۆی دەوێ) دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش سەرەکیترین ئیستراتێژی بۆ بەرگری لە خەباتی گەلی کورد ئەوە بووە کە بەردەوام کەلێنێك، دابڕانێك لە نێوان شار (خەڵك) و شاخ (پێشمەرگە) سازبکا بەهەر شێوەیەك و لەسەر بنەمای ئەم ئیستراتێژییەش تاکتیکی جۆراوجۆریشی رەچاو کردووە و... دواجار ئەم دابڕانە بۆتە هۆی ئەوە کە بوون و حزووری شاخ لە ناو شاردا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە لە هەر شوێنێ و هەر کاتێك هەست بەمە بکا کە ئەوا خەریکە چەکەرەی حزوورێك سەرهەڵدەدا بێ‌سێ‌ودوو بیقرتێنێ.

دەکرێ بڵێین لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشاییەك هەستی پێدەکرێ کە دواجار ئەم بۆشاییە دەبێتە لەمپەری لێكتێگەیشتنی هێزە سیاسییەکان و چالاکانانی ناوخۆ، واتە لە نەبوونی گوتارێکدا کە خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو لا لەیەکدی کۆکاتەوە و لەسەر خاڵە جیاوازەکانیشی موناقەشە بکرێ بۆ خەملاندنی ئەم گوتارە، ئاساییە هەست بەم کەلێنە بکەین.

دیاره له کهشێکی دێموکراتیکدا ئەمە زۆر ئاساییه که "شێوه ڕوانین"ی دەرێ و ژووری جیاوازی بەیەکەوە هەبێ، دەڵێم جیاوازی نەك دژایەتی! بێگومان ئەم شێوه ڕوانینه ئەگەر لەسەر بنەمای ناسینێکی ورد و تۆکمه نەبێ کەلێنەکه چەند قات بەرزتردەکاتەوە، که سەیری ئەم دنیا مەجازییه دەکەی بۆت دەردەکەوەێ که هۆکاری ئەم کەفوکوڵەکاتی و پۆپۆلییستییه که هەندێ جار لۆمپەنیزمێکی هەوسارپساویشی له سەر بنەمای وەهم و درۆ پێوه دیاره بەرهەمی توخمی نەناسینی ناوخۆیه له ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە. بەڵام جەمسەرێکی تر واته ژوورەوەش له قۆستنەوەی هەلەکاندا دەورێکی پاسیوی گێڕاوە. له کۆمەڵناسی سیاسیدا هەندێ جار پێشهاته و ئاڵوگۆڕه کۆمەڵایەتییەکانن که بارودۆخی سیاسی وڵاتێك دەگۆڕن. پارسۆنز پێی وایه ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی وەك هێزێکی گشتی جەماوەری دەتوانێ ببێته هۆی گۆڕانی کۆمەڵگا و دواجار لەسەر مێژووی وڵاتێك شوێندانەربێ. به بڕوای من له وڵاتانی دیکتاتۆریدا بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕه کۆمەڵایەتییه چەشنێ کاتالیزۆر پێویسته که ببێته هۆی هەڵایسانی ئاڵوگۆڕەکه، به مەرجێك پێشهاتەکه بقۆزرێتەوە.

هەربۆیه له نەبوونی گوتاریکی جیددیدا، ڕووداوه کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ ناقۆزرێنەوە و که نەقۆزرانەوە، دەرەوە به تەعبیری خۆی سەودا لەگەڵ ڕووداوەکه دەکا تەنانەت ئەگەر ئاستی ناسینەکەشی لاواز بێ. لێرەدایه که تێکهەڵەنگوتن ساز دەبێ ئەگەر گوتارەکه بوونی بوایه سەنتێزێك لەم دوو شێوەڕوانینه دەیتوانی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بکا به خاڵگۆڕانێکی جیددی له کۆمەڵگادا. بەڵام له نەبوونی گوتاردا زیاتر جیاوازییەکان خۆدەردەخەن. وەك ئەم ڕووداوەی شاری مەهاباد که نه ناوخۆ توانی بیقۆزێتەوە نه دەرەوە توانی کاناڵیزەی بکا!

له ڕاستیدا کێشەکه نەبوونی گوتاره نەك جیاوازیی گوتار، ڕۆژهەڵات تا ئەم دواییيانه هەر پاشکۆی گوتاری باشوور و باکوور بووە، بەڵام پێموایه ئێستا بۆ هێزه سیاسییەکان به خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ناوچه و بارودۆخی ئێران دەرکەوتووە که ئەمانه ئاڵترناتیوێکی گونجاو و کردەیی نەبوون و نین بۆ ڕۆژهەڵات. لاموایه ئەگەر سەرجەم ئەم هێزانه سادقانه ئەم پرسیاره ئاراستەی خۆیان بکەن که له ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوودا چییان کردووه و بەگشتی چ شوێندانەرییەکیان لەسەر نێوخۆی ڕۆژهەڵات هەبووە و دەیانەوێ چ بکەن بۆ داهاتوو، بتوانن هەست بەمە بکەن که سازدانی گوتارێکی هاوبەش له نێو خۆیاندا به ئاکامێکی ئیجابیان بگەیەنێ و ئەمە بکەن به سەرەتای خاڵگۆڕانێکی ئەوتۆ بۆ خۆیان و دواجار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەوابوو ئەوەی بۆته "پاشنەی ئاشیل"ی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەبوونی قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیەیه له هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا به هۆی نەبوونی گوتارێکی گشتگیری ڕۆژهەڵاتی. واته کورت و کرمانجی دەسەڵات به "هەند"مان وەرناگرێ، به هێزمان دانانێ بەلایەوه کەمترین مەترسیمان هەیه بۆ سەر دەسەڵاتەکەی.. . هەر بۆیه وەك ئاماژەم پێدا له یەکەم هەنگاودا ئەوەی گرینگه ڕێکخستنی گوتارێکی هاوبەشه، گوتاری هاوبەش مانای ئەوه نییه که ئەم هێز و لایەنانەی تووشی لەتبوون هاتوون یەکبگرنەوە، مانای ئەوه نییه ڕەخنەیان سەبارەت به سیاسەتەکانی یەکدی نەبێ، لەهەمبەر یەکدی نەوی بکێشن یان لەگەڵ ناوخۆ هیچ جیاوازییەکیان نەبێ.. . نا.. . له ڕاستیدا ئاراستەی ئەم گوتاره هاوبەشه دەبێ بگۆڕدرێ و ڕووی قسەی له "ئەوی تر" بێ.. . ڕووی له دەسەڵات بێ.. . ئەم گوتاره دەبێ له سەر چەمکگەلی هاوبەشی هێزەکانی دەرەوە و ناوخۆ خۆی ساغکاتەوە و بتوانێ قورسایی و بارستایی ئەم بزووتنەوەیه بەرزکاتەوە.
ئەوەش نابێ له بیر بکەین که ئەگەری ئەوه هەیه له کۆمەڵگای ئێمەدا ڕووداوگەلێکی لەم چەشنه دووپاته ببنەوە، ناکرێ و ناشبی ئەم چاوەڕاونییەمان هەبێ که یەك شێوەڕوانین له دەرەوە و ژوورەوە بەدی بکەین، ئەگەر گوتارێکی گشتگیر به تایبەتمەندییه ڕۆژهەڵاتییەکەی بوونی هەبێ ئەم شێوەڕوانینانه دواجار دەبنه هۆی پڕبوونەوەی کەلێنەکان. ئەوەی که سەرەتاکانی ساڵانی شەست دوانەی شوێن – کات، گەورەترین هۆکاری ئەم بۆشاییيه بوو له نێوان دەرەوە و ژوورەوە، ئێستا ئەوا میدیای نوێ به دوور له کەشێکی ئێحساسی و لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەتوانێ ئەم کەلێنه به تەواوی پڕ کاتەوە.
دیاره چالاکی حیزبێکی سیاسی کردەیەکی سیاسییه و جەماوەری و ئاکامخوازە، بەم مانایه که دەیەوێ دواجار له پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێ، بەڵام کردەی مەدەنی، چالاکییەکی شارۆمەندی و مافخوازانەیه که بۆی هەیه هەموو تاکێکی کۆمەڵ حەولی مسۆگەر کردنی ئەم مافانه بدا، ئێستا که دەرەتانی کردەی سیاسی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد له ناوخۆی وڵاتدا نییه کردەی مەدەنی ڕووناکبیران له ناوخۆدا دەتوانێ قەرەبووی ئەم بۆشایی بکاتەوە، ئەمە سەرەتایەکی شیاوه بۆ نۆژەن کردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات!

# سەبارەت بە شەپۆلی تازەی سووتماکی لێرەوارەکانی کوردستان



ئاسۆ حەسەنزادە

هەروەك لە هەواڵەكانی ناوەندی هەواڵی كوردستان و كورد دا باس كراوە و گرینگیی پێ دراوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە هێندێك لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەتایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵات دارستان و قەدپاڵەكانی بەشێك لەو ناوچانە ئاگریان تێبەر بووە و بەم جۆرە بەشێك لە سامانی سروشتی و بیۆلۆژیی ئەو ناوچانە بوون بە خەڵووز و لەنێو چوون. دوایین نموونەش سووتانی لێرەواری زاگرۆس لە ئیلامە كە تا ئێستاش بەردەوامە.
ئەمە یەكەم جار نیە كە لە دەسپێكی وەرزی گەرمادا ژینگەی سروشتیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە ئاگردا هەڵدەقرچێ. بەپێچەوانەوە، حاڵەتەكانی سووتماكی لێرەوارەكانی كوردستان لە ساڵانی دواییدا ئەوەندە زۆر بووە كە وەكوو دیاردەیەكی سیستماتیكی لێ هاتووە. سەرەڕای لێدوانی بەرپرسانی ڕێژیمیش لەو پێوەندییەدا و بەلەبەرچاوگرتنی وشیاری و هەستی بەرپرسیاریی خەڵكی ئەم ناوچانە ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەكی زۆر گوماناویش دێتە بەرچاو.
لەم پێوەندییەدا ئاماژە و جەخت كردن لەسەر دوو ڕەهەندی ئەم بابەتە بەپێویست دەزانرێ:
ڕەهەندی یەكەم پێوەندیی بە خودی خەڵكەوە هەیە. بەو هۆیە كە سروشتی هەر وڵاتێك بەتایبەتی بۆ وڵاتێك بە سروشتی كوردستانەوە، پشتوێنی بنەڕەتیی ژیانی تەندروستی مرۆڤ و سەرجەم زیندەوەرانە و سەرچاوەی بژیوی خەڵك و بنەمای گەشەسەندنی پایەداری وڵات لە خۆ دەگرێ، ژینگەی سروشتی بە پێكهاتەییترین سامانی بەكۆمەڵی خەڵكی هەر وڵاتێك لە قەڵەم دەدرێ. هەربۆیە زۆر گرینگە كە خەڵكی كوردستان بەگشتی و دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی نزیك لە ژینگەی سروشتیی كوردستان لەپێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا یەكجار هەستیار بن و خۆیان بە بەرپرسیار بزانن. پێویستە هەموو تاكەكانی كۆمەڵگای كوردەواری نەك هەر خۆیان لە هەر چەشنە هەڵسوكەوتێك كە مەترسیی ئاگركەوتنەوە بخاتە سەر لێرەوار و دارستانەكانی كوردستان ببوێرن، بەڵكوو هەر هەمووشیان بەسەریەكەوە چاوەدێری ڕەفتار و هەڵسوكەوتی كەسانی دیكە لەو بوارەدا بن و تێبكۆشن كرداره پێشگیرییەكان پەرە پێ بدەن و یارمەتی بە دامركاندنەوەی سووتماكەكان لە دەسپێكەوە بدەن. وەك چۆن لە زۆر لە وڵاتانی پێشكەوتووی جیهاندا لەسەر چیمەنی باغە گشتییەكان دەنووسن "ئەم شوێنە لەژێر چاوەدێریی هاووڵاتییاندایە"، با ژینگەی كوردستانیش بكەوێتە ژێر چاوەدێریی تەواوی خەڵكی كوردستان.
ڕەهەندی دووەم پێوەندیی بە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامییەوە هەیە. ئاشكرایە كە بە درێژایی سی و شەش ساڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمە، كاربەدەستان و بەرپرسانی ڕێژیم نەك هەر لەئاست ئاگالێبوون و گەشەپێدانی كوردستان و ژینگەكەی بێ موبالات و كەمتەرخەم بوون، بەڵكوو لەوەش زیاتر زۆربەی كات ئەوان بۆخۆیان داڕێژەر و جێبەجێكاری بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی كوردستان و تێكدان و وێران كردنی ژینگەی سروشتیی كوردستان بوون. سەبارەت بە ئاگركەوتنەوەی چیا و لێرەوارەكانی كوردستانیش نەك تەنیا دامودەزگا پێوەندیدارەكانی ڕێژیم ئەوەی لەو بوارەدا لێیان چاوەڕوان دەكرێ بەدروستی وجیددییەتەوە ئەنجامی نادەن، بەڵكوو تەنانەت بۆخۆیان گیروگرفت و بەربەستیش بۆ ئەو ئیبتكارانە دروست دەكەن كە لەبواری ژینگە پارێزییەوە لەلایەن خەڵك و بژاردە دڵسۆزەكانەوە وەڕێ دەخرێن. جێی خۆیەتی لێرەدا گەرمترین سڵاو و دەسخۆشی بۆ ئەنجومەنەكانی ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بنێرین كە سەرباری هەموو كۆسپ و تەگەرەكانی سەر ڕێیان دەست لەسەر دەست دانەنیشتوون و لە بەجێگەیاندنی ئەركی مەدەنی و نیشتمانپەروەرانەی خۆیان لەو بوارەدا بەردەوام بوون.
لەلایەكی دیكەوە هەروەك باس كرا، ڕووبەر و چۆنیەتیی ئاگركەوتنەوەكان و مامەڵەی كاربەدەستانی ڕێژیم لەگەڵ ئەم دیاردەیە تەمی گوومان دەخاتە سەر واقعییەتی سەرچاوەی سووتماكەكان. بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی هەستیاری ناوچە و پەرەگرتنی جموجۆڵی پێشمەرگە و میلتیاریزە كرانەوەی زیاتری ناوچە سنوورییەكان، بە دوور نازانرێ كە ڕێژیم بۆخۆی بەئەنقەست ئەنجامدەر یا لانیكەم ڕێگەخۆشكەری سووتانی ژینگەی سروشتیی كوردستان بێ بۆ ئەوەی ئەم ژینگە سروشتییە دالدەبەخشی لەباری وڵاتپارێزانی كورد نەبێ و بەم چەشنە هێزەكانی ڕێژیم باشتر و ئاسانتر ڕەسەدی ئەو ناوچە سنوورییانە بكەن كە لێیان نیگەرانن. ئەوەش شتێك نیە غەیری درێژەدان و دەستپێكردنەوەی هەمان سیاسەتی عەرزی سووتاو كە لە پاش ڕاگەیاندنی جیهاد بەدژی خەڵكی كوردستان و هێرشی هەمەلایەنە بۆ سەر شار و گوندەكانی كوردستان وەڕێ خرا.
پارێزگاری كردن لە ژینگە و لێرەوارەكانی كوردستان هەر پاراستنی چوارچێوەی سروشتیی ژیان و بنەمای گەشەسەندن و ئاوەدانیی كوردستان لە دواڕۆژدا نیە هەتا تەنیا وەك ئەركێكی مەدەنی و هاووڵاتێتی چاوی لێ بكەین. لەبەر ئەوەی گەلی كورد گەلێكی ڕەسەنە كە هەمیشە لە سروشت نزیك بووە و خاكیش بڕبڕەی ناسنامەی نەتەوایەتیی كوردە، هەستیاری و دڵسۆزی لە بەرامبەر سروشت و ژینگەی كوردستاندا هەر لەو كاتەدا ئەركێكی نیشتمانی و نەتەوایەتیشە.

# وتووێژ لەگەڵ عومەر باڵەکی



**پاش ماویەك دووری لە چیاکانی ڕۆژهەڵات ئامانجی گەڕانەوە بۆ شاخ و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات چ بووە؟**

عومەرباڵەکی: فەلسەفەی وجوودی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە واتە کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ لە نێو خاك و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ.

بۆ ئەو مەبەستە هیچ کات حیزب لە بواری ڕێکخستن و تێکۆشان بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی خەڵکی کورد لە ماف و ئازادیەکانی و خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافە زەوت کراوانە لە خەڵك و وڵات دانەبڕاوە و ئەگەر بە زاهیر لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حەرەکەت و جم و جۆڵی ئاشکرای پێشمەرگایەتی وەك ساڵانی ٧٠کان نەبووە، ڕاستییەکە کە ناتوانین خۆی لێ لابدەین بەڵام هاتنە پێشی ئەو وەزعە بە هیچ جۆر داخواز و دڵخوازی حیزب نەبووە بەڵکو چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی دەستیان داوەتە دەست یەك و ئەو وەزعەیان خوڵقاندووە.

بەڵام لانی کەم لە ماوەی ٨ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی لێك دانەوەی خۆی و هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجەکان هەوڵی داوە حزوری ئاشکرای هەبێ لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەهیدانی ماوەی ئەو ٨ساڵە شاهیدی ئەو حەرەکەتە و بە جێگا گەیاندنی ئەرکی نیشتمانی و حیزبی بووە و ئێستا کە ناوچەکە بە گشتی لە حاڵی ئاڵ و گۆڕدایە و کوردستان بە جۆرێك لە جۆرەکان بۆتە سەنتەری بەشێك لە ئاڵ و گۆڕەکان لە ناوچەکەدا زۆر سرووشتییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو بە ئاشکرا هێزەکانی بەرەو سنوورەکان بجووڵێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ پێوەندی زیاتر بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بگرێ و هێز و توانایەکی دیکە بە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەخشێ.

**ئاڵ و گۆڕەکانی ناوچە چ شوێنەواری و کاریگەرێکی لەسەر ئەم بڕیارانە هەبووە؟**

هەروەکی پێشتر باسم کرد ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بێ تەئسیر نەبوون لەسەر ئەو حەرەکەت و جم وجۆڵانەی هێزی پێشمەرگە. هەمووان ئاگاداری ئەوەین کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا مەسەلەی کورد بە گشتی لە چوارچێوەی مەسەلەی نێوخۆییەکانی وڵاتەکان هاتۆتە دەرێ و بۆتە مەسەلەیەکی جیهانی.

کە دەگوترێ مەسەلەیەکی جیهانی بەو مانایە کە کورد لە باشووری کوردستان لە زۆر بوارەوە وەك دەوڵەتێك لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە سەیری دەکرێ و بەتایبەتی ئێستا کە لەسەر ئەرزی واقع تەنیا هێزیەکی بازدارندە بووە لە بەرامبەر هێرشەکانی داعشدا و هێزی پێشمەرگە توانیویەتی بە دنیا بسەلمێنێ ئەگەر مەجال بە کورد بدرێ کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا و بڕیاری لەسەر بدا دەتوانێ فاکتەرێکی بە هێز بێ بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا.

لە باکووری کوردستان بە خەباتی بێ وچانی گەلی کورد توانیویەتی ئەو سەنگ و قورسایە بۆخۆی دەستەبەر بکا و کە ئەگەر کورد مجالی پێ بدرێ دەتوانێ بە جێگای ئەوە بە زمانی چەك بدوێ بە زمانی وتووێژ و دانوستان کێشەکان چارەسەر بکا و دەبینین لە وڵاتێکدا کە ٨٠ساڵ کورد بوون قەدەغە بوو ئێستا کورد بە قورسایەکی گەورە پاڕلمانی دەچێتە پاڕلمان و تەنانەت لەسەر چارەنووسی هەموو تورکیە قسە دەکا و بڕیار دەدا.

لە خۆرئاوای کوردستان لەو هەلەی کە هاتۆتە پێش کورد هەوڵی داوە خۆی بەڕێوەبەری و بوونی خۆی لە وڵاتێکدا بسەلمێنێ کە هەمووکات ئینکار کراوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبینین بەو هەموو زوڵم و زۆری و چەوسانەوەی کە لە کورد کراوە، گەلی کورد نەك تەسلیم نەبووە بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژیش ئاگای و زانیاری لەسەر مافە زەوتکراوەکانی زیاتر بووە و هەر بۆیە ویست و داخوازەکانیش لە شکڵ و وێنەی جۆرا و جۆردا چۆتە سەرێ و خۆ دەنوێنێ و لە هەر هەل و فورسەتێکدا کە بۆی هاتبێتە پێش بۆ دەنگ هەڵبڕین و سوور بوون لەسەر داواکانی خۆی هاتۆتە مەیدان و هەموو ئەوانە سرووشتییە یەك شەوە درووست نابن و نەبوون بەڵکو بەهۆی کار و تێکۆشان و ڕژانی خوێنی شەهیدان و لە هەمان حاڵدا کاریگەری ئاڵ و گۆڕەکانی ناوچە و دنیاشیان بەسەرەوە دیارە.

**لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێك حەرەکەتی جەماوەری بەڕێوە چووە ئایا جووڵەی هێزی پێشمەرگەی پشتیوانی لەو حەرەکەتانەی ناوخۆییە؟**

ئەو حەرەکەتە جەماوەریانە لە ماوەی ٣٦ساڵی ڕابردوودا لە ناوچە جۆرا و جۆرەکانی کوردستان بە بەهانەی جۆرا و جۆر ڕوویانداوە و ئیدامەیان هەبووە و هاتەوە دی هاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژەیان هەر دەبێ. حەرەکەتی جەماوەری خەڵکی مەهاباد بە ناڕەزایەتی دەربڕین بە مەرگی گوماناوی»فەریناز خوسرەوانی» جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە ماوەیەك بوو کۆماری ئیسلامی وای نیشانی دنیای دەرەوە دەدا کە لە ئێراندا کێشەی نەتەوەکان بەتایبەتی کێشەی کوردی نییەو لە دنیای پڕوپاگەندەدا خۆی بە پارێزەری مافی کورد دادەنا بەتایبەتی یارمەتی

گەیاندنی بە کوردی باشووری لە شەڕی داعشدا زۆر بە زەقی لە کۆڕو کۆبوونەوەکان دێنە بەر باس و لە دنیای دیپلۆماسی و دەرەوەی ئێران دا وای نیشان دەدا کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لایەنگری کۆماری ئیسلامین بەڵام دیتمان کە خەڵکی وەزاڵە هاتووی کوردستان چۆن ڕووداوێکی وەك ڕووداوی مەرگی گوماناوەی «فەریناز خوسرەوانی» دەقۆزنەوە دەرژێنە سەر شەقام و بە دژی دام و دەزگا و سیستمی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی شوعار دەدەن و نارەزایەتی خۆیان لەو سیستمە دەردەبڕن و لە کات و شوێنی وا دا زۆر سروشتییە کە خەڵك خوازیاری ئەوەبن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پشت سەریان بێ چونکە لە مێژە ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە کە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە وەك ماسی و ئاو وان و هەردووکیان پێویستیان پێك هەیە بەو مانایە پێشمەرگە بێ خەڵك هیچ مانایەك نادا و خەڵکی بێ پێشمەرگەش وەك هەتیو و بێ دەسەڵات وایە هەر بۆیە لە هەر حەرەکەت و جم وجۆڵێکدا دەبێ لە تەنیشت یەك و بە یەکەوەبن ئەوکات سەرکەوتن دەستەبەر دەبێ.

**ئەوە بۆ دووهەم جارە مەجالی بەشداری لە خەباتی چەکداری بە یەکیەتی لاوان دەدرێ زەروورەتی بەشداری لاوان لەم قۆناغەدا چیە؟**

ئەوە کە لە پرسیارەکەدا دەگوترێ بۆ دووهەم جارە لاوان مەجالی بەشداری حەرەکەتی چەکداریان پێ دەدرێ ڕەنگە دروست نەبێ، چونکە لە ئەساسدا دینامیزمی ئاڵوگۆڕ لە هەر کۆمەڵگایەك لە پێش هەموو چین و توێژێکدا لاوانن و جێ پێ و جێ پەنجەی لاوان بە خەباتی ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دیارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای پێك هاتنی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە لاوان دامەزرێنەری دوارۆژی وڵاتن، گرینگی و بایەخێکی زۆری دا بە لاوان. ڕێکخراوی لاوانی دامەزراند و لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی زەمینەی ڕەخساند کە لاوان بەشداربن لە کاروچالاکی بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا.

لە قۆناخی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستاندا لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە دیسان حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو مەجال و دەرفەتەی بۆ لاوان خولقاند کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بەشداربن و بەشداری کردن لە دیفاعی چەکدارانە و پێشمەرگانە یەکێك لەو دەرفەتانە بوو کە لاوان بەپێی تواناو ئیمکاناتی خۆیان شانبەشانی پێشمەرگەی کوردستان لەبەرەکانی شەڕدا بەشداریان کرد و شەهید و بریندارییاندا.

و لە قوناغی نوێدا دیسان ئەو مەجال و فورسەتە بۆ لاوان هەیە کە لە هەموو بوارەکانی خەباتدا بەشداربن و لە وزە و توانای خۆیان بۆ بەرەوپێش چوونی خەبات بە دژی چەوسانەوە و دەستەبەر کردنی مافو ئازادیەکانی گەلی کورد کەڵك وەربگرن.

**ئەرك و ڕۆڵی لاوان لە بزافی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتدا چییە و تا چ ڕادەیەك توانیویانە ئەو ئەرکانە بەرێوە بەرن؟**

هەر وەکو لە پرسیاری پێشوودا ئیشارەم پێکرد ئەو ڕاستیە سەلمێندراوە کە لە هەر وڵاتێك یا بزاڤێکی ڕزگاریخوازی دا ئەوە لاوانن لە ڕیزی پێشەوە دان بۆ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا و لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە لاوان داهاتووی هەر وڵاتێك بونیاد دەنێن هەر بۆیە ئەرکی لاوان چ وەك تاك و چ وەك ڕێکخراوەی لاوان زۆر گرینگ و هەستیارە لە بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستە ڕێکخراوی لاوان گرینگی بدا بە هەموو بوارەکانی خەبات و بەتایبەتی پەروەردە و پێگەیاندنی لاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و فەرهەنگیدا و هەوڵبدەن لە ڕێگای دانانی کلاس و کۆنفرانس و کۆبوونەوە و ... هەر بوارێکی دیکە ڕادەی زانیاری و تێگەیشتوویی لاوان لە بواری ناسینی ڕابردوو و مێژووی گەلی کورد و ئاشنا کردن بە مافەکانی گەلی کورد بە گشتی و لاوان بە تایبەتی و هەروەها ئەرکدار کردنی لاوان لە بەرامبەر پرسە نەتەوایەتییەکان،هەروەها بەشداربن لە پرسە گرینگەکان کە پێوەندیان هەیە بە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی.

بە هیوای سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ لاوان چرا و هیوای دوارۆژی وڵات.

وتووێژ: هاوڕێ ئەبنی عبباسی

# کورتە خوێندنەوەیەك بۆ " لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات"



سمایل شەرەفی

ئەگەر لە خۆمانی ئاڵۆز و پڕ پێچ و پەنا نەکەین، هەموومان هۆکاری هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕە نوێیە دەزانین و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی دا زۆری قسەی لە سەر کراوە.

لە گەڵ ڕێزمان بۆ خەبات و تێکۆشانی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم جووڵەو حەرەکەتە تازەیەی کە دەوترێ "گروتینێکی دیکەی بە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوە"، بەرهەمی بەخۆداچوونەوەیەکی وردو لە هەمان کات دا ئازایانەی حیزبی دێموکراتە بە هەر دوو باڵەکەیەوە. هەڵبەت بەو جیاوازییەوە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەخۆداچوونەوەکە گشتگیرو پڕمەوداتر بوو.

کەوابوو ئەم لاپەڕە نوێیە لە خەبات و خوێندنەوە بۆ کردنی پێش هەموو شتێك، رووی لە حیزبی دێموکراتە. حیزبی دێموکراتە کە ئەم رەوتە لە خەباتی دەستپێکردوە و چاوەڕوانییەکانیش زیاتر لەم حیزبەیە.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەم حەرەکەتە کە بە " لاپەڕەیەکی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ناوی دەرکردوە، گوڕوتینێکی تایبەتی بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەندامانی هەردوو باڵی حیزبی دێموکرات بەخشیوەو هیواو هومێدێکی نوێی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا چێ کردوەو لە هەمووی گرینگتر، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زیاتر لەم چەند ساڵەی رابردوو زەق کردۆتەوە. بەڵام ئەوە بەتەنیا ناتوانێ ئەسڵی مەسەلەکە بێ.

لەم پێوەندییەدا دوو مەسەلە زۆر جێی بایەخ و گرینگە:

یەکەم بۆ ئەوەیکە حیزبی دێموکرات بتوانێ وەك چۆن چاوەڕوانیی لێ دەکرێ، لەم "لاپەڕە نوێ"یەدا سەربەرزانە بێتەدەرێ و رەساڵەتی ئەم قۆناغە لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درووستی جێبەجێ بکات، پێویستە ناو ماڵی خۆی یەك بخاتەوەو لە داهاتوویەکی نزیك دا دەبێ حیزبی دێموکراتێکی یەکدەست و بەهێز ئەم جووڵەو لاپەڕە نوێیە رێبەری و مودیرییەت بکات.

لە ئێستادا دوو هێزی، هەردووك دێموکرات لە پەنای یەکتر و "چەك بەدەست" لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات جێگیرن کە بێگومان لایەنی ناحەزو دژبەر، لە پێش هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی ئێران، چاوی لە سەریانەو بۆیان لە پیلانگێڕی دان.

هەر لەم سۆنگەیەوە ئەگەر یەکگرتوو نەبین و لە درێژماوەدا نەتوانرێ لە ژێر رێبەریی و مودیرییەتێکی واحیدی دێموکراتێکی یەکگرتوودا جووڵەو حەرەکەتەکانی ئەم دوو هێزە رێبەری و مودیرییەت بکرێ، ئەگەری ئەوە هەیە دوژمنان و نەیارانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەنگاوەکانی دواتر خاو یان لە پەلوپۆ بخەن.

خاڵی دووهەم، "ئامانجدارکردنی" ئەم حەرەکەتەیە. ئەوە بەو مانایە نیە کە بوترێ: ئەی ئەگەر حیزبی دێموکرات مەبەستەکەی دیاری نەکردوە چۆن پێشتر جووڵەکەی کردوە یان لاپەرەیەکی دیکەی هەڵداوەتەوە. بەڵکوو مەبەست لە ئامانجدارکردن، خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەیە بۆ ئەم جووڵەو حەرەکەتە نوێیە.

شك لەودا نیە کە حزووری چەکدارانەی ئێستای هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر سنوورەکان و لە ناوخۆی وڵات، ناتوانێ بە شێوەو شیوازو جۆری خەباتی چەکداریی دەیەی ٦٠ و دواتریش بێ و هەموویشمان ئەوە باش دەزانین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا، کوردستانی دوو دەیە پێش ئێستا نیە. ئەگەر لە دوو دەیەی پێش ئێستادا خەبات تەنیا رەهەندێکی سیاسی – چەکداری هەبوو، ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان روخسارێکی دیکەیان بە کوردستان بەخشیوەو جۆری خەباتی مەدەنی، فەرهەنگی، خوێندکاری، ژینگەپارێزی و ئەدەبی و یاسایی و.. . کە هیزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باش و پێویستیان دەزانن، لە ئارادا هەن.

کەوابوو گوتاری ئەم خەباتە نوێیە دەبێ خۆی لە "خۆ بە تەوەر زانین " بە دوور رابگرێ. بایەخدانان بۆ سەرجەم رەهەندەکانی خەبات لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات یەکێك لەو پێویستیانەیە کە دەبێ لەم "لاپەڕە نوێ" یەدا بە بایەخەوە سەرنجی بدرێتێ.

# لە دەلاقەی مێژووەوە باشتر لە دۆخی ئێستا تێدەگەین!



حەسەن شێخانی

پ کا کا لە سەرەتاوە چ هەڵوێستێکی بە نیسبەت پارچەکانی دیکە هەبووە؟

سەبارەت بە ڕۆژئاوا:

ڕێژیمی بەعسی سووریە چەند سەد هەزار کوردی ڕۆژئاوای لە ناسنامە بێ بەش کردبوو، بەو بیانووە کە ئەوان خەڵکی وێ نین و پەنابەرن.

پ کا کا بەشێکی زۆری کوردەکانی ڕۆژئاوای بە «مهاجر» لە قەڵەم دەدا و دەیوت ئێمە دەیانگەڕێنینەوە باکوور!

ئۆجەلان دوای گیرانیشی ئەم هەڵوێستەی دووبارە دەکردەوە.

سەبارەت بە باشوور:

دەوڵەتە عەرەبیەکان: هەر چەشنە ستاتۆیەکی کوردی لە «باکووری عێراق» خەنجەرێکە لە پشتی جیهانی عەرەب

پ کا کا: ئەو فیدرالیزمەی باشوور خەنجەرێکە لە پشتی باکوور و بیستوومە ئۆجەلان دەڵێ لە پشتی تورکیەش!

سەبارەت بە ڕۆژهەڵات:

ئەو کاتەی کە پ کا کا دروشمی «کوردستانی گەورە«ی دەدا، مەقەراتی لە ورمێ هەبوو، بە ماشینی پاسداران لەم پەڕی سنوورەوە بۆ ئەوپەڕی سنوور هاتووچۆیان دەکرد، سەرکردەکانی لە هۆتێلە راقیەکانی تاران دەحەوانەوە، ئۆجەلان خۆپیشاندەرانی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٧٧ی هەتاوی بە داردەستی ئیسرائیل لە قەڵەم دا؛ تۆمەتێك کە هەمیشە ڕێژیم لە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی دەدا. ئەگەر بە ڕاستی «کوردستانی گەورە«ت دەویست و ئیدیعات دەکرد لە دژی ئێرانیش خەبات دەکەی! چۆن دەتوانی بە ئازادی لە ڕۆژهەڵات و ئێران لە هاتووچۆ دا بی و هۆتێل «ئیستقلال»ەکان شوێنی حەوانەوەی سەرکردەکانت بن!

سەبارەت بە باکوور، مەیدانی خەباتیان:

تەواوییەتخوازیی و هاڕینی هەر کەس و لایەنێك کە ملکەچیان نەبێ. هەمووومان هێرشی پ کا کامان بۆ سەر عوسمان بایدەمیر لەو یەك -دوو جارە لەبیرە، کە هەڵوێستێکی جیاواز لەو پارتەی هەبوو. لە باکوور ئاستی داخوازییەکانیان ئەوەندە دابەزاندووە کە وەك ئۆجەلان دەڵێ: ئەو شتەی داوای دەکەن نە فیدرالیزمە، نە ئۆتۆنۆمی؛ بەڵکوو چەشنێك حوکمی زاتی و خۆبەڕێوەبەری پارێزگاکانە. واتە کۆماری تورکیە دێموکراتیزە بکرێ و کورد لە مافی شارۆمەندیی بەهرەمەند بێ و لە ناوچەکانی خۆی دەسەڵاتی ناوچەیی هەبێ.

پێش ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی سوریە، ئۆجەلان لە دیدارێك لەگەڵ پارێزەرەکانی دەڵێ: ئێمە دەبێ لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد و ئێران هاوپەیمانی پێك بێنین! بە فێعلیش پێکهاتووە و دەرەنجامەکانی دەبینین. هەر لەم ڕاستایەدا چەند ساڵ لەمەوبەر جاسووسانیان ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد و بە پێی ڕێککەوتنێکی ئەمنییەتی ڕۆڵی پاسەوانی سنووری کۆماری ئیسلامی دەگێڕن. زۆر سەیرە بەو وەزعەوە تۆمەتی مۆرەی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە دەدەن.

عەمەلکری پ کا کا بە نیسبەت پارچەکانی دیکە درێژەی ئەو ڕەوتە مێژووییە کە چەند خاڵێکمان ئاماژە پێکردن.

ئێستاش لە ژێر ناوی پژاك بە ڕواڵەت خەبات بۆ ڕۆژهەڵات دەکا، بەڵام لە پشت پەردە و لە واقیعدا بە شێوەیەکی دیکە دەجووڵێتەوە. جاران لقی ڕۆژهەڵاتی پ کا کا(پژاك) دەیانگوت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تووشی کەمپ نشینی بوون و بۆ نایانەوە شاخ! ئێستاش کە حدك و حدکا بەشێك لە هێزەکانیان لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات جێگیر کردووە، تووشی ترسێکی هیستریك بوون؛ چونکە ئەوان بوونی خۆیان لە ناچالاکیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دا دەدۆزنەوە. پ کا کا لە ئێستاوە چاوی لەوەیە کە لە ئەگەری هاتنەئارای هەر ئاڵوگۆڕێك لە ڕۆژهەڵات، مۆدێلی ڕۆژئاوا دووبارە بکاتەوە و بە ساتوسەودا و هاودەستی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لانیکەم بەشێك لە ڕۆژهەڵات بۆخۆی قۆرخ بکا و هەیمەنەی پاوانخوازانەی بە سەردا بسەپێنێ.

یەکێك لەو کارانەی کە پەکەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد و فەرهەنگسازیشی بۆ کرد، ڕاکێشان سەرنجی لاوانی ڕۆژهەڵات بۆ باکوور و، چەشنێك پەراوێزخستنی پرسی ڕۆژهەڵات و خستنە خزمەتی لاوانی ڕۆژهەڵات بوو لە پێناو باکووردا. ئەم کارەشی لە بەرگی نەتەوەیی بوون و لە ڕێگەی ئیقناعی ئایدۆلۆژییەوە دەکرد. پێدەچی لە سەر ئەو بنەمایەش بێ کە لە سەرەتاوە پەکەکە مەجالی جموجۆڵی لە ئێران پێدرواە و پێوەندی لەگەڵ ئێران هەبووە. پەکەکە پێش گیرانی ئۆجەلان و لە قۆناغی دروشمی کوردستانی گەورەدا، لە ژێر ناوی ئەوەی کە ئامانجمان کوردستانی گەورەیە و بۆ هەموو کوردستان خەبات دەکەین، ئەو کارەی دەکرد. دوای گیرانی ئۆجەلان و دەست هەڵگرتن لە دروشمی کوردستانی گەورە و هێنانە ئارای کۆنسێپتی کۆماری دێموکراتیکی تورکیە و خۆبەڕێوەبەری دێموکراتیك، بە دروست کردنی سیغەیەك بە ناوی پژاك، لە وزە و توانای ڕۆژهەڵات لە پێناو ئامانجەکانی دا کەڵك وەردەگرێ. لە ڕاستیدا پژاك و ڕۆژهەڵات ئامرازێکن کە پەکەکە لە پێناو خۆی و باکووردا کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

ئاسەورای ئەو فەرهەنگسازییەی پەکەکە ئەوەیە کە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتیەکان خۆیان لەبیر کرد، ڕۆژهەڵات، تەوەری کارو خەباتیان نەبوو، لە جیاتی ئەوەی کە کار بکەن بۆ بەرۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و، ئەمەش وەك فاکتەرێکی بەهێزکەرو یارمەتیدەری باکوور و پارچەکانی دیکە ببینن، زیاتر بە کێشەی باکوور و پارچەکانی دیکەوە خەریك بوون و تا ئێستاش ئەو ڕەوتە بەردەوامە.

مەترسی هێزگەلی وەك پ کا کا ئەوەیە کە باوەڕیان بە پلۆرالیزم نییە و ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێ کۆمەڵگە خەفە دەکەن و هەوڵی یەکسانسازیی جڤاکی دەدەن.

هیچ گومانێك لەودا نییە کە پ کا کا خەباتی کردووە و قوربانی داوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە نیسبەت پارچەکانی دیکە هەڵوێستێکی چەوتی هەبووە و پێویستە لەم بوارەش دا پێداچونەوەیەکی جیدیی بە خۆیدا بکا و چیتر لە سەر حیسابی گەوجاندنی کۆمەڵگە، درێژە بەم سیاسەتەی نەدا.

# مەرگێکی کپ و بوونێکی مانادار بە بۆنەی کۆچی دوایی یەکەم ژنە مامۆستای قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار



عەلی لەیلاخ

کە باس لە دەسکەوت و دەرئەنجامە سیاسیی وفەرهەنگی دەوڵەتی کۆمار دەکرێت بێ شك دەتوانین لە زۆر لایەنەوە ئەو بزاڤە سەردەمیانە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی بەها دان بە دەسکەوتەکان و سڕینەوەی کەموکورییەکان. هەر ئەمە واتا هەڵسەنگاندنی بێ لایەن وتاوتوێ کردنی رووداوەکان و خوێندنەوەی لۆژیکی رابردوو، بنەمای کەڵك وەرگرتنە لە مێژوو بە مەبەستی کردنەوەی ئاسۆیەکی روون بۆ ئێستاکەو هەوڵدان بۆ دابین کردنی داهاتوویەکی پرشنگدار.

راستە کورد بە هۆی بێ بەشبوونی لە دەسەڵاتی سیاسی/کیانی، نەتەنیا وەکوو خۆی لە میژوو نیشان نەداروە، بەڵکوو زۆرجاریش وەلا خراوە. ئەگەر ئاورێکی خێرا لە مێژووی کورد بدەینەوە لە دوای شەری جیهانی دووەم، بۆمان دەردەکەوێت کە ل ە(ژ،کاف)وە کورد بە گشتی وبە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو خۆی دەنووسرێت. چونکە لە رووداوەێکی گرینگ واتا دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی ئاکتیڤ لە نەخشاندنی مێژووی خۆی بەشداره، هەربۆیە هەرچەشنە هەوڵدان بۆ سرینەوەی بێ ئاکام دەمێنێ چونکە لە زۆر بواردا تەنانەت نەیارانی کوردیش دادن بۆ دەسکەوتە دادەنن.

پێناسەی سەرەکیی وسەردەمیانەی بزاڤی ساڵی ١٣٢٤ «دەوڵەتی جمهوری کوردستان»ە .واتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، نەك تەنیا بە دەسەڵات گەیشتنی لایەنێکی دیاری کراو، دەوڵەت پێکهاتەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی و ئابوورییە و خاوەنی هێما وپێناسەی سەربەخۆیە کە دەبێ لە نێوانی خەڵك ودەسەڵات پێوەندیەکی پتەوهەبێ تاکوو ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتیك، بۆ ئەوەی خەڵك خۆیان لەو دەوڵەتە بە دەسەڵات گەیشتووە ببینەوە ئەویش دەوڵەتی ئەوکاتی کۆماری کوردستان کە تازە رسکاووساوا بوو بۆ مانەوەی و بۆ ئەوەی تاك بە تاکی کۆمەڵگەی کوردی کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەبوو لە بێ دەسەڵاتی وچەرمەسەریی، بەرەو دێموکراسیەت ودەوڵەتداری رابهێنێ هەر لە یەکەم رۆژانی سەرکەوتندا بایەخ وگرینگی تایبەتی بە نیزامی «پەروەردە»و راهێنان دا.راستە تەمەنی ئەم دەوڵەتە کەمتر لە ١١مانگی خایاند، بەڵام هەوڵەکانی لە زۆر بواردا لە جێگەی خۆی ولە چوارچێوەی ئەرکە دیاریکراوەکانی دەوڵەتدا بوو. بۆ نموونە رەخساندنی کەشی تایبەت بە هاتنە مەیدانی ژنی کورد تا هاوشان و پاڵپشتێکی پۆزتیڤ بۆ راپەراندنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وسیاسییەکان بن ، ئەویش لە وەها قوناخێك کە ژنان زیاتر کویلەی نیزامی پیاوسالارانەو دواکەوتوو بوون. ئەوە یەك لە خاڵە ئەرینی وبەهێزەکانە کە دەتوانین ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆ پێشکەوتن وسڕینەوەی لەمپەرەکانی سەر رێی سەرکەوتن بەرز بنرخێنرێت.

ئەگەر پێشوا قازی محەمەد» جیا لە سەرۆك کۆمار، وەکوو لیدرێك بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی جێگای دروشاوەی هەیە، بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە راستە خۆ کەسایەتێکی ئاینی بوو بەلام هیچکات بیرۆکەی ئاینی نە کردە کۆسپێك بۆ سەر رێی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، بەڵکوو بەهۆی وشیاری وتێگەیشتنی سەردەمیانە هەستی بەوە کردبوو کە بۆ ورووژاندن وسەقامگیر کردنی ناسیونالیزم لە ناخی کۆمەڵگە پێوستە گرینگی بە «پەروەردە»بدرێت. دەیزانی ژنان بەشێکی قورس وکاریگەرتریان هەیە لە سەر پەروەردەی کۆمەڵگە هەربۆیە بستێنیکی وەهای رەخساند تا ژنان لە کونج وپسێوی دیوەخان بێنە مەیدانی چالاکی ولە پرۆسەی شارۆمەندی ودەوڵەتداری بەشدار بن. رەنگە «پێشەوا»وەك باڵاترین مەقامی کۆماری کوردستان بەتەواوی هەستی بەم قسەی ڤیکتۆر هۆگۆ»کردبێت کە دەڵێ: «ئەگەر دەتهەوێ کۆمەڵگایەك بە یەخسیری بمێنێتەوە، سەرەتا ژنانی ئەو کۆمەڵگە یەخسیربکە، چونکە ژنی کویلە ناتوانێ بەرەیەکی ئازادیخواز پەروردەبکات.»

ئەگەر سەرەتا لە بنەماڵەی خۆیەوە واتە» مینا خانمی هاوسەری» هان دە دا و تێچووی بەشداریی ژنان لە کاروباری رێکخراوەیی بە ئەستۆ دەگرێ هەتا پیاوانی دیکەش لەم بارەوە هاندەر بن، دەرخەری ئەوەیە کە «پێشەوا» گەلێکی ئازادیخوازی دەویست، نەك خەڵکێکی گوێ لە مست.

هەڵبژاردنی «میسری خوسرەوی» ناسراو بە «خانمێ»وەکوو یەکەمین ژنە مامۆستا لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار لەسەر داوای شەخسی پێشەوا، لە کاتێك دایە کە هێشتا لە ئێران بەگشتی مەجالێکی وا نەدراوە بە «کچان وژنان» کە بچنە خوێندنگەو فێری خوێندن ونووسین و زانست بن. تەنانەت زۆرێك لە قوتابخانەی تایبەت بە کچان» لە ژێرناوی ئایین وبە پێی داخراویی نیزام ودەسەڵاتی پاشایەتی ئەوکاتی ئێران دادەخرێن، بەڵام حوکومەتە ساواکەی کۆمار هەست بەو بەرپرسایەتییە دەکات و نە تەنیا رێگەرنابێ بەڵکوو هەر لە خودی ژنان واتە «دایە میسری»داوا دەکات کە ببێ بە مامۆستاو لە خوێندنگەی»قەلا سەرداری» بۆکان وانەی کوردی دەڵێتەوە. کە ئەمە بۆ خۆی وانەیەکی روناکبیرانەو یەکسانیخوازانەیە بۆ سەرجەم رێکخراوەکان ولایەنە سیاسییە کوردییەکان چ ئێستاو چ داهاتوو، کە کەمرەنگ کردنی دەورو رۆڵی ژنان سەرەتا خەسارێکی رووخێنەرە بۆ ئەو بزاڤەو لە ئاستی بەربلاوتر بەربەست خستنە لەسەر رێ گەشەی کۆمەڵگە.

هەربۆیە بە بۆنەی کۆچی دوایی یەکەم ژنە مامۆستای قوتابخانەکانی سەردەمی کۆمار جێگای خۆیەتی کە هەوڵە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکانی «پێشەوا» بە هێند وەربگرین و هەروەها ڕێزدابنین بو ماندوویی وتێکۆشانی سەرجەم ژنانی کورد کە سەرەرای سەرکوت ودەمکوتی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە پێناوی گەشەو جێ خستنی چەمکە ئینسانی ونەتەوەییەکان خەمسارد نەبوون وچ لەشاروچ لە شاخ لە کاروانی ڕزگاریخوازی کورددا بەشدارن. کەواتە ئەرکی سەرشانی هەموو حیزبێکی سیاسی ودەوڵەتی کوردییە کە مەجالی زیاتریان بۆ برەخسێنێ و دان بەم ڕاستییەدا دابنێن کە ژنی کویلە و کۆمەڵگەی کویلە بەیەکەوە گرێدراون.

لە کۆتاییدا با بڵێم: سپاس بۆ مەرگ کە زۆرجار دەبێتە هۆی یادکردن وڕێزلێنان لەو کەسانە کە بەراستی شایانی ڕێزگرتن ویاد کردن وفەرامۆش نەکردنن.



## یادێك لە ٥٩ شەهیدی مەهاباد

عومەر باڵەکی

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی هەر ساڵێك بیرخەرەوەی کارەساتیکی تاڵ و دڵهەژێنە لەو ڕۆژەدا ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد لە زیندانی تەوریز بە حوکمی دادگای شەرع بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ دژی شۆڕش ئێعدام کران و هەواڵەکەی لە لایان فەرمانداری ئەو کاتی مهاباد «حمیدرضا جلالی‌پور» لە ڕاگەیاندراوێك دا کە لە ناو شاردا بڵاو کرایەوە، ڕاگەیاندرا.

هەر وەکی گوترا ئەو ٥٩ کەسە بە تاوانی هاوکاری کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو مانگی خاکەلێوە و بانەمەڕی ئەو ساڵەدا بە شێوەی ڕەش‌بگیر دەست بەسەر کرابوون.

ئێستا کە ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە قێزەونەدا تێپەڕ دەبێ، ڕوون نییە کە ئەو ٥٩ کەسە کە لە شاری مەهاباد گیرابوون بۆ پێکەوە ئێعدام کران و کێ و چ کەسانێك بڕیاری ئێعدامی ئەوانیان دا و هۆکاری چی بوو هەر ٥٩ کەس کە لە بواری تەمەن و تەنانەت کەسایەتیەوە پێکەوە جیاوازیان هەبوو چۆنە لە یەك دادگا دا دادگایی کران و حوکم دران ئەو حوکمەش کە ئێعدامە لەسەر هەموومان یەکجێ بەڕێوە چووە؟ دوای ئێعدام کردنیان بۆ جەنازەکانیان تەحویلی بنەماڵەکانیان نەدراوەتەوە یا لانی کەم شوێنی گڵکۆکەیان نیشانی بنەماڵەکانیان نەداوە؟.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٢ی هەتاوی بەو کردەوەی خۆی دەیهەویست چ پەیامێك بدا بە خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر چاو لە وتە ونوسراوەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەم دا بکەین باشتر دەتوانین وڵامی ئەو پرسیارە و هەموو پرسیارەکانی تر بدینەوە و شێوەی تێڕوانینی ئەوان لە سەر خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانین.

خەڵخالی لە ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا کە تەنیا چەند مانگێك بەسەر بە دەسەڵات گەیشتنیان تێپەر دەبێ لە ڕۆژنامەی «کیهان» دا سەبارەت بە کێشەی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان بەو شێوەیە دەدوێ: «رێگا چارەی قەیرانەکانی وڵات ناردنی ئەرتەش بۆ سەر سنوورەکانە ...». یا خومەینی لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا هەر لە ڕۆژنامەیەی کەیهان دا هاتووە ئاوا دەڵێ «ئەوانە لە ئیسلام دەترسێن، ئەوانە لە قانوونەکانی ئیسلام دەترسێن، ئەوانە دەیانهەوێ ئیسلام نەبێ، ئەوە هەرشتێك بێت پیلانگێرییە. ئەگەر پیلانگێری ڕوویدا ئیدی ئێمە ناتوانین هەتاسەر دان بە خۆمان دا بگرین و پیلانگێریەکان قەبووڵ بکەین، مەسەلەی ئیسلامە، لە مەسەلەی بەرژەوەندی موسوڵمانان دا ئێمە ناتوانین چاوپۆشی بکەین.»

لە ڕاستی دا هەم لێدوانی خەڵخالی و هەم قسەکانی خومەینی ڕوویان لە کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو چونکە هەر چەند ڕۆژ دواتر خومەینی فتوای هێرشی بۆ سەر کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دەر کردوە دەستووری دا بە ئەرتەش و سپا بە هەر قیمەتێك بێ کوردستان داگیر بکەنەوە و لەو کاتەدا خومەینی تەنیا بە ناردنی ئەرتەش و سپا بۆ سەر کوردستان ڕازی نەبوو و بەڵکوو دۆست و هاوکاری کۆنی خۆی سادق خەڵخالی وەك حاکمی شەرع بە دەسەڵاتێکی ڕەها ناردە کوردستان بۆ زیاتر سەر کوتی خەڵك، کە هەمووبان دەزانین لە ماوەیەکی کەم دا خەڵخالی بە جەلادی کوردستان ناوی دەرکرد.

بە پێی ڕاپۆرتی ریکخراوی لێبوردنی گشتی لە سەر کەوتنی شورشی گەلانی ئێران هەتا ڕەشەمەی ساڵی ٥٨ ڕادەی ٤٣٨ کەس ئێعدام کراون و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی ڕانەوەستاوە و قۆناغی ئێعدام کردنەکان بە پێی هەل و مەرجی سیاسی لە ناو خۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەڵکشان و داشکان دابووە بەڵام

قەت ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە کار نەکەوتووە بۆ نموونە بە پێی ئامارێك لە نێوان ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ی هەتاوی کە لوتکەی ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دابوو رادەی ١٠٧٠٠ کەس ئێعدام کراون یا نزیکترین ساڵ لە سەر دەمی ئێستا دا دەتوانین ساڵی ٩٣ی هەتاوی بە نمونە بێنینەوە کە بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ رادەی ٨٥٢ کەس سزای ئێعدامیان لەسەر جێبەجێ کراوە.

لەسەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی دەزگای دادوەری بە ناوی حاکمی شەرع هەر کەسی دەگرت و ئێعدامی دەکرد لە ژێرناوی «سەر بەرژیمی پێشوو» و یابە تاوانی « دژی شوڕش» حوکمی ئێعدامیان بە سەر دا دەسپاند. بەڵام بەرەبەرەکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ژێر رەحمەتی شەری ئێران ـ عێراق توکمەتر بوو و زیاتر خۆی سەپاند، دەستەواژەکان بۆپاساوی ئێعدامەکان گۆڕان و بوون بە«مفسدفی الارض و «محاربه باخدا» بەو شێوەیە دەسەلاتداران ویستیان لە بیر و ڕای گشتی خەڵکی ئێراندا شەرعییەت بدەن بە ماشێنی ئێعدامەکانیان.

کاتێك ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد کە دوو مانگ لە گیرانیان تیپەڕ نەدەبوو بە بڕیارێك ڕادەگوزرێن بۆ شاری تەورێز ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی شەرقی و لەوێ هەر ٥٩ کەسەکە لە یەك رۆژ و لە یەك کات دا ئێعدام دەکرێن دەبێ گەلی کورد چۆن بروانیەتە سیستمی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی.

ئەو٥٩ کەسە لە تەمەنی جۆراوجۆردا بوون، لاوی تەمەن ١٦- ١٧ ساڵیان تێدا بووە هەتا پیاوی کامڵ تەمەن ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵو لە هەمان حاڵدا لە چینو توێژی جۆراوجۆری شاربوون لە قوتابیو خوێنداکار هەتا دوکانداریو بازاڕیان تێدا بووە. هەربویە چ لە بواری تەمەنەوە چ لە بواری تێروانین بۆ ڕووداوەکان ئەو ٥٩ کەسە ناتوانن وەك یەك بن، بەڵام دادگای شەرعی تەورێز بێ گوێدان بە هیچ بنەمایەکی قانوونیو ئەخلاقی وەك ئەوە کە دەبێ زیندانی «تفهیم اتهام» بکرێو مافی ئەوەی هەبێ کە پارێزەر بۆخۆی دیاری بکاو لە دادگایەکی عادڵو دادپەروەر دادگایی بکرێو دوای دەرچونی حوکمی دادگا مافی ئەوەی هەبێ تانە لە حوکمی دادگا بدا بۆ ئەوەی لە دادگای تێهەڵچوونو پێداچوونەوەدا داوای پێداچونەوە بۆ حوکمی دادگا بکرێو لە هەمان حاڵدا مافی ئەوەی هەبێ چاوی بە کەسو کارو بنەماڵەی خۆی بکەوێ. بەڵام دەبینین ماوەی زیندانی کردنو بەڕێوە چوونی حوکمی ئێعدام ئەوەندە کەمە کە مەجالی هیچکام لەوانەی سەرەوە کە باسمان کرد بەو ٥٩ کەسە نەدراوە هەروەکی ئەوە وابێ ئەو ٥٩ کەسە لە مەیدانی شەڕدا گیرابنو دادگای نیزامیان بۆ تەرتیب درابێ. پرسیار ئەوەی بەڕاستی بۆ وا بە پەلە ئەو٥٩ کەسە ئێعدام کران؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە بزانین هەلو مەرجی ئەوکات ناوچەکە چوون بووە. کاتێك ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد ئێعدام کران، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی توانای بەربەرەکانیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا نەبوو بۆیە باشترین ڕێگا بۆ بردنهسەری ڕۆحیەی هێزەکانیانو چاوترساندنی خەڵك کە هاوکاری پێشمەرگە نەکەن، گرتنو ئەزیەتو ئازارو ئێعدام کردنی خەڵکی شارو گوندی کوردستانیان وەك ستراتیژیەکی نیزامی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان دیاری کردبوو و لەو سەردەمداچلەپۆپەی ئەو ستراتیژییە ئێعدام کردنی ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد بوو.

لە کۆتایەکانی مانگی بانەمەڕو سەرەتای جۆزەردان ساڵی ٦٢ پێش ئەوەی ئەو٥٩ کەسە ڕابگوێزرێن بۆ زیندانی تەورێزو لەوێ ئێعدام بکرێن لەیەکێك لە چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە قائیممقامی قەرارگای هەمزە بە ناوی «بروجردی» دەکوژرێ، ناوبراو کە لە سەرکوتی خەڵکی کوردستانو دروستبوونی جاش ڕۆڵی سەرەکی هەبوو کوژرانو لە دەستدانی بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو هەربۆیە کوژرانی « بروجردی» دژکردنەوەی بەرپرسانی حکوومەتی تارانی لێ کەوتەوە. مێرحوسێن مووسەوی کە ئەوکات سەرۆك وەزیران بوو بە توندی هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی کوردستانو داوادەکا هێزە نیزامیەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجردی بکەنەوە. «هاشمی رفسنجانیو محسن رفیقدوست» هەڵوێستی توند دەگرنو هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستانو حیزبەکانی کوردستان.

دوای دەرکەوتنی ئەو دژکردەوانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ چەند کۆبوونەوەیەك لە شۆرای ئەمنیەتی مەهاباد پێك دێو بە هاوکاری قەرارگای هەمزە بڕیاردەدەن دژکردەیەوەیەکی توند نیشانی خەڵكو حیزبەکانی کوردستان بدەن. هەربۆیە ئەو٥٩ کەسە کە لە ماوەی مانگەکانی خاکەلێوەو بانەمەڕدا دەست بە سەر کرا بوون ڕاپێچی زیندانی تەورێزیان دەکەنو لەوێش لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا هەر٥٩ کەسەکە مەحکووم بە ئێعدام دەکەنو هەر لەوێش حوکمی ئێعدامیان لە سەر جێ بە جێ دەکەنو بە پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو بە مەبەستی ترساندنی خەڵکی مەهاباد هەواڵەکە بە شێوەی ڕاگەیەندراوێکی فەرمانداری مەهاباد بڵاو دەکەنەوە.

ئەوەی جێگای سرنجو لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسەی خەڵکی مەهاباد بێجگە لە ڕاگەیندراوی فەرمانداری لە هیچ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی وڵاتدا بڵاو نەکراوەتەوە تەنانەت ڕۆژنامەکانی «اطلاعاتو کیهان» کە ڕوماڵی ڕووداوەکانی کوردستانیان کردووە خۆیان لە باسی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بواردووە. دەبێ حیکمەت چ بێت کە ئێعدامی٥٩ کەس بێ تاوانی مەهاباد ئاوا پەردەپۆش کراوە؟

# کاریگەرییەکانی ململانێی ئێران و عەرەبستان لەسەر ڕەوتی ڕادیکالیزم و مەسەلەی دێموکراسی لە ناوچەدا



مستەفا مەعرووفی

ململانێی ئێران و عەرەبستان لە ناوچەدا دوای سەرهەڵدانی داعش و شەڕی نێوخۆیی یەمەن پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەم ململانێیە کە بەر لە هەموو شت لە دیپلۆماسیی نەوتدا و پاشان پێشبڕکێ لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا خۆ دەنوێنێ، کاریگەریی لەسەر پەرەگرتنی توند ڕەوی و بەهێزبوونی ڕەوتە رادیکاڵەکانی لایەنگری هەردوو لا لە ناوچەدا هەیە و پاشان کاریگەریی لەسەر کێشە نەتەوەییەکانیش دەبێ. مەسەلەی دیموکراسی ئاڵقەی ونبووی ئەم ڕووداوانەیە. مەترسییەکانی ئەم ململانێیە و ئەگەری کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان لەو مەسەلانەن کە لەم چەند دێڕەدا باسیان دەکرێ.

دوو بەرەی شیعە و سوننی

ئێران و عەرەبستان پێش سەرهەڵدانی داعش و شەڕی یەمەنیش پێوەندییەکی باشیان نەبوو، تەنیا لە سەردەمی سەرکۆماریی سەید محەممەدی خاتەمی (١٣٤٨ ـ ١٣٧٦)دا پێوەندییەکی تا رادەیەك ئاسایی لە نێوانیاندا هەبوو، ئەگینا لە پاش هاتنە سەرکاری کۆماریی ئیسلامییەوە ئەو پێوەندییە تێکەڵ بە ململانێ، کێشەی دیپلۆماسی و تەنانەت ڕووداوی خوێناوییش بووە. لە ساڵی ١٣٦٨دا نزیکەی ٤٠٠ ئێرانی لە ڕێورەسمی حەجدا کوژران و بریندار بوون. لەوساڵەدا خۆپێشاندانی ئەو بەشە لە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی لە مەککە کە خولیای ناردنە دەرەوەی شۆڕشیان لە کەللەی دابوو کەوتە بەر دەسڕێژی پۆلیسی عەرەبستان و لە خوێن وەردرا.

ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لە نیۆیۆرك هاوکێشەی سیاسیی لە ناوچەدا بە قازانجی ئێران گۆڕی. تا ئەو کاتە رادیکالیزمی شیعی کە ئێران نوێنەرایەتیی دەکرد وەك گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئەمریکا بە تایبەتی و ڕۆژئاوا بە گشتی دەهاتە بەر چاو. بەڵام رادیکالیزمی سوننی کە ئەلقاعیدە نوێنەرایەتیی دەکرد هاوکێشەکانی گۆڕی. هێرش بۆ سەر ئەفغانستان (٢٠٠٢) و عێراق(٢٠٠٣) بە کردەوە ڕۆڵی ئێرانی لە ناوچەدا زیاتر کرد. ئێران لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقدا نەك هەر نەی توانی خەونی لەمێژینەی بۆ دەسڕاگەیشتن بە کەربەلا بەدی بێنێ، بەڵکوو لەبەرامبەر عێراقدا شکستێکی تێکەڵ بە جامی ژەهری خوارد. لە ٢٠٠٣دا بێ ئەوەی سەربازێکی بە کوشت بدا دەستی بە کەربەلا ڕاگەیشت. لە راستیدا عێراق لەو کاتەوە بۆتە ناوچەی ژێر نفووزی ئێران.

شەڕە نێوخۆییەکانی سووریە، یەمەن، عێراق، خۆپێشاندانی شیعەکان لە بەحرەین کە لە ڕاستی دا شەڕی نێوان هێزە رادیکاڵییە شیعە و سوننییەکانە بواری دەستێوەردانی ئێران و عەرەبستانی لەو شەڕاندا لە دژی یەکتر پێك هێناوە. هەر کامیان لە هەوڵی ئەوەدایە لایەنگرانیان بەهێز بکەن و مەیدانی نفووزی خۆیان بەرین بکەنەوە بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچە دا بپارێزن. ئێران لێبڕاوانە لە هەوڵ دایە کەوانەی شیعی (ئێران ـ عێراق ـ سووریە ـ لوبنان) پێك بێنێ، لە هەرسێك وڵاتدا جگە لە پشتیوانیی ئابووری سەربازەکانیشی حوزووریان هەیە و بە کردەوە لەشەڕدا بەشدارن.

تەحریمی نەوتیی ئێران لەلایەن ئەمریکا لە دوو ساڵ مەوبەرەوە و هاوکات چوونەسەری ڕێژەی بەرهەمی نەوت لە لایەن عەرەبستانەوە ئەم ململانێیەی زیاتر کردوە. ئێران پێی وایە عەرەبستان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی نەوتی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکاندا بەرهەمی نەوتی خۆی دەباتە سەر بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بتوانێ تەحریمەکانی سەر ئێران درێژە پێ بدا.

ململانێی ئەم دوو وڵاتە تەنانەت لە ئاستی کێشەی نێوان دوو وڵاتیش تێ پەڕیوە و ئاقاری ناوچەیی بەخۆیەوە گرتوە. ئەو وڵاتانەی لە ڕووی مەزهەبییەوە و هەروەها لە ڕووی قازانجی ئابووری و ستراتیژیەوە لێك نزیکن خستۆتە بەرەیەك و بە کردەوە بەرەیەك بە ڕێبەرایەتیی عەرەبستان و بەرەیەکیش بە ڕێبەرایەتیی ئێران لە ناوچەدا بەرامبەر یەکتر ڕاوەستاون.

مەسەلەی دیموکراسی لەم ململانێیەدا

بێگومان دیموکراسی لە پەرەگرتنی ئەم ململانێیەدا جێگایەکی نیە؛ کێشەی ئێران و عەرڕەبستان نە کێشەی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریە و نەکێشەی ڕاست و چەپ و نە کێشەی داگیرکەر و ئازادیخواز. کێشەکە پێشبڕکێی نفووزی ئەو دوو لایەنە کە لە شکڵی کێشەی مەزهەبیدا خۆی دەنوێنێ. ئیمکانات و پشتیوانیی ئەم دوو لایەنە بێگومان ڕەوت و هێزە رادیکاڵییە ئیسلامییەکانی دوو لایەن دەگرێتەوە. پەرە بە دەمارگرژیی ئایینیی دوو لایەن دەدا، سەرنجی خەڵکی ناوچە بە تایبەتی توێژی لاو کە بەرامبەر بە ڕووداوەکان زیاتر لە هەر توێژێکی دیکە هەستیارن و زووتر دژکردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن، بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە ڕەوتە رادیکاڵە ئیسلامییەکان گەرکیانە. ئەوان لە دۆخێکی وادا سەربازەکانیان ڕادەکێشن و تەیاریان دەکەن. ئەم ململانێیە دەمارگرژیی ئایینی زیاد دەکا و گیانی مەدەنییەت و ئۆگری بە ئەمنییەت کەم دەکاتەوە. بیری دیموکراسی و پێکەوە ژیان و گەشەی ئابووری و بیری

چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای وتووێژەوە لاواز دەکا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هێزە پێشکەتنخواز و دیموکراتەکان کە هەرلە بنەڕەتدا بەهۆی سەرکوت و رابردووی دوور و درێژی دیکتاتۆری لە ناوچەدا هێزی سەرەکی نین، لاوازتر بن و بکەونە ژێر کاریگەریی شەڕە مەزهەبییەکانەوە.

مەترسییەکانی ئەم ململانێیە لەسەر نێوخۆی ئێران و کوردستان

ئێران لە رووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییەوە فرە چەشنە؛ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران هەم لە رووی نەتەوەیی و هەم لە رووی ئایینییەوە لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئێران جیان. نەتەوە و پەیڕەوانی ئایینە جیاجیاکانی ئێران لە کۆنەوە بێبەش و چەوساوەن. لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەم رەوتە زیاتر بەرەو خراپی چووە، تەنانەت شەڕی خوێناویی تێدا رووی داوە. مەترسیی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە لە ئەگەری قووڵبوونەوەی ئەم کێشەو ململانێیە گرژی و تەنانەت شەڕی ئایینی لە ئێراندا روو بدا کە رادەی زەرەر و زیانەکانی بۆ کەس پێشبینی ناکرێ.

مەترسییەکانی ئەم ململانێیە بۆسەر کوردستان یەکجار جیددیە؛ کورد لە ئێراندا لە دوو گرووپی سەرەکیی شیعە سوننی پێك هاتوە. لە ئوستانی کرماشانەوە بەرەو باکوور بەشی هەرەزۆری دانیشتوانی کوردستان مسوڵمانی سوننین، بەرەو باشووریش بەشی هەرە زۆری مسوڵمانی شیعین. ئەم دوو بەشە لە خانەی نەتەوەییدا یەکن؛ لە بێمافیی نەتەوییدا هاوخەمن و لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی دا هاوخەبات. دیارە کەمایەتیی ئایینیی دیکەی وەك مەسیحی، جوولەکە، ئەهلی حەقیش لە کوردستان دەژین. مەترسیی ئەوە هەیە لە ئەگەری قووڵبوونەوەی ئەو ململانێیەدا زیان بە یەکەیەتیی نەتەوەیی کورد لە ئێرندا بگا. مەترسیی ئەوە لە گۆڕێدا دەبێ کە بزووتنەوەی کورد لە ململانێیەکدا زیانی پێ بگا کە نە لایەنێکە لە ئەو و نە ئەگەر قازانێکی هەبێ قازانجەکە بۆ ئەو دەبێ. مەسەلەی کورد لە ئێراندا لە مێژە وەك مەسەلەیەکی نەتەوەیی و دیموکراتیك لە گۆڕێ دایە. کۆماری ئیسلامی لە مێژە هەوڵدەدا ئەم مەسەلەیە بە پێچەوانەیەوە پێناسە بکا. ئەو کاتەی کێشەی لەگەڵ ئەمریکا هەیە بزووتنەوەی کورد بە دەسکردی ئەمریکاو رۆژئاوا لەقەڵەم دەدا، تا لەگەڵ عێراق لە شەڕ دابوو بە دەسکردی رێژیمی بەعسی لەقەڵەم دەدا و لەم دوییانەشدا رووداوەکانی مەهاباد و چەند شاری دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە دەسکرد و پیلانی عەرەبستان! لەقەڵەمدا.

سەرەنجام. ئەوەی بۆ کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی کورد گرنگە ئەوەیە کە لە سروشتی ئەو ململانێیە ئاگادار بن. مەترسییەکانی کە بریتیین لە پەرەگرتنی دەمارگرژیی ئایینی و بەهێزبوونی رادیکالیزم کاریگەریی خراپیان لەسەر رەوتی دێموکراسی لە ناوچە و لە کوردستاندا هەیە کە تاقە رێگای بەدەستهێنان و دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی کوردە.